# سەرەتایەک بۆ خوێندنەوەیەکی نوێی مێژووی چەپی کوردی(عیراق)

## -بەشی سێیەم-

ئەمجەد شاکەلی

### ئیبراهیم ئەحمەد کێیە و مەبەست لە هێڵ، تاقم، هاوبیر، پێڕەوان، هاوڕێیان و داروەدستەکەی چییە؟

کە مرۆڤ باس لە ئیبراهیم ئەحمەد دەکات، دەسبەجێ بیری بۆ دوو لایەن دەڕوات و کەسێتیی وی لە دوو لایەنەوە دەبینێت. ئیبراهیم ئەحمەدی نووسەر و شاعیر و ڕۆژنامەوان و پارێزەر و، ئیبراهیم ئەحمەدی سیاسیی. کە وەک شاعیر و نووسەر بیری لێ دەکرێتەوە، مرۆڤ کوێرەوەری، ژانی گەل، کەرەلۆتیی مەنووچەر، شیرین بەهارە، ڕۆژنامەی خەبات و گۆڤاری گەلاوێژی وەبیر دێتەوە. کە وەک سیاسییش بیری لێ بکرێتەوە، سکرتێریی پارتیی، دژایەتیی هەمزە عەبدوڵلا، دژایەتیی بارزانی، هەڵاتن بۆ هەمەدان و جاشایەتیی 1966-1970 بۆ حوکوومەتی عیراق و دژایەتیی شۆڕشی کورد و....، وەبیر دێتەوە. وەک نووسەر و شاعیر، ئیبراهیم ئەحمەد ئەو نووسەر و شاعیرە مەزنە نەبووە، وەک پێڕۆیانی گەرەکیانە پێشانی بدەن. ئەو هیچ جۆرە داهێنان و بەدەوکارییەکی زیاتری لە شاعیران و نووسەرانی دیکەی سەردەمی خۆی نەنواندووە و تاقەشتێکی جوان، کە گوتبێتی، شیرین بەهارەکەیەتی و ئەویش دەنگە پرجۆش و خۆشەکەی مامۆستا تاهیر تەوفیق، چێژ و خۆشیی داوەتێ و وەک دەگوترێ بۆ بارزانییش گوتراوە. ژانی گەلەکەیشی زۆر پێدەچێت، کە لە "جاک لەندەن"ەوەی وەرگرتبێت و خەڵکانێکیش هەن لەو بڕوایەدان، کە ڕێک لە فیلمێکی "چارلی چاپلن"ەوە وەرگیراوە. ڕێباز محێدین دەنووسێت:"چیرۆکەکەی ((ژانی گەل))ی برایم ئەحمەد، لە فیلمێکی شارلی شاپلن وەرگیراوە!!...شارلی، قارەمانی فیلمەکە، لە شەقامێکدا ڕێ دەکات، لۆریەکی بارهەڵگر لە تەکیا ڕەت دەبێ. ئەو ئالایەی(هەڵبەتە ئەمە ئالا نییە، بەڵکو پارچەیەکی سوورە لەدارێک دەدرێت بە چەشنی ئالا) بۆ ئاگادارکردنەوەی شوفێران یا ڕێبواران بەسەر بارەکەوە چەقاندویەتی دەکەوێ. شارلی ئالاکە هەڵدەگرێتەوە. لەو چرکەیەدا لەوسەری شەقامەکەوە خۆپیشاندەران بەرەو ئەو شوێنە دێن شارلی لێ وەستاوە و ئالاکە بەرز رادەوەشێنێ بەڵکو شوفێری لۆریەکە ئاگادار بکاتەوە! خۆپیشاندەرانیش کە بەر شاڵاوی پۆلیس دەکەون و ڕادەکەن، دیمەنێکی وا دروست دەکەن وەک ئەوەی شارلی بێئاگا لەوەی لە دواوەی ڕودەدات



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بەخۆو ئاڵاوە سەرکردەی خۆپیشاندانەکە بێ....شارلی بێئاگا لە هیچوخۆڕایی دەستگیر دەکرێت و بە تۆمەتی سەرکردایەتی کردنی خۆپیشاندانەکە راپێچی زیندان دەکرێت...لێرە بە دواوە زنجیرە روداوەکانی زیندان دەستپێدەکەن....ئەمە کۆڵەگە و چەرەگە و دارە رێیانەی شارلی یە کە برایم ئەحمەد رێک هاتووە و روداوەکانی((ژانی گەلی)) لەسەر بنیاتناوە!!"[1]. ئەو فیلمەی چارلی چاپڵن نێوی "سەردەمەنوێیەکان"ە، دوا فیلمی بێدەنگی چاپڵنە و لە ساڵی 1936دا کراوە. ئیبراهیم ئەحمەد لە ڕووی چینایەتییەوە، دەکرێ لە خانەی وردەبۆرژوازیدا دابنرێت و وەک بیروباوەڕی سیاسییش تا ڕادەیەک، خۆ لە خانەی لیبرالیستی هەندەک جار پارێزگار و هەندەک جار بیرازخوازدا دەبینێتەوە، کە پتر مەیلی لای ڕاستی هەیە و دەکرێ بە خۆگەهێن(وصولي) نێونووس بکرێت. ئیبراهیم ئەحمەد لایەنە سیاسییەکەی بە سەریدا زاڵ بووە و پتر وەک سیاسییەک ناسراوە، لێ چ جۆرە سیاسییەک، سیاسییەکی بێڕەنگ و بێبۆن و دۆڕاو  و بوودەڵە و هیچلەبارانەبوو. ئیبراهیم ئەحمەد پیاوێک بووە، حەزی بە خواردنەوە زۆر بووە و زۆریش شەرمن و کەمدوو بووە، هەر بۆیە وەک لەخۆبایی و لووتبەرز وەدی دەکرا. ئیبراهیم ئەحمەد نە وەک نووسەر و شاعیر و نە وەک سیاسی، ئەو پیاوە لێهاتوو و مەزنە نەبووە، کە پێڕەوانی بانگاشەیان بۆ کردووە و دەیکەن. لە کاتێکدا کە ئەو پیاوێکی خوێندووە، لە نێو خەڵکدا بە پێچەوانەی تێڕوانینەکانییەوە، بە هەڵە بە ڕۆشنبیر یا ڕووناکبیر ناسراوە. دوای تێپەڕبوون بە حیزبانی هیوا و ژێکاف و دیموکراتی کوردستانی ئێراندا، لە 1947ەوە بووە بە پارتیی. هەر کە دەبێتە ئەندامی پارتیی، ئیدی کارێکی زۆر لەبەرچاو و ئاشکرای وی، ملانێ و هەوڵی خۆسەپاندن و دەسەڵاتگرتنەدەست دەبێت و بە هەموو شێوەیەک دەیەوێ خۆی و بیروباوەڕەکەی بچەسپێنێت و پارتیی بەرەو ئەو لایە ببات-ئەگەر بە پێچەوانەی بەرژەوەندی هەموو کوردیشەوە بووبێت، کە هەر وایش بووە- کە خۆی دەیەوێت و بەهۆی بێبڕوایی  و بێئایدیایی و گوێنەدانییەوە بە هەموو بەهایەک، سڵی لە هیچ خراپەیەکیش نەکردووەتەوە و ئامادەیش بووە، لە پێناوی بەرزبوونەوەی خۆی و گەیشتن بە ئامانجە تایبەتییەکانی خۆی، هەموو شتێک، تەنانەت حیزبەکەیشی، داتەپێنێت و پێشێل بکات. بە کردەوە و ڕەوشت و هەڵوێستەکانیدا، گرێکوێرەی خۆبەکەمزانین لە کەسایەتیی ئیبراهیم ئەحمەددا زۆر بە ڕوونی وەدی دەکرێت. هەموودەم لە ناخ و ناوەوە و لە دەروونی خۆیدا، ڕقێکی زۆری لە خەڵکانی خۆشەویست و توانا و ژێهاتی و گەلێر بووەتەوە و چاوی بەو جۆرە مرۆڤانە و پێشکەوتن و سەرکەوتنیاندا هەڵنەهاتووە. هەر بۆیەش هەموودەم ئەو هەڵوێستەی بەرانبەر بارزانی نواندووە. ئیبراهیم ئەحمەد هەڵخەڵەتێن و فێڵباز و فریودەر بووە و توخمی خراپەکاری و تێکدان بووە و هەر کە چووەتە نێو پارتییەوە تۆوی ئەو بەدکارییەی لە نێو پارتییدا چاندووە. ئیبراهیم ئەحمەد وەک سیاسییەک هەم درۆزن و هەمیش حیزفرسەت بووە و گۆبڵزییانە "درۆ بکە و هەم درۆ بکە و هەم درۆ بکە تا خەڵک بڕوات پێدەکات" و میکاڤێللییانە "مەبەست پاساوی ئامراز دەدات"، لە سیاسەتی نۆڕیوە. ئیبراهیم ئەحمەد لەو ڕۆژەوەی، کە دەچێتە نێو پارتییەوە، ڕۆڵی کرمی نێو دار دەبینێت و هەموودەم هەوڵی کرمۆڵکردنی داری بزاڤی ڕزگاریخوازیی کورد دەدات و هەموودەم بووەتە هۆی گەلەکۆمەکێ و لەتبوونی پارتیی و ئەو دەردەیشی گواستووەتە نێو پارتییە کوردییەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستانەوە. ئیبراهیم ئەحمەد بە بیروباوەڕەکانی خۆی کۆمەڵە خەڵکێکی لە خۆ نێزیک کردوونەوە، پەروەردەی کردوون و وەدووی خۆی خستوون. لەو کەسانەی کە هەر لە دەستپێکەوە، پێش 14ی تەمموزی 1958، وەک بیروباوەڕ و تێڕوانین لێیەوە نێزیک

---

[1] محێدین، ڕێباز، جاش یا باش، دلانپار، ژمارە 1 ساڵی 1996،ل28-29.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بوون، دەکرێ باسی جەلال تاڵەبانی، عومەر دەبابە و عەلی عەبدوڵڵا بکرێت و ئیدی لەو دەمەوە وەک دەستەیەک دەهاتنە بەرچاو، هەرچەندە عەلی عەبدوڵڵا دواتر لە هێڵی ئیبراهیم ئەحمەد دوورکەوتەوە. پاش 14ی تەممووزی 1958یش بێجگە لەو کەسانە، حیلمی عەلی شەریف، عەلی حەمدی، عەبدڕڕەحمان زەبیحی و عەلی عەسکەری و...وەدووی دەکەون و بە دەستە و تاقمی ئیبراهیم ئەحمەد دەناسرێن، بەڵام کەسێک کە هەر لە سەرەتاوە دەبێتە شاگردی و شوێن ڕێچکە و بیروباوەڕی ئەو دەکەوێت و وەک بەرۆگری وی دێتە بەرچاو و بەردەوامیی و درێژەپێدانی تێڕوانینی وییە، جەلال تاڵەبانییە. لە تەممووزی 1959وە ئیبراهیم ئەحمەد و هاوڕێیەکانی، ئاشکراتر وەک هێڵێک دەردەکەون و دەست بەسەر پارتیدا دەگرن. خەڵکانی سەر بە ڕێبازی ئیبراهیم ئەحمەد-جەلال تاڵەبانی لەو بڕوایەدان، کە چەپی کورد، مەبەستیشیان لە چەپی کورد هێڵی ئیبراهیم ئەحمەد-جەلال تاڵەبانییە، لە نێوان کۆتایی سالانی 1950کان تا سەرەتای سالانی 1970کان، توانی خۆی وەک هێڵێک و بزاڤێک بخاتە بەرچاو و خۆ لە چەپی عیراقی عەرەبی و حیزبە کۆمۆنیستەکەی و ڕاستڕەوانی کوردیش جیا بکاتەوە[2]. ئەوەی لای هەمووان ڕوون و ئاشکرایە، کە حیزبی کۆمۆنیستی عیراق، حیزبێکی تایبەت نەبووە بە چەپی عەرەبی عیراق، بەڵکە حیزبێکی زۆر تێکەڵاو بووە و بە زۆرییش خەڵکانێکی لێ کۆ بووەتەوە و خۆیان تێدا بینیوەتەوە و بە بیروباوەڕ و ئامانج و بەرنامەی قایل بوون، کە چەوساوە و بەشخوراو و ستەمدیدە و کەمینە و ڕووناکبیرانی شۆڕشگێڕ بوون. هەر بۆیە دەبینین، کە شیعە، کورد، فەلە، جوو و سابیئە و...کۆڵەکە و پایە و بنگەی ئەو حیزبە بوون و ئەو حیزبەیان بە نوێنەری ڕاستەقینەی خۆیان زانیوە. ئەگەر ڕەسەن و خۆجیاکردنەوەی چەپی کوردیش ئەو گۆڕانکاری و لەتبوونەی نێوان کۆتایی سالانی 1950کان و سەرەتای سالانی 1970کانی نێو پارتیی دیموکراتیی کوردستان بێت، ئەوا ئەو بۆچوونە گەلێک لە ڕاستییەوە دوورە، چونکە چەپی کورد یا بە دەربڕینێکی باشتر، کەسانێکی کورد، کە خۆیان لە خانەی چەپدا دەبینییەوە، هەر زوو چووبوونە نێو حیزبی کۆمۆنیستی عیراقەوە، هەرچی پاشماوەی چەپێکیشە، کە لە نێو پارتیدا مابووەوە، ئەوا لە ساڵی 1959دا لە پارتیی وەدەرنران و بە یەکجاری پارتیی چەپبژار کرا و چەپ و چەپایەتی لە نێو پارتیدا نەما. لە ساڵی 1964دا، دەستەی ئیبراهیم ئەحمەد-جەلال تاڵەبانی و هاوبیرانیان، خۆ لە بارزانی و پارتیی جودا دەکەنەوە و هەر بە ناوی پارتیی دیموکراتیی کوردستانەوە کار دەکەن. لەو کاتەوە، کە دەچنە هەمەدان و پاشان لە 1966دا، کە دەچنە پاڵ حوکوومەتی عیراق، لە کاتێکدا، کە دەبوو بە تاقمی ئیبراهیم یا ئیبراهیمی بناسرێن، بە تاقمی ئیبراهیم-جەلال و زێتر بە جەلالی لە نێو خەڵکدا ناو دەردەکەن و لە نێو خۆیشیاندا بە پارتیی، حیزب و دەستەی مەکتەبی سیاسی، خۆ دەناسێنن. ناودەرکردنیشیان بە جەلالی، دەگەڕێتەوە بۆ لاوازیی کەسایەتیی ئیبراهیم ئەحمەد[3] و خۆوەپاشگرتنی وی و بزێوی جەلال تاڵەبانی، لێ لە ڕاستیدا جەلالی، هەر پێڕەوانی تێڕوانین و بیری ئیبراهیم ئەحمەدن. ئەو تاقمە لە 1971دا دوای ئەوەی، کە بارزانی لێیان خۆش دەبێت، نێوی

---

[2] شورش،سامي، صفحة من تاريخ اليسار الكردي(العراقي)، الا‌ٴبواب، العدد8-1996،لندن،ص73-85.

[3] لەم سالانەی دواییەدا، ئیبراهیم ئەحمەد، کە نێوی جەلال تاڵەبانی هێنابا، دەیگوت "مام جەلال". جەلال تاڵەبانی خۆیشی، کە نامە بۆ خەڵک دەنووسێت، لەبنەوە دەنووسێ"مام جەلال".هێرۆ ئیبراهیم ئەحمد، کە خێزانی جەلال تاڵەبانییە، ئەویش کە باسی جەلال تاڵەبانی دەکات، هەر دەڵێ "مام جەلال" و دەڵێن، باڤێلی کوڕی جەلال تاڵەبانییش، بە باوکی دەڵێ:"مام جەلال". بۆ خۆیان(ماڵی تاڵەبانی و خەڵکانی سەر بە ڕێبازی جەلالی) وای دەدەنە قەڵەم، کە جەلال تاڵەبانی هەر لە منداڵییەوە نێوی"مام جەلال" بووە و گوایە ئەوە لە خۆشەویستییەوە یا لەبەر ڕۆڵی وەک پێشەنگ و دەمڕاست نێو نراوە، بەڵام ئەوەی من بە بیرم بێت لە 1963دا ئەو نێوەی پێوە نرا و من بۆ خۆم بە دووری نازانم، ئەو نێوەی لە "مام هۆشی(هۆشی مینە)" و "مام ماو (ماوتسی تۆنگ)"ەوە وەرگرتبێت.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

پارتییەکەیان دەگۆڕن و دەیکەن بە پارتیی شۆڕشگێڕی کوردستان و پاشان ئەو پارتییە هەڵدەوەشێننەوە و بەشی هەرەزۆری ئەندامانی دەچنە نێو پارتیی دیموکراتیی کوردستانەوە بە سەرۆکایەتی بارزانی. ئەوانەیان کە دەچنە نێو پارتییەوە بە ئاشکرا دەبنە پارتیی و بە سەرۆکایەتیی بارزانی قایل دەبن، بەڵام لە بنەوە پێوەند و نێزیکایەتیی خۆیان و بیروباوەڕیان دەپارێزن و هەوڵی لەقاڵبدانیشی دەدەن و لە هەمان کاتیشدا هەوڵی بنکۆڵکردن و داتەپاندنی شۆڕش و سەرکردەیەتیی بارزانی دەدەن و شۆخیی بە سەرکردەیەتیی بارزانی دەکەن و زرەخەونی جەلالییانە دەبینن. وەک نموونەیەک دەشێ ئەمە بخەمە بەرچاو: هەرەسی 1975ەو، خەڵکانی نێو شۆڕشی کوردستان سەریان لێ شێواوە و هەریەکەو بیر لە شتێک دەکاتەوە و چەند کەسێک لە نێو خۆیاندا قسان دەکەن و باس لەوە دەکەن، کە چ ڕێگەیەک بگرنە بەر و بۆ کوێ بچن. یەکێک لەوان، کە هەر بە شۆخیکردنی بە بارزانی و بەو شێوە باسکردنی سەرکردەیەتییەکەی و ئەو داخ لە دڵییەی بەرانبەریان، دیارە کە کەونە جەلالییە یا سەر بە کۆمەڵەی مارکسی-لێنینی کوردستانە، کە لە نێو شۆڕشی کورددان. کابرا لە ژێر سەرکردەیی بارزانیدایە و پێشتریش وەک ڕێکخراو ئەوان ئەو واقیعەیان قەبووڵ کردووە. گفتوگۆیەکان بەمجۆرە دەبێت:"-بەرەو کوێ؟.

-من بەش بە حاڵی خۆم بەرەو عیراق دەچم.

-منیش، بۆ ناو حکوومەت... حکووووومەتی نیشتمانییی!

سەلمان بە دەنگی بڵندی بە پێکەنین پاراوکراو ئەوەی گوت و دوایی لە بەردەمی خۆی ڕاما و بۆی زیاد کرد:"ڕەنگە کاک حەسەن دوای(ب.ب) بکەوێ". ئەوجا ڕووی لە حەسەن کرد و یەک چرکە لێی ڕوانی و گوتی"مەبەستم بریژێد باردۆ نییە کاحەسەن! مەبەستم بارەگای بارزانییە"..دوای ئەم گوتەیە، دیسان سەلمان خەیاڵی ڕۆیی:"دەمی خۆمم پێ ناگیرێ...لە دەسەڵاتی خۆمدا نییە...دەمەوێ ئازاریان پێ بگەیەنم. دەمەوێ تۆڵەیان لێ بکەمەوە...ئەم نەفام و نەزان و خێڵەکییانە...هەر وا بە وشکیی دەرچن؟!"[4]. جەلالی پاش 1971 دەبنە چەند دەستەیەکەوە:

1. بەشێکیان بە نێوی کۆمەڵەی مارکسی- لێنینی کوردستانەوە کار دەکەن، کە ڕێکخراوێکی نهێنی دەبێ و هەر لە ساڵی 1970 و پێشترەوە و لە ئەنجامی تێکەڵبوونی سێ دەستە - دیارە ئەمە لێکدانەوە ڕەسمییەکەی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان خۆیەتی- کە جەلال تاڵەبانی، نەوشیروان مستەفا و شەهابی شێخ نووری ڕێبەریەتییان دەکرد[5]، دامەزرێنراوە، لە نێو پارتیدا بە نهێنی کار دەکەن. کۆمەڵەی مارکسی- لێنینی کوردستان، وەک ڕێکخستنێک، لە بەهاری 1970دا دامەزراوە. دامەزراندنیشی بە کارتێکردنی چەند ئەندامێکی"ڕێکخراوی شۆڕشگێڕی حیزبی توودەی ئێران- سازمان انقلابی حزب توده ایران" بوو، کە دەستەیەکی کۆمۆنیستی ماویست بوون و لە حیزبی توودەی ئێرانی ڕەدووکەوتووی سۆڤێت جودابووبوونەوە. وا باوە، کە دوکتۆر هاشمی شیرازی ناوێک(کە بە دوکتۆر جەلال بە ناوبانگ بووە) و بۆ خۆی ساواکی بووە و لە بەکرەجۆ و لەنێو خەڵکدا بە مارکسییەکی ماویست و دژی ڕێژیمی شا دراوەتە ناسین و چەند ئێرانییەکی دیکە، کاریگەرییان لە دامەزراندنی کۆمەڵەدا بووبێت. لە گەلێک سەرچاوەی دیکەدا، لەبری ئەو "دوکتۆر هاشمی شیرازی"یە، نێوی "کورش لاشایی"، دێتە گۆڕێ و گوایە ئەو بووە، کە لە بەغدا بووە و بە نێوی خوازراوی"دوکتۆر جەلال"ەوە هاتوچۆی بەکرەجۆی کردووە. فازیلی مەلا مەحموود، کە ئەودەمی لە سەرانی جەلالی بوو و لەو ئێرانییانەشەوە گەلێک نێزیک بوو، پێیوایە "دوکتۆر جەلال"، "کورش

---

[4] بڕوانە: کاکەوەیس، تەونی جاڵجاڵۆکە، ڕۆمان، سوێد 1998، ڕابوون،ل17-18.

[5] نەجمەدین..، لە سێبەری ..، ل28.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

لاشایی"ە[6]. "کەریمی حیسامی"یش، کە ئەودەم لە بەغدا بوو، "دوکتۆر جەلال" و "کورش لاشایی" بەیەک کەس دادەنێت[7]. کورش لاشایی یا دوکتۆر جەلال، یەکێک بوو لە دامەزرێنەران و سەرانی "ڕێکخراوی شۆڕشگێڕی حیزبی توودەی ئێران- سازمان انقلابی حزب توده ایران "، کە ڕێکخراوێکی شۆڕشگێڕی ستالینستی-ماویستی و دژ بە هێڵی ناشۆڕشگێڕی سۆڤیێت بوو. لە ساڵەکانی 1968دا، کە بزاڤێکی چەکداریی لە لایەن دەستەیەک لە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە، بە ڕێبەرایەتیی سولەیمانی موعینی، ئیسماعیلی شەریفزادە و مەلا ئاوارە و...کە پێوەندێکی بەهێزیان لەگەڵ حیزبی جەلالیدا هەبوو و لە لایەن ئەوانیشەوە، پشتیوانییان لێ دەکرا، لە کوردستانی ئێراندا، بەرپا بوو، ڕێکخراوی شۆڕشگێڕی حیزبی توودە، هەوڵی پێوەندکردنیان بەو بزاڤە چەکدارییە کوردییەوە دا و دەستەیەکیان بە سەرکردەیی لاشایی بۆ ئەو مەبەستە ناردە کوردستان، وەلێ تا لاشایی گەیشتە ئەوێ، ئەو بزاڤە کوردییە، تێدا چوو و کوژایەوە. لاشایی لە 1971دا، بە نیازی سازکردن و بەرپاکردنی بەرگری دژی ڕێژیمی شا، گەڕایەوە ئێران و لەوێ لە لایەن دەسەڵاتداریەتیی ئێرانەوە، دەسگیر کرا. لە کۆتایی پاییزی 1972دا، لە تەلەڤزیۆنی ئێرانەوە دەرکەوت و ڕێکخراوی شۆڕشگێڕی توودە و مارکسیزمی مەحکووم کرد و بانگاشەی ئەوەیشی کرد، کە هەموو جۆرە ڕووبەڕووبوونەوەیەک دژی ڕێژیمی شا، بێسوودە و جەختی لە سەر ئەوە کرد، کە هەر شتێکی ڕێکخراوی شۆڕشگێڕی توودە، لەمەڕ بەرنامەی بیرازکاریی لە ئێراندا گوتوویەتی، هەڵە بووە و کە ئەو خۆی و هاوڕێیانی جڤاکی ئێرانیان بە باشی نەناسیوە و خۆیانی بە چەند ڕەوشەنبیرێکی زیادەڕۆ دایە قەڵەم و پێیوابوو، کە دیموکراسی واقیعی، ڕێژەییە. لاشایی داخوازیی لە هاوڕێیانی کرد، کە بگەڕێنەوە بۆ ئێران و واقیع بە چاوی خۆیان ببینن[8]. ناسراوترین کەسانی کۆمەڵەی مارکسی-لێنینی کوردستان : شەهابی شێخ نووری، حەمەی میرزا سەعیدی مەلا عەباس، جەعفەر عەبدولواحید، فەرەیدوون عەبدولقادر، ئەنوەر زۆراب و ئاوات غەفوور و...، بەڵام بیرۆکەی دامەزراندنی ئەو کۆمەڵەیە لە ساڵی 1969دا چەکەرەی کرد، ئەویش بە سەرپەرشتیکردنی جەلال تاڵەبانی، کە لەو دەمەدا ئیدی وەک ماویستێک خۆی دەناساند و بە نێوی جڤینی ڕەوشەنبیری و پیویستیی دامەزراندنی بناخە و بنەمای ڕێکخراوێکی مارکسی- لێنینی پێشەنگ و پارتیی پێشڕەو، کۆڕ و کۆبوونەوەی بە شاگردانی دەکرد و لە نێوان بەغدا و بەکرەجۆدا هاتوچۆی دەکرد. ئەو شاگردانەی تاڵەبانی، کە بەشداریی ئەو کۆڕ و کۆبوونەوانەیان دەکرد و ئامادە دەکران، بۆ ئەوەی ببنە ڕێبەرانی پێشەنگی ئەو کۆمەڵەیە، نەوشیروان مستەفا، شازاد سائیب، فوئاد قەرەداغی، بەکر حوسەین، ڕەفعەتی مەلا و مەحموودی مەلا عیززەت و...بوون. کە کۆمەڵەش دامەزرا، تاکە کەسێک، کە دەیزانی جەلال تاڵەبانی دامەزرێنەریەتی، شەهابی شێخ نووری بوو. جەلال تاڵەبانی دوای هەڵوەشاندنەوەی حیزبەکەی لە 1971دا و تا ساڵانی 1972 و 1973، کە ئیدی چووە بەیرووت، بۆ خۆی و لە پەناوە هەڵسووڕێنەری کۆمەڵە بوو. لە نێوان 1970-1975دا، شەهابی شێخ نووری، جەعفەر عەبدولواحید، ئەنوەر زۆراب، حەمەی میرزا سەعید، فەرەیدوون عەبدولقادر، ئاوات غەفوور و...ڕێبەرانی کۆمەڵە بوون. پاش شەهیدبوونی شەهابی شێخ نووری و هاوڕێیانی لە 21-11-1976دا، ئیدی شاسوار جەلال(ئارام) ڕۆڵی پەیدا کرد، تا شەهیدبوونی لە 31-1-1978دا، لە گوندی "تەنگیسەر"ی ناوچەی قەرەداغی سلێمانی.

---

6 عەلی..، سۆڤیەت..، ل151.

7 حیسامی، لەبیرەوەریەکانم 1965-1970، بەرگی سێ یەم، ستۆکهۆلم1988، ل182-183.

8 مازیار، شورشیان ارمانخواه ناکامی چپ در ایران، ترجمة مهدی پرتوی، تهران،ققنوس1380، ص91،158.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

2. بەشێکیان کارا و چالاک نابن، بەڵام هەر خەونی ڕووخاندنی بارزانی و زیندووبوونەوەی جەلالی دەبینن و چاوەڕوانی هەل دەکەن.

3. بەشێکیان دەبنە پارتیی و پاراستن و تێکەڵ بە دەسگا و کارگێڕیی پارتیی و هەموو شتێکی دی دەبن. ئەوانەیان کە دەبنە پاراستن و تێکەڵ بە دەسگا و کارگێڕییەکانی پارتیی دەبن، بە هەر مەبەستێک ئەو کارەیان کردبێت و ئەوڕۆ پاساوی بدەنەوە گرنگ نییە، بەڵکە گرنگ ئەوەیە، کە ئەوان لەو دەمەدا بە ئارەزووی خۆیان بووبوونێ و کاریان تێدا کردووە. یەکێک لەو کەسانەی، کە ئەو کارە دەکات، مەحموودی مەلا عیززەت دەبێت، کە ئەندامی لقی چواری سلێمانی و بەڕێوەبەری ئامادەیی بازرگانی دەبێت. وا باوە کە مەحموودی مەلا عیززەت کاری بۆ پاراستن کردووە و پێوەندی بە حەمەڕەحیم(هەڤاڵ جووجەڵە، خاڵەحاجی)ەوە هەبووە. مەحموودی مەلا عیززەت، تا ئەم ساڵانەی دواییەش لەکن دەیان کەس سەدان جوێنی ناشیرینی بە جەلال تاڵەبانی داوە و دژی وی قسەی کردووە. کارکردنی لە ڕێکخراوەکەی تاڵەبانیدا بە ڕاست نەزانیوە، کەچی لەپڕ گەڕایەوە کوردستان و کرا بە سەرنووسەری "کوردستانی نوێ"ی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان. جەلال تاڵەبانی و شازاد سائیبیش پێوەندیان بە پاراستنەوە هەبووە. لە کۆتایی 1972 و سەرەتای 1973دا جەلال تاڵەبانی، لە بارزانی و پارتیی داوا دەکات، بچێتە بەیرووت بۆ تەواکردنی خوێندن و نووسین و هەندێ شتی دیکە. لە بەیرووت ماوەیەک دەمێنێتەوە و ئەوجا داوا دەکات، کار بکات. نوێنەری ئەو کاتەی شۆڕش و پارتیی لە بەیرووت عەزیزی شێخ ڕەزا دەبێت، کە پێوەندی ڕاستەوخۆی بە پاراستنەوە دەبێت. پارتیی بە جەلال تاڵەبانی دەڵێن، ئەگەر ڕازییە لەگەڵ عەزیزی شێخ ڕەزادا کار بکات، ئەوا ڕێگەی دەدەن. چونکە جگە لەوەی کاری دیکەیان نییە، ناشتوانن عەزیزی شێخ ڕەزا لابدەن. لەبەر ئەوە، تاڵەبانی ڕازی دەبێت، وەک یاریدەرێک لەگەڵ عەزیزی شێخ ڕەزادا کار بکات. جەلال تاڵەبانی لەو ماوەیەدا گەلێک ڕاپۆرتی لە سەر باڵەکانی ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستین بۆ سەرکردەیەتیی شۆڕش، دەناردەوە و تا هەرەسی 1975 لەوێ مایەوە. تاڵەبانی جگە لەوەی یاریدەری عەزیزی شێخ ڕەزا بوو، هانی خەڵکیشی زۆر دەدا بۆ چوونە ناو پاراستنەوە. ئەو کاتە ڕێگە بە هەموو کەسێک نەدەدرا، کە بچێتە نێو پاراستنەوە و کاری تێدا بکات. جەلال تاڵەبانی خۆی لە پاراستن کاری دەکرد و مووچەکەشی 200 دینار بوو. 200 دیناری ئەو کات دەیکرد 600 دۆلار. زۆر لەوانەی، کە ئەوسا و ئێستاش سەر بە هێڵی جەلالین و کادر و کارگێڕی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانن، ئەندامی پاراستن بوون و ڕۆڵیان تێدا گێڕاوە و بە سوپاسگوزاریشەوە کاریان تێدا کردووە. شازاد سائیب، کە یەکێکە لە کادرە هەرەپێشکەوتووەکانی جەلالییەتی، ڕاستەوخۆ لەگەڵ شەکیب عەقراوی، کاری دەکرد و لە کادرە هەرەپێشکەوتووەکانی پاراستن بوو[9]. سەربەست بامەڕنی، کە یەکێکە لە جەلالییە هەرەکۆنەکان، گرێدراوی پاراستن بووە. فرەنسۆ هەریری لەبارەی بامەڕنییەوە دەڵێت:"دووای بەیانی 11 ئادار ساڵانی 1971 و 1972 مامجەلال ڕۆژێکیان هاتە لام و یەک دوو کوڕی گەنجی لەگەڵدا بوو، پێی گوتم ئەوانە خوێندەوارن، نووسەرن، کوڕی چاکن، تۆ حەز لە نووسەر دەکەی، حەز دەکەم هەڵسوکەوتی تایبەتییان لەگەڵدا بکەی و ڕێزیان بگری. گەنجەکانیش یەکێکیان سەربەست بامەڕنی بوو لەگەڵ عەبدولرەزاق فەیلی، بە تەواوی نازانم کێی تریش بوو. سەربەست زۆر هاتووچۆی دەکردم، تا وای لێ هات بە تەنیا دەهاتە لام و سەری لە مامجەلالیش نەدەدا، بێگومان مامجەلال زۆری پێ ناخۆش بوو. جارێکیان من و سەربەست چووینە قەسرێ سەردانی کاک ئیدریس و کاک مەسعوودمان کرد، گوتم با سەرێکی مامجەلالیش بدەین، خانووەکەی ئەویش هەر سەت مەترێک دوور بوو لە بارەگاکە، پێی خۆش نەبوو، بەهەر حاڵ

---

[9] هەریری..، بۆ ئەوەی..، ل18، 19، 96-97، 113.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بردم و چووینە لای مامجەلال و نزیکەی چاریەکە سەعاتێک دانیشتین و پاقلاوەشمان خوارد، کە دەرچووین مامجەلال گوتی ئیشێکم پێت هەیە، منی جیا کردەوە گوتی ئاگات لە سەربەست بێ ئەمە جاسووسی بەعسە. منیش پێم گوت هەی سەلامەت بی تۆ هەمووی سێ مانگ نابێ بە منت ناساند و گوتت ئەمە کوڕی چاکە، دڵسۆزە، خوێندەوارە، ڕێزی لێ بگرە، ئێستا لەبەر ئەوەی دوو سێ جار سەری لەمن داوە و نەهاتووەتە لای جەنابت بۆ بووە بە جاسووس؟! من ئەو جاسووسەم قەبووڵە"[10]. لە سەربەست بامەڕنی دەگێڕدرێتەوە، کە هاریکاریی لەگەڵ پاراستندا گەیشتووەتە ئەو ڕادەیەی، لیستی ناوی سەرانی کۆمەڵەی مارکسی- لێنینی کوردستان و تەواوی نهێنییەکانی ئەو ڕێکخراوەی داوەتە پاراستن. بامەڕنی دوای هەرەسی 1975، گەڕایەوە بەغدا و وەک بەڵێندەر کاری دەکرد و لەگەڵ بەعس و حوکوومەتی عیراقدا هاریکار بوو.

4. بەشێکیان هەر بە ناوی پارتیی شۆڕشگێڕی کوردستانەوە دەمێننەوە و بە ئاشکرا دەدەنە پاڵ حوکوومەتی عیراق. کە حیزبی جەلالی هەڵوەشێندرایەوە و چوونە نێو پارتیی دیموکراتیی کوردستان(سەرکردەیەتیی بارزانی)ەوە، دەستەیەک دژی ئەو کارە بوون و بە نێوی "دەستەیەک لە پێشکەوتنخوازانی کورد-لفیف من التقدمیین الا'کراد"ەوە، بلاوکراوەیەکیان دەرکرد. عەبدوسسەتتار تاهیر شەریف(شێخ سەتتار)، مەلا عەبدوڵڵا ئیسماعیل(مەلا ماتۆر)، شێخ لەتیفی قەتەوی، عەبدوڕڕەحمان زەبیحی(عولەما) و شێخ جەببار تاهیر شەریف، کەسانی ناسراوی ئەم دەستەیە بوون. مەلا ماتۆر ساڵی 1974 بە ناوی بزووتنەوەی پێشکەوتنخوازانی کوردەوە، خۆی ناساند. ئەمیش وەک شیخ سەتتار و حیزبەکەی هەر لەگەڵ حوکوومەتدا بوو. شێخ سەتتار، پاش ساڵانێکی زۆر خزمەت بە حوکوومەتی عیراق، هاتەوە کن حیزبە کۆنەکەی –جەلالی- خۆی. جەلال تاڵەبانی بۆ ماوەیەک کردی بە یاوەر و ڕاوێژکاری خۆی و دواتریش لای جەلالییانەوە گەیشتە هەندەران. بێگومان ئەو تاقمانەی، کە بە نێوی کۆمەڵە و شێخ سەتتار و مەلا ماتۆرەوە ناو دەردەکەن، هەموو هەر درێژەپێدانی هێڵەکەی ئیبراهیم ئەحمەد و جەلالین و دەکرێ بە وەچەی دووەمی جەلالی نێونووس بکرێن. لە ساڵی 1975دا و دوای هەرەس، جەلالی شێوەیەکی دیکە وەردەگرن و ڕێکخراوێک بە نێوی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، ساز دەکەن. هەرچەندە خەڵکانێکی نێو بازنەی هێڵی ئیبراهیم ئەحمەد و جەلالی و خەڵکانێکی نێزیکی ئەوان و هی دیکەش هەن پێیانوایە، کە یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان "لە ساڵی1975دا و لە غیابی پارتی و بارزانیدا، بۆ لە نوێ ڕابنیاتنانەوەی سەنگەرە رووخاوەکانی بزووتنەوەی ئەیلول و پڕکردنەوەی بۆشاییە سیاسییە- چەکدارییەکەی پاش هەرەس دروست بوو"[11]، بەڵام من وای نابینم. من پێموایە، دروستبوونی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، دروستبوون و لەدایکبوونێکی نوێی ڕێکخراوێکی نوێ نەبووە، بەڵکە زیندووکردنەوە و گیانبەبەرداکردنەوە و ئاشکراکردنەوە و بنیاتنانەوە و دامەزراندنەوەی ڕێکخراوە جەلالییە کۆنەکە بوو، بە ناوێکی نوێوە. ئەو ڕێکخراوە جەلالییە کۆنەیەی، کە دەبوو هەر لەگەڵ پێکهاتنی 11ی مارسی 1970 ی نێوان حوکوومەتی عیراق و بارزانیدا، ئیدی تاسێنرابا و لەگۆڕ نرابا و زیندەبەچاڵ کرابا و جارێکی دیش سەرانی ئەو ڕێبازە روویان نەهاتبا بێنەوە مەیدانی سیاسەت، ئەو ڕێکخراوە لە 1971دا بە رووکەش هەڵوەشێندرابووە و تێکەڵ بە پارتیی و سەرکردەیەتیی بارزانی بووبووە و لە نێوان 1971-1975یشدا بە ئاشکرا لە کار کەوتبوو، بەڵام لە بنەوە، بە ناوێکی دیکەوە، ، وەلێ بە ناوەڕۆکەکەی جارانییەوە، کاری خۆی دەکرد. دروستبوونی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، ئەنجامی رق و دژایەتی

---

[10] سەرچاوەی پێشوو، ل97.

[11] نەجمەدین..، لە سێبەری ..، ل48.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

و قینێکی خەستی سەرانی هێڵی ئیبراهیم ئەحمەد-جەلال تاڵەبانی بوو لە سەرکردەیەتی بارزانی و ڕەنگدانەوەی دیتن و تێڕوانینی جەلالییان بوو لەمەڕ بارزانی و شۆڕشی کورد و قوڵپی تەقینەوە و دەرگابوونی "گرێکوێرەی ئۆدیپ" بوو، لە دەروون و ناخ و هەناوی جەلالییەتدا[12]. یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان بە پێزانین و ڕەزامەندی و کارئاسانیی سووریا، یا ڕاستتر موخابەراتی سووریا، و لە سووریا دامەزرا. پارە و پووڵ و چاپەمەنیی ئەو حیزبەش، هەر لە موخابەراتی سووریاوە بوو و هەر ئەوانیش کارئاسانی پەڕاندنەوەی چەکیان لە سووریاوە بۆ تورکیا و لە تورکیاوە بۆ کوردستانی عیراق بۆ دەکردن و تا ڕادەیەکیش تورکیا چاوپۆشی لەو جۆرە چالاکییانە دەکرد. نەوشیروان مستەفا، لە بارەی ڕۆڵ و گرنگیی سووریاوە، لە دامەزراندنی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستاندا دەڵێت:"ئەگەر دامەزراندنی یەکیتی و، هەلگیرساندنەوەی شورش دوای ئاشبەتاڵ، بە سەرەوەرییەکی گەورە لە میژوی کوردا حساب بکری، ئەبی لەم سەروەرییەدا کورد بە ریز لی نانەوە چاکەی سوریا، بە تایبەتی هی سەروک حافظ ئەسەدی، لە بەر چاو بی"[13]. ئەم ڕێکخراوە(یەکیەتی) لە شێوەی نیمچە بەرەیەکدا کار دەکات و سێ ڕێکخراو، کە هەموویان هەر جەلالین، دەگرێتە خۆ، کە ئەمانەن:

1. کۆمەڵەی مارکسی- لینینی کوردستان(کە پاشتر بوو بە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)، کۆمەڵەی مارکسی-لێنینی کوردستان لە ساڵی 1978دا ناوی گۆڕدرا بۆ "کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان-عیراق". دواتر عیراقەکەی لێ کرایەوە و پاش ئەوەش هەر بە تەواوی لەبەینبرا و بوو بە مێژوو.

2. بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان، ناسراوترینیان ڕەسووڵ مامەند، عەلی عەسکەری و تاهیر عەلی والی بوون، بەڵام ئەم ڕێکخراوە لە سەرەتادا لە سەر دەستی جەلالییان دانەمەزرێنرابوو، جەلالییان تێدا بوو و خەڵکانی وەک سەیدا ساڵح یووسفی، تاهیر عەلی والی، ڕەسووڵ مامەندیشی تێدا بوون، کە جەلالی نەبوون.

3. هێڵی گشتی یا خەتی پان.

ساڵانێکی دواتر بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان لە یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان جوێ دەبنەوە و خۆ بە نێوی حیزبی سۆسیالیستی کوردستان دەدەنە ناسین، ناسراوترینیان ڕەسووڵ مامەند، دوکتۆر مەحموود عوسمان، تاهیر عەلی والی، سەیید کاکە، مەلا ناسیح، قادر جەباری، قادر عەزیز و دواتریش موحەممەدی حاجی مەحموود و موحەممەد شاکەلی بوون و ئیدی وردەوردە ئەمان لە جەلالییەتی دوور دەکەونەوە، بەڵام لە نێو یەکیەتیشدا وەک بلێیی ئەو بزووتنەوەی سۆسیالیستە هەر مابێ و لەگەڵ واندا بێت، نێوی بزووتنەوەکەی لای خۆیان دەگۆڕن و دەیکەن بە شۆڕشگێڕان، ناسراوترینیان عومەر دەبابە و عەلی حەوێز بوون. کۆمەڵەییەکان نێوی ئەو باڵەی

---

[12]"گرێی ئۆدیپ"، بە گوێرەی لێکدانەوەی سایکۆلۆژیی فرۆیدی، گرێیەکە لە هەموو منداڵێکی نێرینەدا لە تەمەنی نێوان 3-5 ساڵاندا هەیە. منداڵ لەو تەمەنەدا ئارەزووی سێکسیی بەرانبەر دایکی هەیە و خۆشی دەوێ و ڕقی لە باوکی دەبێتەوە و پێیوایە، باوکی دایکی داگیرکردووە و هەوڵدەدات، بە کوشتن و لە نێوبردنی باوکی، دایکی ڕزگار بکات و بۆ خۆی بێت. دیارە دەکرێ منداڵ لەو ترس و ڕق و کومڕەشی(خانەگومانی)یەی بەرانبەر باوکی و ئەو خۆبەستنەوە و یەکجارنێزیکییەیشی لە دایکی ڕزگار بکرێت. چیرۆکەکەش لەوەوە هاتووە، کە "ئۆدیپ"، کوڕی شایەکی وڵاتی یۆنان دەبێت و یەکێک لە ئەستێرەناسان پێشبینی ئەوەی لێ دەکات، کە کاتێک مەزن دەبێت، باوکی خۆی دەکوژێت. باوکیشی، کە شا دەبێت، فەرمانی وەدەرنان و دوورخستنەوە و فڕێدانی "ئۆدیپ" دەدات و "ئۆدیپ" دەهاوێژرێتە چۆڵەوانی. کاتێک "ئۆدیپ" گەورە دەبێت، لە گەشتێکیدا تووشی باوکی دەبێت و یەکدی ناناسن. لەبەر شتێک بەشەڕ دێن و "ئۆدیپ" باوکی خۆی دەکوژێت و پاشان درێژە بە گەشتەکەی دەدات، تا دەگاتە باژێڕەکەی باوکی و شاژنی ئەو باژێڕە، کە دایکی خۆیەتی و بە بێ ئەوەی پێ بزانێت، دەخوازێت و بۆ خۆیشی دەبێتە شا و بەو جۆرە جێگەی باوکی خۆی دەگرێتەوە. جەلالییەتی(جەلالیزم) دەیەویست باوکەکە، کە بارزانی بوو، بکوژێت و نێوی بە یەکجارەکی بسڕێتەوە و بۆ خۆی ببێتە خودانی دایک و بێتە سەر ماڵێ.

[13]ئەمین..، لە کەناری..، ل77.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بزووتنەوەی نێو یەکیەتییان نابوو، "باڵە گۆجەکە". کۆمەڵەی مارکسی- لێنینی کوردستان (پاشتر کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)، چەندین دەستە و تاقمیان لێ جیابووەتەوە. ساڵی 1972 کۆمەڵێک، کە خۆیان بە مارکسی دەزانی، لە کۆمەڵە جویێبوونەوە. ئەمانە پێیانوابوو، کە کۆمەڵە زیاتر نەتەوەییە و گرێدانی جەلالییەتی کۆن و نوێیە پێکەوە. ئەم دەستەیە گۆڤارێکیان بە نێوی "کۆمۆنیست" دەردەکرد و وەک ڕێکخراویش تا ساڵی 1976 مابوون. ئارام، ویستی بیانهێنێتەوە نێو کۆمەڵەوە، لێ وەحدەتولقاعیدە"وحدةالقاعدة"ی حیزبی کۆمۆنیستی عێراق –سەرکردەیەتی نیوەندیی"القیادةالمرکزیة" هەڵیلووشین. ساڵی 1975-1976 "ڕێکخراوی ڕەنجدەران"، لە کۆمەڵە جیابووەوە. ئەم ڕێکخراوە دەیەویست لە یەکیەتیی سەربەخۆ بن و بڕوایان بە خەباتی چەکداری و شاخ هەبوو. هەر زوو "ئیبراهیم خەلیل"ی ڕێبەریان و چەندین ئەندامی دیکەیان تێداچوون. ئیبراهیم خەلیل، کە بە"دوکتۆر ئەحمەد" بەناوبانگ بوو، خەڵکی گوندی "میرزارۆستەم" بوو، لای دووکان. پیاوێکی توانا و شارەزا و لێهاتوو بووە. ئیبراهیم خەلیل، ناکۆکیی لەگەڵ کۆمەڵەدا ئەوە بوو، کە ئەم دەیویست، کۆمەڵە سیاسەتێکی هەبێت، لەگەڵ خەڵکی کوردستاندا نامۆ نەبێت و پێیشیوابوو ناوی کۆمەڵە بەو شێوەیەی، کە هەبوو، واتە: کۆمەڵەی مارکسی- لێنینی کوردستان، بڕێک قورسە و نامۆیە بۆ خەڵکی کوردستان و باشتر وایە، نێوەکەی بگۆڕدرێت بۆ ،کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، کە پاشتریش هەر وای لێهات[14]. لەمەڕ لەنێوچوونی ئیبراهیم خەلیلەوە، باسی ئەوە دەکرێت، کە هەندێک لە سەرانی کۆمەڵەی مارکسی- لێنینی، ئیبراهیم خەلیل، بانگ دەکەنە شوێنێکی دەوروبەری سلێمانی، بۆ گفتوگۆ و ئاشتبوونەوە. ئەویش بە تەنێ دەڕوا و دوای جڤین و قسەکردن، دەستەی کۆمەڵەی مارکسی- لێنینی، وا پێشان دەدەن، کە پێکهاتوون و ئیدی هیچ ناکۆکییەک، لە نێوانیاندا نەماوە و بۆ دڵنیاییش، کە ئیبراهیم خەلیل، بەڕێ دەخەن و ڕەوانەی دەکەن، چەند چەکدارێکی خۆیانی، لەگەڵدا دەنێرن. لە ڕێگە ئەو چەکدارانە، ئیبراهیم خەلیل، بە نێزیکی مۆڵگەیەکی بچووکی لەشکریی عێراقیدا دەبەن و دەڵێن، دەی کوڕینە با بچینە سەر ئەم مۆڵگەیە و لێیاندەین. ئیبراهیم خەلیلیش، وەک دەگێڕنەوە، لاوێکی ئازا و جوامێر بووە و ئەویش، بە لێدانی ئەو مۆڵگەیە، قایل دەبێت. ئیدی کە دەچنە سەر ئەو سەربازانە و تەقە دەست پێ دەکات، ئیبراهیم خەلیل، لەو شەڕەدا دەکوژرێت. وەک باوە، بانگکردنی ئیبراهیم خەلیل، بۆ گفتوگۆ و ناردنی ئەو چەکدارانە لەگەڵی و سازکردنی ئەو شەڕەش لەگەڵ سەربازانی عێراقیدا، هەر هەمووی نەخشەیەک بووە و پێشەکی دانراوە، بۆ لەنێوبردنی ئیبراهیم خەلیل، کە وەک دەگێڕدرێتەوە و پێدەچێت، هەر لە پشتەوە و بە فیشەکی چەکدارەکانی کۆمەڵەی مارکسی- لێنینی یاوەری کوژرابێت، نەک بە دەستی سەربازەکان. پێدەچێت کۆمەڵەی مارکسی- لێنینی، بە هەموو شێوەیەک هەوڵی لە نێوبردنی ئیبراهیم خەلیل و دەستەکەی ئەویان دابێت، ئیدی بە دەستی خۆیان بێت، یا لە ڕێگەی ڕێژیمی بەعسەوە و بە پێکهاتن لەگەڵ ئەواندا بێت، چونکە فرەجاران هەڕەشەی ئەوەیان لێکردوون، کە دەبێ بە دەستی ڕێژیمی بەعس، لەبەین ببرێن[15]. وەک نیشانەیەکیش بۆ ئەوە، دەکرێت گرتنی نێزیکەی 70 کەسێک، لە کادر و خەڵکانی سەر بەو هێڵەی ئیبراهیم خەلیل، لە لایەن ڕێژیمی بەعسەوە، بکرێتە نموونە. دەستەی کۆمەڵەی مارکسی- لێنینی کوردستان، لە کوشتنی چەند کادرێکی دەستەی ڕەنجدەرانی ئیبراهیم خەلیلدا، دەستیان هەبوو. دەکرێ لەو ڕووەوە، نێوی "هیدایەت" و "مەریوان" بهێنرێت، کە کۆمەڵە مارکسی- لێنینییەکان لە نێزیکی

---

[14] محمود، محمد حاجي، رۆژژمێري پێشمەرگەیەك، بەرگي یەكەم 1976-1981، چاپخانە و ئۆفسێتي بشاراني، چاپي یەكەم، سلێماني 1999، ل111.

[15] من بۆ خۆم، ئەو قسەیەم لە کۆنەئەندامێکی ئەو دەستەیە، کە هەر وازی لە سیاسەت هێناوە، بیستووە.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

"ئیمامی زامن" لای زەریاچەی دەربەندیخان کوشتیان و خستنیانەوە نێو ئاوی زەریاچەکەوە[16]. کۆمەڵەی مارکسی-لێنینی و یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، کە بۆ خۆیان لە بەرایی مێژوویاندا، لە ئامێزی ڕێژیمی بەعس و دەسگا سیخوڕییەکانی ئەو ڕێژیمەدا هاتبوونە ژیانەوە و هەردەم گومانی ئەوەیان لێ دەکرا، کە لە نێویاندا، تۆوێکی چێندراوی ڕێژیمی بەعسیان تێدایە، زۆرجاران هەروا لە خۆڕا، بۆ دوورخستنەوە و وەدەرنانی کەسێک یا کەسانێک لە نێو خۆیاندا، بیانووی ئەوەیان دەهێنایەوە، کە ئەو کەسانە ناپاکن و پێوەندیان بە ڕێژیمەوە هەیە و وەها تاوانێک یا هەواڵگەیاندنێکیان کردووە. کە سەرانی کۆمەڵە، شەهابی شێخ نووری و هەڤاڵەکانی دیکەی لە لایەن ڕێژیمی بەعسەوە گیران و پاشان لە سێدارە دران، کۆمەڵەییەکان بۆ خۆیان، تاها باراوی و ئەبووشەهاب(ئیحسان نەجم)یان تاوانبار دەکرد بەوەی، کە هەواڵیان دژی ئەوان بە ڕێژیمی بەغدا گەیاندووە و ئەوان داویانن بە دەستەوە[17]. چەند ساڵێک دوای ئەوانە، دەستەیەک لە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان جوێ دەبنەوە و ئەم دەستەیە، کە وەچەی سێیەم و چوارەمی جەلالین، بە نێوی "ئاڵای شۆڕش"ەوە، خۆ دەدەنە ناسین. ئاڵای شۆڕش، لە نێو خەڵکدا، بە "ئاش" نێوبانگیان دەرچووبوو، ڕێبەرانی ئاڵای شۆڕش، لە سێ کەسان پێکهاتبوون: نەجمەددین عەزیز(سالار)، مەلا بەختیار و فازیل کەریم ئەحمەد(جەعفەر). ئەمان خۆیان جیاوازی و ناکۆکیی خۆیان، لەگەڵ کۆمەڵە و یەکیەتیی نیشتمانیدا، خستبووە چوارچێوەی ئایدیۆلۆژیا و بیرەوە، بەڵام هۆی ڕاستەقینەی جوێبوونەوەی ئەمانە، زۆرتر کەسەکیی بوو و دەیانەویست خۆیان کاربەدەستی یەکەمی ناو کۆمەڵە بن، دوای ئەوەی لە کۆنفرانسی یەکەمی کۆمەڵەدا، ئەو سەرانەیان، دەنگیان نەهێنابوو و دەرنەچووبوون[18]. لە نامەیەکیدا بۆ موحەممەدی حاجی مەحموود، لە 1985/2/3دا و دوای هاتنە دەرەوەی بۆ ئەورووپا و گەڕانەوەی بۆ کوردستان، سالار(نەجمەددین عەزیز)، کە بۆ خۆی لە تەواوی کار و ڕەوتارە نانیشتمانییەکانی جەلالیدا(قۆناخی 66 و کۆمەڵەیی و یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستاندا) بەشدار بووە و یەکێک بووە، لە ئەندامە چالاکەکانیان و ئەویش وەک هاوڕێیانی دیکەی(مەلا بەختیار و جەعفەر)، لایەنگری گفتوگۆ بووە، لەگەڵ بەعسدا و هەرچەندی پێوەندەکانی یەکیەتیی و بەعسیش گرژتر بوو بێت و لە پێکهاتن دوورکەوتبێتنەوە، هێرشی ئەم ئاڵای شۆڕشیانە، بۆ سەر یەکیەتیی و کۆمەڵە توندتر بووە و چالاکییان دژی یەکیەتیی و کۆمەڵە زیاتر بووە[19]، سالار، بۆ ئەوەی خۆی پاک بنوێنێت و وا پێشان بدات، کە ئەوان گەلێک خاوێن و شۆڕشگێڕ بوونە و هەرچی تاوانێک کراوە، یەکیەتیی نیشتمانیی کردوویەتی و ئەمان لەو تاوانانەوە دوورن و یەکیەتییش دیکتاتۆرە و زەبر و توندیی بەکار دەبات و بوونی زیانە بۆ کورد و عیراق، وەها دەنووسێت:"..ئێستا

---

[16] محمود..،ڕۆژژمێری.. ، بەرگی یەکەم 1976-1981، ل 111-113.

[17] سەرچاوەی پێشوو، ل 116-117.

[18] ئەمین..، خولانەوە..، ل96-97. سەرانی ئەم دەستەیە، کە بە حیسابی خۆیان لە کۆمەڵە و یەکیەتیی جوێبووبوونەوە و دژیان بوون، "سالار"یان، لەسەر حیسابی یەکیەتیی و بە پارەی ئەوان و لە فڕگەی بەغداوە و بە نێزیکەی سەدهەزار دۆلارێکەوە، هاتە دەرێ و خۆی گەیاندە سوێد و ئەڵمانیا. (جەعفەر)یشیان، پێش سالار، خۆی گەیاندبووە ئەڵمانیا و تەواوی هەڵسوکەوت و برادەری و دۆستایەتیشی، هەر لەگەڵ خەڵکانی سەربە کۆمەڵە و یەکێتیدا بوو و تەنانەت، بۆ وەرگرتنی پەنابەری و ئەو جۆرە کۆمەکانە، هەر پەنای بۆ نوێنەرانی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان لە ئەورووپا دەبرد. سالار لەگەڵ فازیل کەریم ئەحمەد و سەلام عەبدوڵڵادا، لە ئەوروپا، کتێبی"ئیدی ناکرێ بێدەنگ بین-لم یعد الصمت ممکنا"یان نووسیبوو، تێیدا هەرچی ناشێت بە نەوشیروان مستەفا و جەلال تاڵەبانییان گوتبوو و وانەی"زانستی شۆڕشگێڕی و وڵاتپارێزی و ئاکار و ڕەوشتبەرزی و ئینتەرناسیۆنالیزمی"یان بە خەڵک دەگوتەوە و ناڕەوایی و لایەنە دزێوەکانی، نێو یەکیەتییان ڕز دەکرد. لە فازیل کەریم ئەحمەد، دەگێڕنەوە، کە پاییزی 1987، لە سەردانێکیدا بۆ ستۆکهۆڵم، گوتوویەتی، سەدان نامەی جەلال تاڵەبانی لایە و ئەگەر هۆڵێکی بۆ بگرن، ئامادەیە هەموو ئەو نامانە، بخوێنێتەوە و هەموو ساختەکاری و فڕوفێڵ و تەڵەکەبازییەکانی تاڵەبانی، لەقاودات و باس بکات و حەیا و حورمەتی بۆ نەهێڵێت!.

[19] سەرچاوەی پێشوو، ل97.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئێمە هاتوینەتەوە من و مامۆستا جەعفەر. ئەم ماوەیەی لە دەرەوە بوین ئیشوکاری زۆرمان بۆ سەرخستنی ئەوەی دەمێکە بە تەماین و هەر رێک نەئەکەوت ئێستا کردوە...خۆت ئەزانی طاڵەبانی و نەوشیروان ماوەی چەند ساڵێکە چۆن لە پێناوی گەیشتن بە دیداری(مفاوضة) ئەو هەموو تاوانانەیان کرد و بێ موناسەبە شەریان بە ئێران فرۆشت، هەر بۆ ئەوەی رژێم پێیان بڵێ وطنین و پەلاماری هەموو هێزەکانیاندا تا بۆ رژێمی دەرخەن کە ئەمان ئەتوانن کوردستان (لەدەست درێژی هێزەکانی جودو هێرشی ئێران) بە اصطلاحی خۆیان بپارێزن دوا جار زەلیلانە چونە دەرباری صدام و بە هیچ و بە بەیانی درۆش رازی بون بۆی نەکردن و ئەوە ساڵونیوێکیشە لەسەر ئەمە بەردەوامن و ئاشکرایە چ زەبرێک لە مەسەلەی کوردو بزوتنەوەی شۆرشگێرانە لە عێراقدا. ئێمە پێمان وایە ئەو تاقمە تاقمێکی بێ ئامانن و پەروباڵنەکردنیان بە گەورەترین زەرەر ئەگەرێتەوە و هەمان رووداوەکانی رابوردو دوپات ئەبنەوە. زۆرمان لە برادەرانی کۆمەڵە کە لەدەست زەبروزەنگ و دیکتاتۆریەت و ارهابی سەرانی(ی. ن. ک) پەنایان بۆ ئێران هێناوە بینی...."[20]. سالار و هاورێیانی دیکەی ئاڵای شۆرشی، لە نێو خەڵکدا، بە عیراقچییەتیی نێوبانگیان دەرکردبوو، واتە: پتر خۆیان بە عیراقی دەزانی، نەک بە کوردستانی. جەلال تاڵەبانی، لە نامەیەکیدا، بۆ موحەممەدی حاجی مەحموود، لە 1985/12/2دا، بە هەرچی وشەی دزیو و ناشایستەیە، باسی سەرانی ئاڵای شۆرش دەکات و ئەوان بە خۆشکردنی ئاگری شەری نێوخۆ و تێکدانی شۆرش و یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان تاوانبار دەکات و بە فشەکەر و ترزل و ساختەچی و تەنانەت هەندێک ئاکاری ناپەسەند نێویان دەبات. تاڵەبانی، بە کوردییەک و رێنووسێکی شەقوشڕ و لەنگ، دەنووسێت:"...سالار+جەعفەر+مەلا بەختیار، خۆت باش ئەوانە دەناسی: وەزنو قیمەتی راستەقینەیان باش دەزانی. لە دەوری گێرەشێوێنی و خراپەکانیان شارەزای. دەوریان لە شەری براکوژە دا، لە تێکدانی ی. ن. ک و شورشدا، بەڵام ئەوەی دەمەوی بۆتان بنووسم ئەمەیە:

1. ئەوانە کە خۆیان زور پی زل بوو، خوشیان زۆر فیشالچی و خوهەلکیشن خویان زور بە گەورە دانابوو! ئێمەش زورکەسمان ناردبوە ناویان، لە(هـ.پ.ک)دا. هەرچی دواندبویان و بە ئیمەی گوتبوو، پیمان گوتبوون لەگەلیان برون! تەنانەت مەلا بەختیار، کاک روستەم و کاک وەهاب و کاک حامیدی بە هی خوی دەزانی و لای سەیر بوو کە لەگەل کاک شەوکەت چوون بو گرتنی!!

2. ئەوانە هەندی کادری ترسنوک و بەزیویان لەگەل بوو! هەندی کونەسەرتیپی پاشەلپیس وەک: فەرەیدون(کە پەیوەندی هەیە لەگەل ئیستیخبارات دا. نامەکەت بو دەنیرین- جەمال خواکەرەم لە سەر دزی و ساختەچیەتی براکەی و بەکارهینانی شورش بو راووروت لامان بردبوو جەلالی حەمەی محە-ناردم بە دواییدا لەسەر(منالبازی) بۆ سبەی ترساو هەلات!

---

[20] محمود، محمد حاجی، رۆژمێری پێشمەرگەیەک، بەرگی دووەم 1982-1986، شوێنی چاپی دیار نییە، 1999، ل688. ساڵی 1989، مەسعوود بارزانی، سەردانێکی سوێد و باژێری ستۆکهۆڵمی کرد. ئەو بۆ خۆی وەک مەبەست چەند کەسێکی کوردی بینی و خەڵکانێکی کوردیش سەردانیان کرد. یەکێک لەو کوردانەی، کە چووە دیداری بارزانی، سالار(نەجمەددین عەزیز) بوو. یەکێک لەوانەی، کە ئامادەی ئەو دانیشتنە بووبوو، گێرایەوە و گوتی:"سالار، باسی جەلال تاڵەبانی و یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانی هێنایە گۆڕێ و لە بری یەکیەتیی گوتی جەلالی. مەسعوود بارزانییش پێی دەڵێت: شتێک نییە بە نێوی جەلالی و ئێمە ناڵێین جەلالی، بڵێ یەکیەتیی نیشتمانیی، ئێمە پێکهاتن و رێککەوتنمان لەگەڵیاندا هەیە.. ". سالار، بۆیە بەو شێوەیە لە کن بارزانی قسەی کردووە، تا پتر دوورکەوتنەوەی خۆی لە جەلالی و بە هزری خۆیشی، نێزیکبوونەوەی خۆی لە بارزانی، پێشان بدات.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

لەناو شاریش تاقمیک منالّ و لاوی موتطرفن کە شەیدای ووشەی شیوعیەت و کومونیزم و مارکسیزم لینینیزمن. بی ئەوەی تییان بگەن، بەلام هەمویان بە سالار و مەلابەختیاریشەوە-دەیانەوی حزبیکی کومونیستی عراقی تازە دابمەزرینن، چونکە(حشع)یان پی تحریفیە(ریڤیژینیستە)!! بەلام ئەو تاقمە ساختەچی(کەلەک چین) لای هەریەکە ئەو دەلین کە خویان پی رەپیش دەکەن. لای حشع دەلین دەستی نوین و لە دوا رۆژدا دیینە ناوتان. لای کومەلەی ئیران دەلین باوەرمان بە مارکسیزمی ئینقلابی یە و هەرچی ئیوە دەیلین پشتیوانی لی دەکەین و حشع تحریفیە و روس ئیستعمارە. لای ئیران دەلین(پرچمی انقلابین). لای هەندی دوستی حوکمی عراقی دا دەلین ئیمە عراقین. بو ئاگاداریت مەلابەختیار خاوەنی نظریەک بوو دەیگوت: دەبی هەتا دوایی گفتوگو لەگەل عراق ئیدامە پی دەین، تا دوا چۆری گفتوگو!! بویە ناوی نظریەکەی لای ئیمە(نظریە دواچۆر بوو).

3. کەوا بە سووکوسانایی مەلابەختیار و خولەکەشکول و پشکو گیران و هەندی لایەنگریان چەک کران، پتر ریسوا بوون و حەجمی حەقیقیان دەرکەوت. کە دەرزیەکمان بە بالونە پفدراوەکەیان دا کرد فش بوونەوەو هاتنەوە سەر حەجمی خویان. بەلام هیشتا ماویانە: کەمتر و بچووکتر و سووکتریش دەبن. جاری سەرەتای گلوربوونەوەکەیانە هەتا دەگەنە ناوچالی نەمان وەختیکی دەوی! باوەربکەن لە کومەلەدا لەسەدا پینج کەسیان لەگەل نیە. باوەر بکەن لە(هـ.پ.ک)دا سەدی پینج پیشمەرگەیان لەگەل نیە. باوەر بکەن زور سووناک و ریسواش لەناو خەلکدا. بەلام خوت سالاری فیشالچی و ترزل دەناسی: خوت مەلابەختیاری لەخوبایی و قولی گیراو دەناسی! لەلای(حدکع) و ئیرانیش دەبی درۆی زل و فیشالی گەورە و بوختانی شاخدار بکەن بو گەرم کردنی بازارەکەیان. بە کورتی تاقمیکی گیرەشیوینی سەر لی شیواوی بچووکن. فیکریشیان نوی نیە! هەولی دانانی(حشع)ی نوی، نوێ نیە! بەلام بیریکی چەوتی و بی دوا روژی پووچەلە!"[21]. پاش گرتنی چەند کەسێک، لە سەرانی ئالای شۆڕش و سووکایەتیپێکردنێکی یەکجار زۆری ئەو گیراوانە و پاش ئەوەی، کە دوای ماوەیەک ئازاد دەکرێن، ئیدی ئەمانیش وردەوردە، چەند کەسێکیان لێ دەرچێت، دەگەڕێنەوە ڕیزی حیزبی دایک، واتە: پارتییەکەی جەلال تاڵەبانی، ناسراوترین ئەوانەی، کە گەڕانەوە نێو و کن حیزبی جەلالی، نەجمەددین عەزیز(سالار)، مەلا بەختیار، عیماد سەیفوور، فازیل کەریم ئەحمەد(جەعفەر) و حاجی مەمۆ(کاکەباس، عەبباس موحەممەد حوسەین)ن. گەڕانەوەی خەڵکانێکی وەک مەلا بەختیار، کە ئەوەی ناشێت، لە زیندانەکانی یەکیەتیی نیشتمانییدا پێیکرا، تاڕادەی میزپێداکردن و تف و تێهەڵدان و جنێو و دەیان شتی دیکە، یا گەڕانەوەی سالار و فازیل کەریم ئەحمەد و عیماد ئەحمەد و حاجی مەمۆ، بۆ نێو ڕیزەکانی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، بە لای منەوە کارێکی زۆر سەیر نییە. ئەوەی جەلال تاڵەبانی لە نێزیکەوە دەناسێت، باش دەزانێت، کە هەر کەسێک لەو سەرانەی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، هەڵسوکەوتی لەگەڵ ویدا کردبێت و ڕۆژێک لە ڕۆژان، لە ژێر سەرکردەیەتیی ئەودا بووبێت، گەلێک جاران، لە سەر شتێکی، ڕەنگە زۆر بێبایەخ، یا گوتەیەک، کە بە دڵی ئەو نەبووبێت، یا هەڵوێستێک، کە ڕەنگە لەگەڵ دیتنی ویدا نەگونجابێت، جەلال تاڵەبانی سووکایەتیی پێ کردووە و لە پێش خەڵکی حیزبەکەی خۆیدا، شکاندوویەتییەوە و قسەی ناشیرینیشی پێ گوتووە[22]. ئەوجا لە سەران و ئەندامان و خەڵکانێکی، لەو جۆرە، کە جەلال تاڵەبانی بۆ خۆی

---

[21] سەرچاوەی پێشوو، ل718-722.

[22] کاتێک، کە مەلا بەختیار و هاوڕێیانی، لە بیری جیابوونەوەدا بوون لە یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان و بە تەمای دامەزراندنی ئاڵای شۆڕش(ئاش) بوون، مەلا بەختیار گوتبووی:"من دەچمە وێڵەیەر و هەموو گەنجانی سلێمانی وەدووم دەکەون". جەلال تاڵەبانیش گوتبووی:"مەگەر گونم شوێنت بکەوێ، تۆ هەر ئەو حوکییەی، کە من کردتم بە مەلابەختیار و ئێستاش دەتوانم بەیەک قسە بتکەمەوە بە حوکییەکەی جاران. وێڵەیەر،



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

باشیان دەناسێت و بۆ خۆی دەستەمۆ و کەوی کردوون و فێری گوێڕایەڵی کردوون و بە شێوەیەکی ملکەچانەی سەربازییانە باری هێناون و پەروەردەی کردوون، خەڵکانێکی وا، کە بنەمای تەکینەوەیان لە جەلالییەت، تەنێ هۆی کەسەکیی لە پشتەوە بووبێت و چ جیاوازییەکی ئایدیۆلۆژی و هزری لە نێوانیاندا نەبووبێت و خودانی یەک دیرۆک و یەک پاشخانی هاوبەش بووبن و ئەوان خۆیان لە بازنەی شاگردایەتیی فێرگەی جەلالییەت، وەدەرنەخستبێت و یەک خوێندنەوەیان بۆ هەموو دید و بۆچوونەکان هەبێت، چۆن دەتوانن، لێی یاخی بن و قسە لە قسەی بدەن؟ دیارە ناکرێت و جێگە و ئارامگەی، ئەو جۆرە کەسانە، هەر کەونەهەوارانە و کورد گوتەنی:"سەرگا هەر دۆڵە" یا "سەرچۆپی بدەی بە گامێشێ، هەر بەرەو کادێنی دەکێشێ". گەڕانەوەی ئەوانە بۆ نێو یەکیەتیی نیشتمانی، گەڕانەوەی پارچە و بەش و لەتە بۆ گشت، چونکە ئەوانە، کە لە دەرێی یەکیەتییش بووبن، لە بازنەی هزری و ئایدیۆلۆژی جەلالیزم، هەرگیز وەدەرنەکەوتوون. ئەو بابەتە خەڵکانە سەرباری دەرنەچوونیان لە بازنەی جەلالیزم، هیچ جۆرە بناخە و مەرج و بنەمایەکی سەرکردەیەتی و ڕێبەریەتیشیان تێدا نەبووە و تا ڕادەیەکیش ئەو پلە و پایەیەی لە نێو یەکیەتییشدا هەیانبووە، زیادبووە لێیان و بە شایستەیی خۆیان وەدەستیان نەهێناوە، بەڵکە پێیان بەخشراوە و بۆ خۆیشیان بە لایانەوە سەیر بووە و بڕوایان نەکردووە. موحەممەدی حاجی مەحموود، لە بارەی فازیل کەریم ئەحمەدە، دەڵێت:"مامۆستا جەعفەر کاک(فاضل سید کریم) هاتبو بۆ سەرەوە دوای کارەساتی هەکاری کاک نەوشیروان کردی بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی، مامۆستا جەعفەر ڕۆژێک هات بۆ لای ئێمەو لە 1978/7/15 بە پێکەنینەوە دەیوت ئێستا ئەگەر لە قەرەداغ بزانن من بووم بە ئەندامی م.س لایان سەیر دەبێت من لە گەرمیان پێم دەڵێن جافری کادر ئەمرۆ بوم بە(م.س) و ئیتر لەگەڵ مام جەلال کۆدەبمەوە، من هاتووم بۆ دەورەیەک یا شارەزاییەک وەرگرم بۆ کاری ڕێکخستن یا ئەندامی ناوچەو ئەگەڕێمەوە ئێستا بووم بە(م.س)..خۆشی باوەڕی نەدەکرد"[23]. نەوشیروان مستەفا، کە بۆ خۆی فازیل کەریم ئەحمەدی کردووە بە ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، لەو هەڵبژاردنەی پەشیمانە و بەهەڵەی دەزانێت و لە بارەیەوە دەڵێت:" فاضیل کەریم ئەحمەد، کادر بو لە بەری قەرەداخ، لەوی ناوی لە خوی نابو((ماموستا جەعفەر))، من پیشتر ناسیاویم لەگەلی نەبو. بو کوبونەوەی کادرەکانی کومەلە لە نوکان نامەیەکی دریژی بە عەرەبی بو من نوسی بو. نامەکەی هەندی لیکولینەوە بو لە سەر هەلومەرجی گشتی کوردستان و، هەندیکی پیشنیار بو بو چاککردنی. وەکو هەنگم لە دارا دوزیبی تەوە دلم خوش بو، لە ناو کادرەکان دا کەسیکی وام دوزیوەتەوە ژیرانە بیر بکاتەوە و ، نوسەریکی باش بی. هەر ئەو کاتە لە کوبونەوەکان دا پیشنیارم کرد فاضیل لە ناوەندی دابنین بو کاروباری نوسین. هەندی لەو برادەرانەی ئەیانناسی هاتنە لام وتیان:((پیاوی چاک بە، ئەمە مەهینەرە پیشەوە، ئەم کابرایە بە کەلکی ئەو ئیشە نایەت)). زوریان لەسەر وت. ئەو شتانەی ئەوان لەسەر ئەم باسیان ئەکرد بایی ئەوە نەبو من ژیوان بکاتەوە لەناودیر کردنی. لام وابو بەخیلی پی ئەبەن گەنجیکی تازە پیگەیشتو بە زویی پیش بکەوی، هەرچونی بو زوری هاوریکانم لە

---

یا وێڵەدەر: گوندێکی نێزیکی شاری سلێمانییە. حوکی: بچووککردنەوە و کورتکردنەوەی "حیکمەت"ە، کە نێوی ڕاستیی مەلابەختیارە و نێوی تەواویشی (حیکمەت موحەممەد کەریم)ە. کاتێکیش کە مەلا بەختیار لە کن جەلالییان زیندانیی بوو، جەلال تاڵەبانی، بە خۆفرۆش و بەکرێگیراو و خیانەتکاری نێو دەبرد و چەکدارەکانیشی میزیان بە سەروگوێلاکیدا دەکرد. لەبری "مامۆستا جەعفەر"، کە نازناوی فازیل کەریم ئەحمەدە، جەلال تاڵەبانی و جەلالییان نێوی"مامۆستا جەعکەر"یان لێنابوو. بە "حاجی مەمۆ"یشیان دەگوت: "وەک توێکڵە شووتی کڕاندوومانەتەوە و هیچی پێوە نەماوە".

[23] مەحمود، محمد حاجی، ڕۆژژمێری پێشمەرگەیەک، بەرگی دووەم 1982-1986، شوێنی چاپی دیار نییە، 1999، ل123.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

کوبونەوەکەدا رازی کرد و ، خویشم نامەم بو نوسی بگاتە لای ئیمە بو ئەوەی ئەرکی نوی ی پی بسپیرین. لە قەندیل بوین گەیشتە لامان. پیاویکی بیدەنگ و مون بو. لە چاو زور لە کادرەکانی تردا روشنبیرتر بو، هەندی وتاری لە روژنامە کوردییەکانی بەغدادا بلاو کردبوەوە. بە مامجەلالم ناسان و، وەکو نوینەری کومەلە لای مەکتەبی سیاسی دامان نا، مەسئولییەت لەو زەمانەدا لە قەندیل هیچ دەبدەبەیەکی نەبو، پیاو خوی پیوە هەل بکیشی یا بایی ببی، بەلام دیارە ناوەکە خوی زل بو: ئەندامی ناوەندی کومەلە و ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکیتی نیشتمانی. بە هەنگاوی مامجەلال و عەلی عەسکەری و هەمومانی گرت بوەوە. پیشتر شتی وای بە خویەوە نەدی بو. چاوەروانی شتی وەهاشی نەکردبو، لەبەر ئەوە هەر لەیەکەم روژەوە بە فیز و بایی بونیکی زورەوە لەگەل پیشمەرگەکانی تر رەفتاری ئەکرد. نیوانی لەگەل هیچ کامیان خوش نەبو. پیشمەرگەکانی لە دەوری من بون، هەمویان کادر بون و، هیچیان لەو پچوکتر نەبون، بەلکو هەندیکیان خویان لەو بە تیکوشەرتر و گەورەتر دائەنا، تەنیا لەبەر پلەی لیپرسراوەتی لە کومەلە و یەکیتی دا ریزیان ئەگرت. ماموستا جەعفەر خوی لە قەرەی هیچ کاریکی بارەگەکە نەئەدا، وەکو میوان ئەجولایەوە، روژیکیان لەگەل صە لاح چاوشین دەمیان لە یەک گیرا بو. ماموستا جەعفەر لە پالەوە هەرەشەی لە صە لاح کرد بو، وت بوی:((زور لەسەری بروی هەڵ ئەستم صە للیەیەک کلاشینکوفت پیوە ئەنیم)). صە لاح قسەخوش و، گالتەچی بو، لە کاتی خویدا قسەی بو ئەهات، بە گالتە پی کردنەوە وت بوی:((بەخوا سەیر ئەبی لەم شورشەدا هیشتا تەقەت نەکردوە، یەکەم تەقە لە منی بکەیت؟)). لەم وەلامە قوشقی بوبو دابویە شاخ ویست بوی بروا بە سەد تکا و پارانەوە هینامانەوە. هیچ مەرجیکی سەرکردەی تی دا نەبو. زوری پی نەچو تی گەیشتم لە هەلبژاردنەکەم دا زور بە هەلە چوبوم، بەلام تازە نەئەکرا دەستی پیوە بنیم."[24]. هەرچی مەلابەختیار و سالاریشە، ئەوانیش"(طموح)یان لە توانا و لیوەشاوەیی خویان زور زیاتر بو"[25]. ئەو ڕێکخراوەی، کە نێوی کۆمەڵەی لە خۆ نابوو(کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)، پاشتر هەڵوەشێندرایەوە و لەنێو یەکیەتیی نیشتمانییدا توایەوە. گەلێک کەس پێیانوایە، پەیدابوون و چێبوونی کۆمەڵە و یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانیش، بازدان و گۆڕان و وەرچەرخان و پێشکەوتنێکی گەورە بووە، لە ڕووی بیر و تێڕوانین و پێکهاتنەوە، لە ڕەوتی بزاڤی کوردایەتی و چەپایەتیدا لە کوردستان و بڕوایان وایە، کە ئەمانە خوێنی تازەیان خستەوە بەر کوردایەتی و لە نەبوونەوە ڕێباز و سیمایەکی نوێی شۆڕشگێڕانەیان بە کوردایەتی بەخشی. پشکۆ نەجمەددین، کە بۆ خۆی لەگەڵ یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستاندا و کۆمەڵەیی و ئاڵای شۆڕشیی بووە، دەڵێت "لە دایک بوونی کۆمەڵە، بێ هیچ داشکانێک، وەرچەرخانێکی گرنگ بوو لە ڕەوتی بزووتنەوەی فیکری چەپ، لە نێو بزووتنەوەی فیکری و سیاسی کوردستاندا. کۆمەڵە ڕێکخراوێک بوو لە سەرەتای کەوتنەگەڕ و هەڵسووڕانییەوە و هەتا نێوەڕاستی هەشتاکانیش، جیا لە ڕێکخراوە مارکسیست- لینینیستەکانی دیکەی عێراق، دەیویست تێڕوانین و ڕێبازێکی نوێ لەنێوانی هەردوو خەتی جەلالی و مەلاییدا، لە بزووتنەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردستاندا بخولقێنێت"[26]. من پێموایە کۆمەڵە لەبەر ئەوەی لە پزدانی جەلالییەتەوە ئافرابوو، گۆشکراو و پەروەردەکراوی هەمان فێرگە بوو و لەسەر هەمان هێڵ دەڕۆیشت و درێژەپێدانی جەلالییەتی 66 بوو و گرێکوێرەی دەروونیی ئەمانیش، هەر بارزانی و سەرکردەیەتیی بارزانی بوو. لە سازکردنی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانیشدا، بەشێکی زۆری بنەما هزری و تێگەیشتنەکانی

---

[24] ئەمین..، لە کەناری..، ل323-324.

[25] سەرچاوەی پێشوو، ل252.

[26] نەجمەدین..، لە سێبەری ..، ل28.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

کۆمەڵە، ڕەچاو کرابوو و سوودی لێ وەرگیرابوو و سەربارى ئەوانەش، هێشتا هیچ یەکێک لەو دوو ڕێکخراوە، لە جەلالیزەدەیی و پەتای جەلالییەت و گرێکوێرە دەروونییەکانی جەلالییەت، ڕزگاریان نەبووبوو. سەرانی کۆمەڵە و دواتریش یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، هەر ئەو خەڵکانە بوون، کە لە نێو حیزبە جەلالییەکەدا، هزرڤان و تیۆریزان و سەرانی جەلالییەت بوون و هەرچی خەڵتە و پاشەڕۆکی جەلالییەتیشە لەگەڵ خۆیاندا و بە پۆشاکێکی نوێوە، ئاوەودیوی نێو کۆمەڵە و یەکیەتییان کردەوە و ناوەڕۆک، هەر ئەوەی جاران بوو و تەنێ نێوەکان گۆڕان. لێرەدا نموونەیەک دەهێنمەوە، کە بە بەراورد لەگەڵ جەلالییانی دیکەدا، دنیایەکیان بەین بوو: شاسوار جەلال (دواتر شەهید ئارام)، کە یەکێک بوو لە سەرانی کۆمەڵە و لە جەلالییەتیشدا ڕۆڵێکی لەبەرچاوی هەبوو و لە لایەن زۆرینەی کۆمەڵەییانیشەوە، بە دووربین و هزرڤان و تیۆریزانی کۆمەڵە دادەنرێت و بە بەراورد لەگەڵ جەلالییانی دیکەدا، گەلێک لە خۆبوردوو و دەستپاک و سادە و خاکی و وەڵاتپارێز و شۆڕشگێڕ بوو، لێ لەگەڵ ئەوەشدا، لە شێوەی بیر و بۆچوونیدا لەمەڕ بارزانی و سەرکردەیەتی وی و شۆڕشەکەی، چ جیاوازییەکی لەگەڵ جەلالییانی دیکەدا نییە[27]. شاسوار جەلال(ئارام) تەواوی کار و خەباتی بارزانی دەسڕێتەوە و تێکڕای پێ خراپە و خۆیانی(یەکیەتیی نیشتمانیی و کۆمەڵە)ی پێ هەموو شتێکە و تەواوی ڕاستییەکان لەکن خۆیان دەبینێتەوە. ئەو لەبارەی بارزانی و پارتییەوە دەڵێ:"گەلەکەمان ئەگەر واز لە بیرکردنەوەی کون و رزیو نەهینیت و ئەو ریبازە چەوتەی کە بارزانی ئیستاش نوینەرایەتی ئەکات ریسوا نەکات و ریبازی نوی ی شورشگیرانە نەگریت هەرگیز بەتەمای سەرکەوتن نەبیت و یا خۆی ئامادە بکات ئەوەی تاوناتاویک سەرکردایەتیەک ریبازیکی وەک ئەوەی بارزانی بکەویت و هەر چەند سال جاریک لە هەلدیریک بخریتە خواری و لە ناو ببریت. ئیستاش بارزانی وازی نەهیناوە خوشی نەمینیت هەیە لە دوای ئەو ئالاشرەکەی بەرزەکاتەوە و دوورنیە لەپر ببینی کە پارتیە داروخاوەکەی مەلا زیندو بکریتەوە و چەند گەوجیک و ساویلکەیەک بکەونە دەهول لیدان(بو پیشەوە بارزانی)" و لە بارەی هەڵویستی بارزانی و ڕێبازەکەیەوە دەڵێت:"ئەم هەلویستەی بارزانی...ریبازە و ریبازی چینە کونە پەرستیە لە ناوچەکەدا بە هەموو توانایەوە، ریبازی باوەرنەبونە بە هیزی بی سنوری جەماهیری گەل وە باوەربونە بە هیزی ئیمپریالیزم و

---

[27] کۆتایی مانگی یەکەم و دووەمی 1970، کە لە ساڵی دووەمی خوێندنی زانستگە بووم لە بەغدا، بە هۆی پشووی نیوەی ساڵەوە، گەڕابوومەوە بۆ ماڵی خۆمان لە "شاکەل". وا ڕێککەوت ئەو ڕۆژانەی من لەوێ بووم دوو میوانمان هەبوون. مامۆستا مەجید کەریم ئەحمەد، ڕووناکبیر و نووسەرێکی توانا بوو، ساڵی 1979 لە لایەن ڕێژیمی عیراقەوە شەهید کرا، ئەودەمی لە کۆلیژی پەروەردەی بەغدا، بەشی ئینگلیزی دەیخوێند و لە خانەقینەوە هاتبوو و کاک ئیلهام شیخ فەتتاح، کە لە بەشی ماتماتیکی هەمان کۆلیژ دەیخوێند و لە کەرکووکەوە هاتبوو. کاک ئیلهام، باسی گفتوگۆی پارتیی و سەرکردەیەتیی بارزانی و حوکوومەتی عیراقی بۆ کردین، کە شاندی پارتیی و فلان و فیسار لە بەغدان و بەو زووانە پێکهاتنێک مۆر دەکرێت و ئیدی ئاشتی دەگەڕێتەوە کوردستان. لە یادمە کاک مەجید، هەندێک سەری نایە سەر کاک ئیلهام و گاڵتەی بە قسەکانی هات. ئێمە کە دوای پشوو، گەڕاینەوە بەغدا، لە پیاسەیەکدا لە نێو باخچەی کۆلیژی خۆمان(کۆلیژی کارگێڕی و ئابووری)، من ئەم باسەم لەگەڵ کاک شاسوار جەلال کردەوە و پێم گوت، کە خەڵک چاوەڕێی ڕووداوێکی لەو جۆرەن و ئەوەش کارێکی باش و مزگێنییەکی خۆش دەبێت بۆ خەڵکی کورد. شاسوار جەلال، پێی وابوو، کە ئەوە ڕاست نییە و درۆیە و شتی وا لە گۆڕێ نییە و حوکوومەت هەرگیز لەگەڵ بارزانیدا پێک نایەت و هەرگیز کاری وا لە پشتی سەری ئەوانەوە —واتە حیزبەکەی ئەو(جەلالی)- ناکات و بۆ بارزانی، پشتی ئەوان بەزەویدا نادات و حیزبی بەعس حیزبێکی سۆسیالیستە و وەک بیروباوەڕ لەوانەوە (جەلالی) نێزیکترە تا لە بارزانییەوە و زۆر بە توندی دژی ئەو بۆچوونانە بووەوە. یەک دوو حەفتە پاش ئەوە، ڕێککەوتننامەی 11 مارسی 1970 لە تەلەڤزیۆنی بەغداوە و لە لایەن "ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر"ی سەرۆککۆماری عیراقەوە، خوێندرایەوە. سێ ڕۆژان کرا بە پشوو و زانستگە نەبوو. پاشان کە چوومەوە کۆلیژ، گەڕام و شاسوارم دۆزییەوە و باسەکەم هێنایە گۆڕێ. بەڵام ئەوجارەیان یەک کۆمەڵە پاساو و بەڵگەی دیکەی هێنایەوە و پێیوابوو، کە نەدەبوو وا بووایە و بە پێچەوانەی بیر و بۆچوونەکانی پێشوویەوە وەرامی دەدامەوە. ئەو داهاتوو خوێندنەوەیە و بوونی پێشبینی و بوونی ئەو هەستە سیاسییە تیژتۆڕییە، کە دەبێ لە کن سیاسییانی کارامە و وردبین و شیکار هەبێت، نە ئەوسا و نە ئێستاش، نە لە کن شاسوار جەلال و نە لە کن سیاسییانی دیکەی ئەو دەڤەرەی لەمەڕ ئێمە، وەدی نەدەکرا و ناکرێت.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

داروده‌سته كۆنه‌په‌رسته‌كانی" و كه‌ باسی سه‌ركرده‌یه‌تیی بارزانی ده‌كات، ده‌ڵێت:"سه‌ركردایه‌تی یه‌ عه‌شایه‌ریی یه‌ كۆنه‌په‌رسته‌كه‌.."[28]. ئه‌و نووسینانه‌ی شه‌هید ئارام له‌ ڕووی ڕێنووسه‌وه‌، زۆربه‌یان هه‌ڵه‌ن، ئیدی هه‌ڵه‌ی ئه‌وه‌ یا هی ئه‌وانه‌یه‌، كه‌ چاپیان كردووه‌، به‌ من ساغ ناكرێته‌وه‌، ته‌واوی ئه‌و بۆچوونانه‌ی ئارامیش، گرێدراویی یه‌كیه‌تیی نیشتمانیی و كۆمه‌ڵه‌، به‌ جه‌لالییه‌ته‌وه‌ و درێژه‌پێدانی جه‌لالییه‌ت له‌ یه‌كیه‌تیی و كۆمه‌ڵه‌دا ده‌گه‌یه‌نن. دیاره‌ ئه‌وه‌ شتێكی نوێ و ناڕوون نییه‌، چونكه‌ هه‌ر سه‌رانی كۆمه‌ڵه‌ بوون، له‌ دامه‌زراندنی یه‌كیه‌تیی نیشتمانیی كوردستاندا ڕۆڵیان هه‌بوو. ڕه‌نگه‌ ئارام هه‌وڵی یه‌كخستنی سه‌ركرده‌ و پێشمه‌رگه‌ و مرۆڤی ئاسایی كوردی دابێت و به‌ ژیانێكی سانا و ساكارانه‌ قایل بووبێت و له‌وانی دیكه‌یان پتر له‌ خه‌ڵكه‌كانی خواره‌وه‌ نێزیك بووبێت، به‌ڵام ئه‌و نه‌یتوانی له‌ بازنه‌ی جه‌لالییه‌ت و پاشخانی ئه‌و دیده‌، ده‌رچێت و خۆی لێ  بته‌كێنێت و كه‌وڵی جه‌لالییه‌تی تووڕهه‌ڵدات و بۆ خۆی ناوی خوای لێ بهێنێت و ڕێكخراوێكی نوێ، له‌ سه‌ر بناخه‌ و بنگه‌ی نوێی، ناجه‌لالییانه‌ ساز بكات. ئارام وای نه‌كرد و وا نه‌بوو، لێ ئارام، له‌گه‌ڵ ئه‌وانه‌شیدا، به‌وه‌ی كه‌ مه‌زنترین و به‌هاترین سه‌رمایه‌یه‌ك، كه‌ هه‌یبوو "گیانی خۆی" به‌ وڵات و خاك و گه‌له‌كه‌ی به‌خشی، بوو به‌ نیشانه‌ی خه‌بات و شۆڕشگێڕی و به‌ره‌نگاربوونه‌وه‌، به‌وه‌ش بوو به‌، مایه‌ی شانازی و سه‌ربه‌رزی و له‌بیرنه‌چوونه‌وه‌ی هه‌میشه‌یی. به‌وه‌یش كه‌ ئارام، گیانی خۆی بۆ خاك و گه‌له‌كه‌ی به‌خشیوه‌، نایكاته‌ پێشه‌وا و ڕێبه‌ر و سه‌ركرده‌یه‌كی، كه‌ توانیبێتی و بتوانێت، وه‌ك ڕێبه‌ری هه‌موو كورد ته‌ماشا بكرێت. تاهیری عه‌لی والی به‌گ، كه‌ بۆ خۆی له‌گه‌ل بزووتنه‌وه‌ی سۆسیالیستی كوردستاندا بوو و ئه‌و ده‌می ئه‌و ڕێكخراوه‌یش وه‌ك كۆمه‌ڵه‌ی ماركسی- لێنینی كوردستان، به‌شێك بوو له‌ یه‌كیه‌تیی نیشتمانیی كوردستان، له‌ باره‌ی ئارامه‌وه‌، ده‌ڵێت:" شۆڕشیش پیاوێكی ناسراو و به‌ توانای ناوچه‌یی و جیهانی ده‌وێت، لێره‌ نه‌ ئێمه‌ وه‌كو بزووتنه‌وه‌ ده‌توانین، قه‌ناعه‌تیشم وایه‌ نه‌ كۆمه‌ڵه‌ بتوانی ئه‌و ئه‌ركه‌ بگرێته‌ ئه‌ستۆ و كاك ئارام پیاوێكی له‌سه‌رخۆ و به‌ توانا و خاوه‌ن ئیماكانیه‌تی خۆیه‌تی، به‌ڵام كاك ئارام قیاده‌ی هه‌موو كوردی پێ ناكرێت، ئه‌گه‌ر ناسراوتر نه‌بێت.. "[29].
مه‌حموود عه‌بدوڕڕه‌حمان، كه‌ به‌ خوله‌كه‌شكۆڵ ناسراوه‌ و نازناوی"شێخ عه‌لی"، له‌ خۆی نابوو و كۆمه‌ڵه‌یی بوو، زۆرجاران، زۆر لووتبه‌رزانه‌، قسه‌ی به‌ مه‌لا مسته‌فای بارزانی و پارتیی گوتووه‌[30]، كه‌ ئه‌وه‌ش بۆ خۆی نیشانه‌یه‌كی دیكه‌ی درێژه‌دانه‌ به‌ ئایدیۆلۆژیای جه‌لالیزم، له‌ نێو ئه‌و ڕێكخراوه‌ به‌ ناو نوێیه‌دا، كۆمه‌ڵه‌ی ڕه‌نجده‌رانی كوردستان. كۆمه‌ڵه‌ هیچ جۆره‌ گۆڕانێكی باش و به‌ كه‌ڵكیشی له‌ بواری چه‌پایه‌تی و كوردایه‌تیدا نه‌هێنایه‌ گۆڕێ. ئه‌گه‌ر شتێكی نوێتریشی خستبێته‌ سه‌ر "فه‌رهه‌نگی" جه‌لالییه‌تی، ئه‌وه‌ برێك نوێكاریی بووه‌ له‌ به‌كاربردنی زه‌بر و توند و تیژیدا دژ به‌ ناخۆیان(غه‌یره‌خۆیان). ئه‌وان و ته‌واوی بزاڤی جه‌لالییه‌تی –وه‌ك به‌ڵشه‌ڤیكه‌كان- له‌و بڕوایه‌دا بوون و هه‌ن، كه‌ ئه‌وه‌ی سه‌دله‌سه‌د له‌گه‌ڵیاندا نه‌بێت، نه‌ك دۆستیان نییه‌، به‌ڵكه‌ دوژمنیانه‌. كۆمه‌ڵه‌ییه‌كان ده‌یانه‌ویست ته‌واوی بنه‌ما و ڕه‌سه‌نایه‌تی و به‌هافه‌رهه‌نگی و ئاكارییه‌كانی كۆمه‌ڵگه‌ی كورده‌واری به‌ كونفه‌یه‌كوون"كن  فیكون"ێك بگۆڕن. ئه‌وان هێنده‌ تیژڕۆ و توندڕۆ بوون، كه‌ ئیدی پێكهاته‌ و سه‌رخان و ژێرخانی خه‌ڵكی كوردیان نه‌ده‌خوێنده‌وه‌

---

[28] بنۆڕه‌: هه‌ڵبژارده‌یه‌ك له‌ نووسینه‌كانی شه‌هید ئارام، به‌شی یه‌كه‌م، كۆمه‌ڵه‌ی ڕه‌نجده‌رانی كوردستان-عیراق، چاپخانه‌ی شه‌هید ئیبراهیم عه‌زۆ، كانونی دووه‌م 1980، ل17، 26، 64.

[29] محمود، محمد حاجی، ڕۆژژمێری پێشمه‌رگه‌یه‌ك، به‌رگی یه‌كه‌م 1976-1981، چاپخانه‌ و ئۆفسێتی بێسارانی، 1999سلێمانی، له‌ سوێد له‌ چاپ دراوه‌ته‌وه‌، ل118.

[30] سه‌رچاوه‌ی پێشوو،ل76.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

و به لنگاوقووچی تێیان دەڕوانی[31]. نەوشیروان مستەفا، کە ئیدی لە دوای شەهیدبوونی ئارامەوە، کرا بە سکرتێری کۆمەڵەی ڕەنجدەران و لە سەرانی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانیشە، هەر لەمێژ بوو بڕوای وابوو، کە ئەوانەی داوای پارەیان بۆ یارمەتیی شۆڕش لێ دەکرێت و نایدەن، دەبێ بکوژرێن. برایمی حەمەخۆشە، کەسێک بوو خۆی بە جەلالی دەزانی. نەوشیروان مستەفا، گێچەڵی پێ دەکات و داوای 50 هەزار دیناری لێ دەکات. و ئەویش ئەو هێندە پارەیە نادات. نەوشیروان مستەفا، بڕیاری کوشتنی دەدات و بۆ ئەو مەبەستەش، مستەفاچاوڕەش، عوسمانی قادر منەووەر و نەبەز، دەنێرێتە سەری بۆ ئەوەی بیکوژن. برایمی حەمەخۆشە، لە بری 50 هەزار دینار، 10 هەزار دینارێک دەدات، لێ ئەوان بەوە قایل نابن و لە سەر بڕیاری نەوشیروان مستەفا دەیکوژن. دیار بوو نەوشیروان مستەفا، کێشەیەکی کۆنیشی لەگەڵ ئەو حەمەخۆشەیەدا هەبووە. لە 11ی مارسی 1970دا، نەوشیروان مستەفا، بە هۆی کەسوکاری ئەو پیاوەوە، نارنجۆک دەخاتە نێو خوێندنگەی دواناوەندیی کچانی سلێمانییەوە و دەبێتە هۆی کوشتنی چەند کەسێک. ئەوانەی نارنجۆکەکە فڕێ دەدەنە ئەو جێگەیە، پاش گرتنیان، نێوی نەوشیروان مستەفا دەهێنن، وەک نەخشەدانەر و بڕیاردەری ئەو کارە. نەوشیروان مستەفا، دوای ئەوە هەڵدێت و ماوەیەک لە نێو خزمەکانی خۆیدا لە گوندی "ناوگردان"، خۆی دەشارێتەوە و خەریکی کاری مریشکسازی دەبێت و دواتریش دەچێتە بەغدا و پاشان لە ڕێگەی حوکوومەتی عیراقیشەوە دەچێتە دەرەوەی عیراق و دوایش جارێکی دیکە دێتەوە کوردستان[32]. کوشتنی خەڵک لە لایەن کۆمەڵەیی و یەکیەتییەکانەوە، زۆرجاران هەر بە بێ هۆ بووە. مانگی

---

[31] ساڵی 1980، کە لە وڵات وەدەرکەوتم و بە نێو ئەو گوندانەی کوردستاندا هاتم بەرەو ئێران، لە گوندی" بێتووش"ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، میوانی کوێخا مستەفا ناوێک بووم. ئەو پیاوە زۆر لە ڕەوشت و ڕەوتاری پێشمەرگەکانی سەر بە یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، کە دیارە زۆربەیان کۆمەڵەیی بوون، ناڕازی و بەگلەیی بوو و دەیگوت: ئەوانە نانخۆر و سفرەدڕن و بەو خۆراکەی دەخرێتە بەردەستیان قایل نابن و زۆر لەخۆ ڕازین و زۆرجاران خۆراکەکە وەردەگێڕن و فڕێی دەدەن. بە پێچەوانەی ئەوانەوە پەسنی پێشمەرگەکانی حیزبی کۆمۆنیستی دەدا و باسی ئارامی و هێمنی و شەرمنی ئەوانی دەکرد و بەرانبەر پێشمەرگەی لایەنەکانی دیکەش، چ گازندە و گلەییەکی نەبوو و بۆ خۆیشی، سەر بە هیچ لایەکیان نەبوو. لە گوندی سەرگەڵوو، هەر ئەو دەمە، دۆستێک بۆی گێڕامەوە، کە کۆمەڵەییەکان، کاتێک لە مزگەوتی گونددا نووستوون، شەوێ خواردوویانەتەوە و سبەینێش میزیان بە دیوار و دەوری مزگەوتەکەدا کردووە و دواییش خەڵکی گوندیان خڕ کردووەتەوە و بە تۆبز نێوی چینێکیان، لە هەر چەند دانەیەکیان ناوە و خزاندوویاننە خانەیەکەوە. بۆ نموونە بە هەندێکیان گوتووە، بۆرژوازی گەورە و بە هەندێکیان گوتووە بۆرژوازی بچووک و بە هەندێکیان گوتووە کۆمپرادۆر و بە هەندێکیان گوتووە فیۆداڵ و...دەیان ناوی دیکە. کاک سابیر ڕەسووڵ، ڕەوانی شاد بێت، کە پێشمەرگەیەکی کۆنی شۆڕشی ئەیلوول و لە دوای هەرەسیشەوە، پێشمەرگەی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان بوو و سەر بە کۆمەڵەیش بوو، گێڕایەوە، کە جارێکیان لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەکدا، لە یەکێک لەو گوندانەی کوردستان، بە سەر ماڵاندا دابەش دەبن و ئەو بۆ خۆی بەرپرسی ئەو پێشمەرگانە دەبێت. ئێوارە پارە و پووڵ، وەک کۆمەک و یارمەتی، لە خەڵکی گوند خڕدەکەنەوە. پاشان کە ئیدی تاریک دادێت، ئەو بۆ خۆی، بۆ بەسەرکردنەوەی پێشمەرگەکانی و بزانێت کار و پاسەوانییەکانیان بە باشی ئەنجام دەدەن، دەڕوات بە نێو گونددا دەسووڕێتەوە. کە بە کۆڵانێکی برێک تاریکدا دەڕوات، دەبینێت یەکێک لە پێشمەرگەکان، کابرایەکی وەرزێری گوندیی، لە سووچ و قوژبنێکی پەنا دیوارێکدا، گیر داوە و بە سەریدا دەقیرێنێت و دەنەڕێنێت و هاوار دەکات. ئەمیش گوێیان لێ دەگرێت و دەبیسێت، کابرای پێشمەرگە بە تووڕەییەکی یەکجار بەهێزەوە، لە کابرای وەرزێر دەخوڕێت و پێی دەڵێت، دەی بێنە، دەی دەرکە! کاک سابیر دەڵێت، کە چوومە نێزیکەوە، دیتم ئەو پێشمەرگەیە، "جەمیل ڕەنجبەر"ە، کە بێجگە لەوەی کۆمەڵەیی و خوێندوو بوو، شاعیریش بوو و منیش پێموابوو، شاعیر ناسک و نەرم و ئارامن، لە پێوەندیاندا و کابرای وەرزێریش خۆی گرمووڵە کردبوو و لە ترسدا بە حاڵ نووزەی لێوە دەهات. دەڵێ، کە لە ڕەنجبەرم پرسی، بۆ ئەو بەزمەی سازاندووە و ئەو وەرزێرە چی کردووە، ڕەنجبەر، لە وەڵامدا گوتوویەتی: ئەو کابرایە ئێوارە بە نابەدڵیی پیتاک و کۆمەکی پێ داوین! کاک سابیر دەڵێ، لە ڕەنجبەرم پرسی، کە چۆن دەزانێت، ئەو کابرایە، بە نابەدڵیی ئەو کارەی کردووە، ڕەنجبەریش لە وەڵامدا گوتوویەتی: چۆن نازانم، هەر پێوەی دیار بووە و هەستم پێ کردووە!.

[32] محمود، محمد حاجی، ڕۆژژمێری پێشمەرگەیەک، بەرگی یەکەم 1976-1981، چاپخانە و ئۆفسێتی بێسارانی، 1999سلێمانی، لە سوێد لە چاپ دراوەتەوە، ل52-53.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

سێپتەمبەری 1978، کوڕێکی لاو بە نێوی"ئومێد"، لە دەوروبەری شارباژێڕ، دەچێتە کن موحەممەدی حاجی مەحموود و پێشمەرگەکانی وی و داوایان لێ دەکات بیکەن بە پێشمەرگە. وا پێدەچێت، کوڕە حەزی لە کچێک کردبێت و بۆ ئەوە هاتبێتە دەرەوە، تا بەو هۆیەوە کچەکەی دەستکەوێت. ئەوان وەری ناگرن و کوڕەش دەچێتە کن مستەفا چاوڕەش و ئەوان. ئیدی ئەوانیش بە بێ لێکۆڵینەوە و بەڵگەیەک، بە بیانووی ئەوەی نێردراوە بۆ کوشتنی خەڵکی سەر بە یەکیەتیی، دەیکوژن. وەنەبێت ئەو کارە تەنێ ئەو جارە ڕووی دابێت، بەڵکە زۆرجاران، خەڵکیان بێ بەڵگە و هەروا و لەخۆڕا، بە نێوی ئەوەی نێردراون بۆ کوشتنی مەلا بەختیار یا جەمالی عەلی باپیر یا سیروان تاڵەبانی، کوشتووە[33]. سەکردەیەتیی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و بە تایبەت نەوشیروان مستەفا، هەمیشە هەوڵیان دەدا، ئەو کەسانەی، کە کاریان بۆ کردوون و خەڵکیان بۆ کوشتوون و پێویستیان پێ نەماوە، بیانکوژنەوە. بۆ نموونە کوشتنی کەسێک بە نێوی "وریاسوور". ئەو وانەیە، واتە: کوشتنی خەڵکانێک کە کاریان بۆ کردوون و خەڵکیان بۆ کوشتوون و پێویستییان پێی نەماوە، نەوشیروان مستەفا و کۆمەڵەیی و یەکیەتییەکان، لە بەعس و سەددام حوسەینەوە فێری بووبوون، چونکە ئەوانیش هەمان سیاسەتیان بەکار دەبرد. خەڵکانێکی زۆری کۆنە پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول و ناسراو لە دەڤەری سلێمانیدا، وەک: نووری حەمەعەلی، سددیق ئەفەندی، تالیب ڕۆستەم، عومەر ئاوەکەڵەیی، عەبدوڵلاسوور، کاکەسووری قۆریتانی، مام ئاراس و دە پێشمەرگەی هەڤاڵی، عەزیز حەمەساڵح، ئیسماعیل گەورەدێی، دلێر جاف و سەتتاری سەعید خەڵەف و زۆری دیکەش، هەر لە لایەن کۆمەڵەییەکان و نەوشیروان مستەفاوە، بڕیاری کوشتنیان بە سەردا دراوە و کوژراون[34]. مەلا بەختیار، چەندین جاری دیکە، دەرفەت و هەل دەقۆزێتەوە و هەوڵی کوشتنی بە کۆمەڵی خەڵک دەدات و ئەو دەرفەتانەش بە زۆریی لە کاتی بانگهێشتن و خەوتندا بەکار دەبات، کە بە ڕاستی هیچ ئازایی و جوامێرییەکی، تێدا نییە. یەکێک لەو هەوڵانەی ئەوە دەبێت، کە دەیەوێت بە کۆمەڵ و لە یەک کاتدا، کۆمەڵێک پێشمەرگەی سەر بە پارتیی دیموکراتیی کوردستان(قیادە موەققەتە)، لە گوندی (کانی ژنان)ی ناوچەی (تاوگۆزی)،بکوژێت. لەو گوندەدا، چەکدارەکانی مەلا بەختیار و کۆمەڵە و چەند چەکدارێکی قیادە موەققەتە، کە سەرکردەکەیان عەزیزی حەمەساڵح دەبێت، دەگەنە یەکدی و شەوێ لەو گوندەدا دەمێننەوە. مەلا بەختیار لەگەڵ چەکدارەکانی خۆیدا ڕێک دەکەوێت، لە سەر ئەوەی، لە کاتێکی دیاریکراودا، کاتێک هەموو خەوتوون، و بە دەم گوتنی وشەیەکی نهێنییەوە، کە لە سەری پێک دێن، چەکدارەکانی، دەست لە چەکدارەکانی پارتیی بکەنەوە و هەموویان بکوژن. هەر وایش دەکەن و لە کاتی دیاریکراودا، دەست دەکەن بە تەقە و هەشت کەس لەوانەی پارتیی دەکوژن و یەکێکیان دەمێنێتەوە، ئەویش بە دیل دەگرن[35]. تەنێ نەوشیروان مستەفا نەبوو، کە نەخشەی کوشتنی خەڵکی دادەنا و بڕیاری کوشتنیانی دەدا، بەڵکە خەڵکی دیکەش هەبوون، لەو کارەدا لێزان و شارەزا بوون. مەلا بەختیار، وەک باو بوو، بڕوای بە لەنێوبردنی لەشەکی، واتە: کوشتن و بەس، هەبوو. مەجید هەیبەیی و دەستەی قادری حەمەساڵح، لە کانیی ژنان، پاسەوانەکەی خۆی، کە سەلام ناوێک بوو، خەڵکی خانەقین، ئەمانە هەموو مەلا بەختیار کوشتنی. کە مەلا بەختیار لە ساڵانی1977-1978دا، لە دەڤەری قەرەداغ، بەرپرس و خاوەن دەسەڵات دەبێت، پتر لە 97 کەس، بە بێ دادگایی، لەو دەڤەرەدا،

---

[33] سەرچاوەی پێشوو، ل64-65.

[34] سەرچاوەی پێشوو، ل65.

[35] سەرچاوەی پێشوو، ل175-176.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دەکوژرێن[36]. بێگومان بەرپرسیی ئەوانەش هەر دەکەوێتە ئەستۆی مەلابەختیار. کۆمەڵەییەکان، کە خۆیان بە مارکسیست و شۆڕشگێڕ دەزانی و هەموو جیهانیان بە هەڵە دەزانی و تەنێ خۆیانیان پێ ڕاست بوو، دەبوو هێندە ساکار و ڕەوشتبەرز بووایەن، خەڵک وەک نموونە باسی کردبان و دەبوو منەتی ئەوەی، کە چوونەتە چیا و گوایە شۆڕش دەکەن، بە سەر خەڵکدا نەکەن و وا نەزانن بۆ ئەوان دەجەنگن، لێ ڕێک بە پێچەوانەوە. نەجمەددین عەزیز(سالار)، کە یەکێک بوو لە سەرانی کۆمەڵە، لە گەڕانێکیدا لەگەڵ پێشمەرگەکانیدا، دەچنە گوندی "نەوێ" و ماڵی حەسەن بەگ. خەڵکی گوند، کە هەموو سەرقاڵی کاروباری کشتوکاڵ دەبن، نایانپەرژێتە سەر ئەوەی پێشوازی سالار و چەکدارەکانی بکەن. ئیدی سالار خۆی لێیان تووڕە دەکات و نانیان ناخوات و قسەیان پێ دەڵێت و دەتۆرێت و دەچێتە مزگەوتی گوند و دەڵێ:"بمزانیبا کورد وایە هەرگیز شۆڕشم بۆ نەدەکرد". سالار، جارێکی دیکە، لە دەڤەری شلێر، لە کەسێکی بە نێوی"شاوەیسی مۆریاسی" دابوو. سالار، زۆرجاران بەراوردی خۆی لەگەڵ جەلال تاڵەبانیدا دەکرد و دەیگوت، مادام ئەو لە پێشمەرگە دەدات، منیش بۆم هەیە لە پێشمەرگە بدەم[37]. ئەوان، ئەو مارکسیستە ساختەکارانە، کە تەنێ بۆ پیسکردنی نێوی مارکس، ئەو نێوەیان لە خۆ نابوو، لێدانی پێشمەرگەیان بە مافێکی ڕەوای خۆیان دەزانی!. کۆمەڵەییەکان، دەبوو لە کۆمەڵگەی کورد گەیشتبان و باشیان خوێندبایەوە. ئەوەی دەیەوێ بیروباوەڕی خەڵک، بیراز بکات و بگۆڕێ، گەرەکە ڕەوش و باری ژیانی جڤاکی و دەروونی ئەوان تێخوێنێتەوە و بگۆڕێت. بێهوودەییە داخوازی شتێک، کە تێیناگەن، لە خەڵک بکرێت و گۆڕینی بیروباوەڕی خەڵکیش، بە زۆرەملێ نابێت، بەڵکە دوور لە تۆبز و زۆرکاری و بە نەرم و نیانی و گوێڕادێران بۆ خەڵک و ڕێزلێگرتنی بۆچوون و دیتنەکانیان و پێشاندانی بەتەنگەوەهاتن و سۆز و ڕاستگۆیی دەبێت[38]. بێجگە لە تێکدان و داڕووخاندنی پێکهاتەی جڤاکی کوردستان، من بۆ خۆم هەر درووستبوون و دامەزران و سازبوونی ڕێکخراوگەلێکی وەک، کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانی عیراق و کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران –کە هەر بە کاریگەریی جەلال تاڵەبانی سازکرا - و...دەمکوتانیان لە بیروباوەڕی چەپ و بانگاشەکردنیان بە باس و خواسی چەپایەتی، بە دەستێوەردانێکی دەرەکی و بە مەبەست دەبینم، بۆ لێدان و لاوازکردن و ئیفلیجکردن و لەباربردنی بزاڤە چەپە شۆڕشگێڕ و ڕاستینەکانی دیکە و شێواندنی واتای چەپ و چەواشەکردنی خەڵکی شۆڕشگێڕ. ئەوەی کە ئەورۆ پێڕۆی بیروباوەڕی ئیبراهیم ئەحمەد و جەلالییە و درێژەپێدانی ئەوانە و وەک ڕێکخستن لە ئارادایە، یەکیەتیی نیشتمانیی

---

[36] سەرچاوەی پێشوو، ل65-66.

[37] سەرچاوەی پێشوو، ل73-74.

[38] سالانێک، کە حیزبی کۆمۆنیستی عیراق "سەرکردەیەتیی نێوەندی-القیادة المرکزیة"، گەلێک چووبووە پێشێ و خەڵکانێکی زۆری لەگەڵ بوون و لە نێو جەماوەردا، گەلێک گەلێر و خۆشەویست بوو، لە خوارووی عیراق و لە نێو جەماوەری شیعەدا، ڕێکخراوێک یا هێڵێکیان، بە نێوی هێڵی حوسەین "خط الحسین" یا لایەنگران(پشتیوانان)ی حوسەین"خط أنصار الحسین"، هەبوو. ئەو ڕێکخراوە لەگەڵ شیعەدا شیعە بوو، بەوەش مەیلی شیعەی بە لای خۆدا ڕاکێشابوو. من بۆ خۆم لە یادمە، لە ساڵی 1970-1971، کە لە سێیەم ساڵی زانستگە بووم لە بەغدا، لە نێزیک بەشە ناوخۆییەکەمان، کە لە مەیدانی شەهیدان"ساحة الشهداء" بوو، چایخانەیەکی گەورەی لێبوو، شەوانی دە ڕۆژی یەکەمی مانگی موحەڕڕەم، دەبووە جێگەی خوێندنەوەی چیرۆکی شۆڕشەکەی ئیمام حوسەین و جەنگی کەربەلا و کوشتنی بنەماڵەی ئیمام عەلی و گریان و لەخۆدان و خەمبارین. هەزاران خەڵک دەهاتنە ئەوێ و گوێیان دەدایە ئەو خوێندنەوەیە و شینیان دەگێڕا. ئێمەش کە خوێندکار بووین دەچووین و بەشداریمان دەکرد. ئەوەی کە چیرۆکەکەی دەخوێندەوە و دەلاوایەوە و خەڵکەکەی جۆش دەدا و شینەکەی گەرم دەکرد، فازیل ڕەشید(فاضل رشید) بوو، کە فازیل ڕادوود(فاضل رادود)یشیان پێ دەگوت. ئەو کابرایە کۆمۆنیست بوو و جاروبار دەقی مارکسییانە و کۆمۆنیستانەشی تێکەڵ بە دەقە ئایینییەکان دەکرد. هێندەش جوان و خۆشی دەخوێند و دەلاوایەوە و کاریگەریی هەبوو، تەواوی ئەو خەڵکەی دەهەژاند و دەخستە کۆڕی شین و شەپۆڕەوە.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

کوردستانه به پلەی یەکەم و پارتیی شۆڕشگێڕی کوردستانە، کە لەگەڵ حوکوومەتی عیراقدایە. گەڕانەوەی خەڵکانی وەک شێخ سەتتار و شێخ لەتیفی قەتەوی و...بۆ نێو حیزبی جەلالی و دەستپاراستنی ڕێکخراوی هەڵۆی سووری سەر بە جەلالی لە بەغدا، لە لێدانی کەسانی وەک شێخ سەتتار و شێخ لەتیف و خەڵکانی دیکەی کۆنەجەلالی و دەستوەشاندنیان لە خەڵکانی ناجەلالی، وەک عوسمان فائیق و هەوڵی کوشتنی عەزیز عەقراوی، هەموو نیشانەی ئەوەن، کە ئەو پارتییەی شێخ سەتتار و ئەو کۆنەجەلالییانەی بەغدا، کە هەر چەندە بە ئاشکرا سەر بە حوکوومەتی بەعس بوون و هەن، هەر لە بازنەی جەلالییەتدان و دڵیان"هەر ئەو دڵەی جارانە  ئێستاکەش دەناڵێنێ...". ئەمەی کە باسکرا تەنێ باشووری کوردستان دەگرێتەوە، بەلام پێڕۆیانی ئیبراهیم ئەحمەد و جەلالی لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیش هەن. ئێستاش لە نێو کوردی ڕۆژهەلات و باکووری کوردستاندا تاکەتاکەیەکی وا هەن، کە هێشتا وەک جەلالییانی باشووری کوردستان، گەرمەتەریقەتن و ئیبراهیم ئەحمەد بە فەیلەسووف و جەلال تاڵەبانی بە شۆڕشگێڕ دەزانن. جوێبوونەوەی هەندێ باڵ یا کەس و خەڵکێک –هەندەک جار- لە یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان و بانگاشەی جیاوازیی بیر و بۆچوون، هەرگیز بنەما و زەمینەیەکی ئایدیۆلۆژی ڕاستەقینەی نەبووە، بەڵکە پتر سەرچاوەی جیاوازیی کەسەکی و نەگونجان لەگەڵ یەکدیدا و قەبووڵنەکردنی ئەوی دی و شەڕی دەسەلات بووە. هیچ یەکێک لەوان ڕەفزی ڕێباز و دیتن و بنەمابیرییەکانی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانیی نەکردووە و ناکات، بەڵکە ئەو یا ئەوان دژی فلانەکەس و فلانەسەری یەکیەتین و ئەگەر ئەو فلانەسەرە و فلانەکەسە نەمێنێت، ئەوا ئەو یا ئەوان، دەچنەوە نێو یەکیەتیی، هەر بۆیەش دەبینین چۆن، خەڵکانی کۆمەڵە و ئالای شۆڕش و شێخ سەتتارییان، بەرەبەرە گەڕانەوە نێو یەکیەتیی و هەموویشیان بە سەرۆکایەتی جەلال تاڵەبانی، ڕازین و کۆڵێکیش خۆشحاڵن. پێڕۆیانی ئیبراهیم ئەحمەد، زۆرجاران بانگاشەی چەپایەتییان کردووە و خۆیان لە کۆمۆنیستان پێ کۆمۆنیستتر بووە. بێگومان تەواوی خەڵکانی سەر بەو ڕێبازە، لەو بڕوایەدان و وا بیر دەکەنەوە، بەلام خەڵکانی مارکسی و چەپ و کۆمۆنیست، هەرگیز نە ئیبراهیم ئەحمەد و نە جەلال تاڵەبانی و نە پێڕۆیان و هاوبیران و هاوڕێیانیان و نە هەرچی لق و پۆ و وەچەی دووەم و سێیەم و چوارەم و چەندەمی ئەوانیشە و نە بیروباوەڕەکانیشیان، بە سۆسیالیست و چەپ و مارکسی و کۆمۆنیست، نەزانیوە، بەڵکە تەنێ بە بازرگانی چەپایەتی و مارکسایەتی و سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم زانیوە. دیارە ئەمە وەک ڕێکخستن و دەستە و تاقم، دەنا وەک تاک، ڕەنگە خەڵکانێکی زۆری نێو ئەو ڕێکخراوانەیان، خۆیان لە خانەی چەپ و مارکسایەتیدا دانابێت و ڕەنگە هەر واش بووبن، بێگومان ئەوەش بۆ هەموو کەس ڕەوایە. ئەگەر سالانی جاشایەتی 1966-1970 بە سەردەمی گەشەکردنی بزاڤی جەلالییەتی، لە ڕووی تیۆری و بیروباوەڕەوە، بە سالانی ڕەسین و پێگەیشتنی جەلالییەتی دابنرێن، لە ڕووی بیری مارکسایەتییەوە، وەک سامی شۆڕش بۆی دەچێت، ئەوا لە بانگاشە و درۆیەکی شاخدار پتر هیچی دیکە نییە. ئەوەی تۆزێک بە هۆش بیر بکاتەوە و ویژدانی خۆی بکاتە دادوەر، ئەوا زۆر باش ئەوەی بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە ئەو سالانەی وا سامی شۆڕش شانازییان پێوە دەکات، لە سالانی ڕەسین و گەشەکردنی فەلسەفە و بیری جاشایەتی "جاشیزم" زێتر هیچی دیکە نەبوون، چونکە لەو سالانەدا بوو، کە ئیدی جاشایەتی فەرهەنگێندرا و خرایە چوارچێوەی ئایدیۆلۆژیاوە و تیۆری بۆ ساز کرا. ئایا هۆشگیرە، مارکسایەتی و ماویستی، لە پەنا و پاڵی حوکوومەتی بەعسی عیراقدا برەسێت و گەشە بکات، لە کاتێکدا کە ئەو حوکوومەتە خەڵکانی مارکسی و ماویستان و گیڤاریستان و چەپی ڕاستەقینە – کۆمۆنیستانی سەرکردەیەتی نێوەندیی (القيادةالمركزية)ی قڕان و بنبڕ دەکرد؟ من هیچ ناڵێم، پێمخۆشە سامی شۆڕش، بۆ خۆی بیرێک لەو ڕابوردووە شەرمهێنەر و قێزەوەنە بکاتەوە و پاساوی تاوانی سەرانی ئەو ڕێبازە



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

نەداتەوە. پێڕۆیانی ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی(جەلالی) و کۆمەڵەییەکان، لە بەغدای پێتەختی بەعسدا و بە بەرچاوی تەواوی دەسگا جاسووسی و سیخوڕییەکانی بەعسەوە و لە کاتێکدا، کە خەڵکی دیکە لە سەر بڵاوکراوەیەکی زۆر ساکار و سانا، کە هەر بیانزانیبا بۆنی چەپ و مارکسایەتیی ڕاستەقینەی لێ دێت، هەڵدەواسران و لەتوپەت دەکران، کتێبی ماویستی و مارکسایەتییان چاپ و بڵاو دەکردەوە. کتێبفرۆشیی "بیری نوێ"ی پڕ بە ئەدەبییاتی مارکسایەتییان لە ناوەندیی بەغدایێ دانابوو و دەیانمارکسان و دەیانماواند و هەر لەو سەردەمەشدا بوو، کە کتێبی سوور"چەپکێک لە وتەکانی ماوتسی تۆنگ"یان چاپکرد و لەفەن تەورات و ئینجیل و قورئان، بۆ ڕاکێشانی لاوانی کورد بەرەو جەلالییەتی، خۆڕەنگگردن بە بۆیەی مارکسی- لێنینی و خۆهەڵواسین بە چەپدا، بۆ پتر خۆدوورخستنەوە لە پارتیی و سازکردنی –بە قسەی خۆیان- حیزبی جیاواز و "پێشڕەو و پێشەنگ" بەکار دەبرد. بە قسەی نەوشیروان مستەفا، کتێبی"چەپکێک لە وتەکانی ماوتسی تۆنگ"، کە بە کتێبی سوور، نێوی دەرکردبوو، نەوشیروان مستەفا و ئیبراهیم ئەحمەد، لە سەرەتای 1970کاندا و دوای هەڵوەشاندنەوەی حیزبی جەلالی، کاتێک لە قەسرێ، لە بارەگای بارزانی، دەبن، دەیکەنە کوردی. کتێبی"بژی سەرکەوتنی جەنگی گەل"ی "لین پیاو"یش، هەر نەوشیروان مستەفا کردوویە بە کوردی[39]. ئەگەر ئەوە بۆ خۆی جاشایەتی و جاسووسی و خۆفرۆشی و دووڕوویی جەلالییان نەبێت، دەبێ چی بێت؟ سەرانی ئەو ڕێبازە و چەکدارانی وان لەو سەردەمەی، کە سامی شۆڕش بە گەشەکردن و ڕەسینی مارکسایەتی دادەنێت، بووبوونە دەست و پێ و چاوی بەعس، بۆ کوشتنی پێشمەرگەی کوردستان و وێرانکردنی گوندان و بەدەستەوەدانی خەڵکانی شۆڕشگێڕ و چەپی ڕاستەقینە –سەرکردەیەتیی نێوەندیی- بە دەست بەعسەوە. عومەر دەبابە، کە لە سەرانی جەلالی بوو، لەو ساڵانەدا 1966-1970 چاو و گوێ و دەستی بەعس بوو بۆ بۆمبارانی گوندەکانی کوردستان و ڕاونانی پێشمەرگە و بەدەستەوەدانی شۆڕشگێڕانی نێو شار. دەبابە ببووە شارەزای فڕۆکان، گوندانی دۆستی شۆڕشی بۆ دەستنیشان دەکردن. حوکوومەتی بەعس – هەژاری موکریانی گوتەنی- ناوی لێ نابوو"الا‌ٔخ عمر البطل"، برا عومەری قارەمان[40]. هەزاران کەس-بە خۆیشمەوە- بە چاوی خۆیان جەلال تاڵەبانییان دیتووە، کە وەپێش پتر لە سێسەد چوارسەد چەکدار کەوتووە و لە کەلارەوە بە دەشتی شاکەل و شێروانەدا، ڕێگەی گرتووەتە بەر، بۆ شەڕ-ئەوان خۆیان بە غەزایان دادەنا-ی پێشمەرگە، لە هەردەی زەنگنە. ئەم هێڵی جەلالییە، لە ڕووی بیروباوەڕەوە هەرچەندە دەیان گۆڕانی بەسەردا هاتووە و هەر جارەو بەرگێکی پۆشیوە، شۆڕشگێڕی، مارکسایەتی، ماویستی، سۆسیالیستی، ئیسلامی، عیراقچێتی، کوردستانچێتی، نەتەوەیی، لیبرالیستی و سۆسیال دیموکراتیەتی و...، بۆ خۆ هەڵبژاردووە و بانگاشەی پێوە کردووە، بەڵام لە ناوەڕۆکدا هەر یەک شت بووە، ئەویش ئیبراهیم ئەحمەدی-جەلالی. لەم ساڵانەی دواییەدا یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، چەمکی "کوردایەتیی نوێ" و "کوردایەتییەکی بە فەلسەفەی سۆسیال دیموکرات زاخاودراو"، هێناوەتە گۆڕێ و پێیوایە ئەو کوردایەتییە، لەگەڵ "کوردایەتیی خێڵەکی" و "کوردایەتیی تێرۆریستانە"دا، هەردەم لە ململانێی هزریدایە و لە ئەنجامیشدا بە سەریاندا زاڵ دەبێت. ساڵی 1992یش جەلال تاڵەبانی بانگەوازێکی بڵاو کردەوە بۆ ئەوەی خەڵکانی "چەپ" بگەڕێنەوە، نێو یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، خەڵکانی چەپیش بە ڕای ئەو، کۆنەجەلالییان و پێڕۆیانی ئەو هێڵەن. پاش ماوەیەکی زۆرکەم، نەجمەددین عەزیز(سالار)، گوتارێکی لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێدا بڵاو کردەوە و دەستخۆشیی لە تاڵەبانی کرد و خۆشحاڵیی خۆی، لەو بانگەوازە دەربڕی و

---

[39] ئەمین..، لەکەناری..،ل359.

[40] هەروەها بنۆڕە: الحاج، عزیز، حدث بین النهرین، الجزءالأول، باریس 1994، ص107.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

یەکیەتیی نیشتمانیی، بە سۆسیال دیموکرات، دایە قەڵەم و سۆسیال دیموکراتیشی، بە چەپ و چەپی ڕاستەقینە دانا. سالار، کە تا پێش ئەو کاتە، مارکسییەکی دووئاتەشە بوو، سۆسیال دیموکراتی هەلپەرست و لادەر و کوڕی ڕۆژ- کە بە وشە سۆسیالیستن و بە کردار سەرمایەدار- و لەگەڵ خەڵکانی دز و پارەخۆر و ئەوانەدا یەک دەگرنەوە، لێ بووبوو بە چەپی ڕاستەقینە.

# بەراوردێک لە نێوان بارزانی و هێڵی ئیبراهیم ئەحمەددا

ناکرێت بارزانی و بارزانییایەتی(بارزانیزم)، وەک نیشانە و ڕێبەر و تێڕوانین و بیروباوەڕی، تەنێ پارتیی دیموکراتیی کوردستان، وەک حیزبێک، دابنرێت، چونکە ئەو ڕێبازە، تەنێ موڵکی ئەو حیزبە نەبووە و نییە، بەڵکە ژێدەر و سەرچاوەیەکی گرنگی هزر و سرووشی کوردایەتیی بووە، بۆ هەموو کورد و تەواوی کوردستان، لێ ئەگەر پارتیی دیموکراتیی کوردستان، بارزانی و بارزانییایەتی(بارزانیزم)ی، بە نیشانە و ڕێبەر و تێڕوانین و بیروباوەڕی خۆی دانابێت و تەنێ خۆی بە بەرۆکری سەدلەسەدی ئەو ئایدیۆلۆژیا و هزرە زانیبێت و بزانێت، ئەوا هەرگیز نەیتوانیوە، نوێنەرێکی تەواوی ئەو ڕێبازە بێت و تەواوی ڕەگەز و مەرجەکانی ئەو ڕێبازەیشی لە خۆدا هەڵنەگرتووە و وەئەنجام نەگەیاندووە، هەرچەندی بۆ خۆیشی بانگاشەی ئەوەی کردبێت و بکات. بەڵام ئەگەر بارزانی نیشانە و ڕێبەر و بارزانییایەتی (بارزانیزم)یش، تێڕوانین و ئایدیۆلۆژیای پارتیی بووبن، ئەوا ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی، نیشانە و ڕێبەری هێڵی ئیبراهیم-جەلال بوونە و جەلالیەتی(جەلالیزم)یش، تێڕوانین و بیروباوەڕی وان و تاقمەکەیانە. جەلالیەتی(جەلالیزم)یش، کە سەدلەسەد بیری ئیبراهیم ئەحمەد-جەلال تاڵەبانییە، ڕێک بە باڵای تەواوی پێڕۆیانی ئەو هێڵە، براوە و تایبەتە بە وان. لە نێوان ئەو دوو جۆرە تێڕوانین و بیرکردنەوەیەدا، جیاوازییەکی زۆر هەبووە و هەیە. جیاوازییەکان بێجگە لەوەی لە کەسەکاندان، بە پلەیەکی سەرەکی، لە تەواوی لایەنەکانی دیکەی ژیانیشدا، وەک سیاسەت، ڕەوتار، کردار، گوتار، هەڵوێست، دید و هەموو لایەنەکانی دیکەدا، گەلێک خویان و دەبینرێن. جەرجیس فەتحوڵڵا، یەکێکە لەو کەسانەی، کە ساڵانێکی زۆر، لە نێزیکەوە، لەگەڵ بارزانیدا بووە، و زۆر باشی ناسیوە و لە هەرەشارەزایانی مەسەلەی کورد و خۆرهەڵاتی ناڤینیشە، بەم شێوەیە، کەسایەتیی مەلا مستەفای بارزانی، هەڵدەسەنگێنێت و بە خوێنەری دەناسێنێت:"بیری زۆر تیژ و بەهێز بوو..پیاوێ بوو، یارمەتی لە ڕاست و چەپ وەردەگرت. پیاوی کار بوو، لە هەموو دەوڵەتەکان یارمەتی وەردەگرت. هەر لە ئیسرایل و ئێرانەوە تا یەکێتی سۆڤیەت... لە برایم ئەحمەد زیاتر شارەزای باری سایکۆلۆژیی عەرەب بوو، چاکی دەناسین، برایم ئەحمەد لەبەر ڕۆشنایی دەقی نێو پەرتووکەکاندا هەنگاوی دەنا..لەوە دەچێ، مەلا مستەفا ئۆرگانی هەستی شەشەمی بەهێز بووبێ..ڕووسییەکی دەزانی، تەنانەت هێندێ ڕووس شەرمیان لێ دەکرد.. ماوەی دوازدە ساڵی ژیانی لە ڕووسیا هەروا بە خۆڕایی بەسەر نەبردووە و ڕووسی خوێندووە..وەکوو من و تۆ نەبوو، دابنیشێ و لە چوارچێوەی قاڵبێکی دیاریکراودا بیری خۆی دابڕێژێ..مەلا مستەفا هەرگیز سەرۆکی هۆزی بارزان نەبووە. بەڵکوو یەکێ بوو لە بارزانییەکان...وەک یەکێ لە پچووکترین جوتیارەکانی بارزان وا بوو..مرۆڤێ بوو، لە ڕێگای هێزەوە یا بە دەستی ئانقەست بەو شوێنە نەگەیشتبوو. بەڵکوو بە شێوەیەکی سروشتی بووبوو بە سەرۆک..ستراتیژیی بوو، لە سەرکردە زۆر چاکەکان بوو. هەروەها تاکتیکیش بوو. دەیزانی چۆن کەڵک لە هەل وەردەگرێ. ڕۆژێ لە ڕۆژان سەرکردایەتی



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

جەنگێ لە جەنگەکانی لەسەر زەوی نەکردووە، بێ ئەوەی سەرنەکەوێ. مەلا مستەفا بوو بە ڕۆشناییەک و ڕووناکییەک، تیشکێ، ڕێگای خەبات پیشانی پێشڕەوێکی دیکە دەدا..هوشیاریی نەتەوەیی زۆر گەشەی سەندبوو..پیاوێ بوو، هەموو پۆلیتیکی خۆرهەلاتی نێوەندی تاقی کردبۆوە، لەو بارەیەشەوە، کەڵکی لە هەنگاو و ئەزموونەکانی خۆی وەرگرتبوو. لەبەر ئەوە، هێندێ هەڵوێستی وەردەگرت، بۆ من و تۆ و هێندێ ڕووناکبیری دیکەش وا دەردەکەوت، هەڵوێستێکی سەیر و نانەتەوەیی یە، بەلام لە ڕاستیدا، هەمووی لە باری ئالۆزی پڕ لە گرێوگۆڵی ڕیالیزمانەی{ڕیالیستانەی-شاکەلی} پۆلیتیکی خۆرهەلاتی نێوەڕاستەوە هەڵی دەهێنجا. لە هەموو ژیانی خۆمدا، کەسی دیکەی وەکوو مەلا مستەفام نەدیوە، بەو شێوەیە پێشوازی لە خەڵک بکا و وەک یەک ڕێزی گەورە و گچکە بگرێ. هەرکەسێ بچووایەتە دانیشتنەکانییەوە، یەکسەر وەکوو زەنبەلەک لەبەری هەڵدەستا..لەو کاتانەدا کە تووڕەیان نەدەکرد، یا تووڕە نەبوو، دەکرایەوە و زۆر ڕووخۆش بوو، پاکترین و باشترین کەس بوو...زۆر حەزی لە نوکتە دەکرد. نوکتەشی دەزانی. توانایەکەی سەیری هەبوو، هێندێ جار، کاتێ بیویستایە، یا بیزانیایە دانیشتنەکە خۆن و چەند کەسانێکی پاک و ڕێکوپێکی لێیە و لەو کەسانە دڵنیا دەبوو، خەسڵەتە سەروەریی و سەرۆکییەکەی لە خۆی دادەمالی و وەک مرۆڤێکی سادە و ساکاری لێ دەهات، لاسایی هێندێ خەڵکی دەکردەوە و دانیشتنەکەی گەرم دەکرد. هەر ئەوەش بوو، بارزانییە جەنگاوەرەکانی وا لێ کردبوو، هۆگری ببن و لە پێناوی مەلا مستەفادا ئامادەبن، قوربانی بە هەموو شتێ بدەن و لەژێر فەرمانیدا بجەنگن. قسەی مەلا مستەفا هەرگیز ڕەت نەدەکرایەوە، زۆر حەزی لە ڕاستگۆیی و ئازایی دەکرد، ڕێزی ئەو کەسانەی دەگرت، کە بە ڕاشکاویی قسەیان دەکرد، گوێی لە خەڵکی دەگرت"[41]. بارزانی خۆشەویستی خەڵکی کورد و شارەزایەکی تەواوی کایەسیاسییەکانی دەوروبەر و نێودەوڵەتییش بوو، بۆ خۆی مێژوویەک بوو، لە تێکۆشان و خەباتی بێپسانەوە و بەوەش مێژووی بۆ کورد چێ کردووە. ئەو یەکێک بووە لە گەورەترین سەرکردەکانی کورد، لە سەدەی بیستەمدا. لە نێو خەڵکی کوردستانیشدا، لە هەموو سەرکردەکانی دیکە، پتر پشتیوانی لێ کراوە و خەڵکی لەگەڵ بووە و لە هەموویان زۆرتریش سەرکردەیەتی بزاڤی کوردی کردووە و لە هەموویان زیاتریش لە سیاسەتی ناوەوەی عیراق و لە سیاسەتی کوردیی دەوڵەتانی ناوچەیی ئێران و تورکیا و دەوڵەتانی گەورە: بریتانیا، یەکێتی سۆڤییێت، ئەمەریکادا ڕۆڵی هەبووە[42]. هەژاری موکریانی، کە زۆر لە نێزیکەوە لەگەڵ بارزانیدا بووە، لەبارەی ئەوەوە دەڵێت:"زۆر جار گوتومە، بڕوای تەواوم وابو: هەر کەسێکی زۆر بەغیرەتیش، هەر دڕندەیەکی وەک شێر و پڵنگیش، هەرگا هەست بە خەتەری مەرگ دەکا، جۆرێک ترسی، جا با زۆر کەمیش بێ دای دەگرێ. کێ یە لە بەرانبەر مردندا هیچ نەبێ کەمێک تێک نەچێ؟ خوا لە هەمو ئافەریدەیەک دا کەم یا زۆر ترسێکی داناوە. بەلام مەلایکەی ترس بەدەست، مەلا مستەفای لەبیر چوە، ترس بەلای ئەودا نەهاتبو. لەوەتاغی دیوەخانی بەغدا، لەناو دۆست و ئاشنایان دا چەند روگەش و خاترجەم بو، لە جەنگەی گولله و ئاگربارانْدا هەر ئەو پیاوە بو! نە رەنگی دەگۆڕا، نە قسەی تێکەڵ دەبون، نەوەیدەزانی مێشێکیشی لەدەورەیە. بەڵێ بەهۆی بەخێوکرانی لە کۆمەڵگای شێخانی بارزاندا لە خودا دەترسا، لە ئابڕونەمان و ناوزڕان دەترسا، بەلام لە مەرگ و دوژمن؟ هەرگیز. هەر ئەوم دیت گاڵتەی بە مردن بێت. ئازایەتی و نەترسانەکەی لەو هەمو ساڵانەی رابردوی و لەو هەمو شەڕانەدا کە کردبوی، وەک ئەفسانەیەکی خەیاڵی لێ هاتبو. کە ئەو مابەینە لە نزیکەوە دەگەڵی بوم، بڕوام هێنا کە هێشتا کەس نەیتوانیوە و کەسیش ناتوانێ ئازایەتی و نەترسانی مستەفا

---

[41] عەزیز.، خولانەوە.، ل37، 66، 77، 87، 89، 90، 93، 94، 95، 97، 98.

[42] ئەمین.،پەنجەکان..،ل36.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بارزانی وەک هەیە، دەیەکیشی پەی پێ بەرێ و بزانێ باسی بکا"[43]. ئەو کەسانەی کە خاوەن بڕوان و ڕاستەڕێگەیەکیان گرتووەتەبەر و لەگەڵ خۆیان و خەڵکی دیکەدا ڕاستگۆن، وەک سروشت، ئازا و مێرخاسیشن. شەوکەتی مەلا سمایل، لەبارەی ئایینداری و ئازایی بارزانییەوە دەڵێت:"زۆر بە ئیمان بوو، هەمیشە نوێژی دەکرد، چەندەها جار لە کاتی نوێژدا بووە کە فڕۆکە دەهاتە سەرمان بۆ بۆردومان، جارێک لە جاران نەمدی نوێژەکەی ببڕێ لەبەر بۆمباران ...لە مانگی ڕەمەزانی پیرۆزیشدا هەردەم بە ڕۆژو دەبوو و قورئانی پیرۆزی دەخوێندەوە، بە تەفسیرەوە"[44]. ئەبولحەسەنی تەفرەشیان، کە ئەفسەرێکی فارس بووە و بە بیروباوەڕیش توودەیی بووە، دوای شکانی "پیشەوەری" ، چووەتە لای مەلا مستەفای بارزانی و لەگەڵ وی بووە و دژی لەشکری ئێران جەنگاوە، لە بارەی بارزانییەوە دەڵێت:"مەلا مستەفا هەرچەندە، خوێندنی تەواو نەکردووە، بەڵام پیاوێکی تێگەیشتووە. ئەو زمانی فارسی و عەرەبی چاک دەزانێت و بە تورکییش دەپەیڤێت. لەیادمە، کە چاوم بەو کەوت، ئەو لە نێوان خەڵکەکەی خۆیدا، وەک پەیامبەرێک ڕاوەستابوو و فیشەکی بە سەردا دەبەشینەوە. کە منی بینی، بەرەو ڕووم هات و گوتی: من پیشەوەری نیم و پەناهیانیش نیم، لە کاتی ئاشتیدا سەرلەشکر بم و لە کاتی جەنگیشدا، هەڵێم و لە باکۆوە سەردەرکەم. من خۆمم و ئەم تفەنگەم، نۆکەری هیچ هێزێک و هیچ حوکوومەتێک نیم، نە ئینگلیز، نە ئەمەریکا و نە ڕووس، من تەنێ نۆکەری هۆزی بارزان و نۆکەری نەتەوەکەی خۆمم. بارزانی لەگەڵ هەڤاڵەکانیدا، لە سەر یەک خوان دادەنیشت و نانی دەخوارد. لەگەڵ ئەواندا دەچووە جەنگ و لە سەنگەردا لەگەڵیان دەنووست. بارزانی، هەموو بارزانییەکان خۆشیان دەویست. هەر ئەوەندە بەس بوو، کە مەلا سواری ئەسپ بووایە، ئیدی دەسبەجێ پێنجسەد سواری چەکدار، بە بێ ئەوەی بزانن یا بپرسن، وەدووی دەکەوتن. بارزانی زەوی زۆر چاک دەناسی و شارەزای بوو و زۆر باشیش سوودی لە بەرزی و نزمی و تۆپۆگراف و جۆری زەوییەکە وەردەگرت و ڕەوتاری لەگەڵدا دەکرد و بڕیاری لە سەر کارەکان دەدا. ئێمە کە بە حیساب خوێندوو و لێزانی ئەو کارانە بووین، ئەگەر زۆر چاک بڕیاریشمان بدایە، ئەوجا هەر وەک ئەوەی ئەو دەبوو. دوای گرتنی قازی موحەممەد، سەرهەنگ غەفاری، کە نوێنەری حوکوومەتی ئێران بوو، لە یەکێک لە هاتوچۆکانیدا بۆ باژێڕی شنۆ، لەگەڵ ئێمەدا قسەی کرد و پێی گوتین، کە باشتر وایە، خۆمان بدەینە دەستی حوکوومەتی ئێرانەوە، و ئەو گفتوگۆیە لەبەردەم مەلا مستەفادا ڕووی دا. ئێمەش داوای پاراستن و گەرەنتیمان کرد بۆ ئەو کارە، و گوتمان دەبێ لە ڕادیۆی تارانەوە و بە ئاشکرا، ئەو باسە پەخش بکرێتەوە. سەرهەنگ غەفاری، لە وەڵامی ئێمەدا گوتی: دەی باشە، پاشماوەی باسەکە لای مەلا مستەفایە، کە لە تاران بەڵێنی بەدەستەوەدانی ئێوەی داوە. مەلا مستەفا زۆر تووڕە بوو، و بە توندی وەڵامی سەرهەنگ غەفاری دایەوە و گوتی: بۆ درۆ دەکەیت؟ من بە تۆم گوت، لەبری ئەم شەش لاوە، هەژدە کەس لە کوڕانی خۆمانت دەدەمێ. ئەمە شەرم و شوورەییە بۆ هۆزی بارزان، شەش لاو بگرێت و بیانداتە دەست ئێوەوە"[45].

تەفرەشیان، لە کتێبی، ڕابوونی ئەفسەرانی خوراسان(قیام افسران خراسان)، بیرەوەرییەکانیەتی، لەمەڕ ئازایی و قارەمانیی بارزانییانەوە، دەڵێت:"هەشت بارزانی لە دێی(سینگان) هەمو سوارەی مەنگور و مامەشیان ڕاونا، بە دە کەسان گوردانێکی سێسەدکەسی کە جگە لە سوکەچەکان دو تۆپی گەورە، چوار ڕەشاش، شەش تۆپی هاوەنیان پێ

---

[43] هەژار،، چێشتی،، ل400.

[44] حسن، شوکت اسماعیل، ڕەنج نامە، ئەڵمانیا 2000، ل37.

[45] روحانی، بابامردوخ(شیوا)، تاریخ مشاهیر کرد، بخش دوم، جلد سوم، امرا و خاندانها، سروش، تهران 1371، ل540-541.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بو، به خروپری بەدیل گرت و سەرگورد کلاشی فەرماندەکە بریندار یش ببو خۆی کوشت"[46]. ژەنەراڵ رەزمارا (رزمارا)، کە یەکێک بووە لە سەرانی لەشکریی ئێران، لە یەکێک لە گوتەکانیدا، لەمەڕ ئازایەتی و جوامێری بارزانییانەوە دەڵێت:"ئەگەر پەنجا هەزار لە پیاوانی بارزانیم هەبووایە، دەستم بە سەر ڕۆژهەلاتی ناڤیندا دەگرت"[47]. لە سەردەمی دروستبوونی کۆماری مەهاباددا و لە کاتی ڕووخان و تێکچوونیشیدا، ئەگەر هێزێک توانیبێتی بەرەنگاری لەشکری ئێران ببێتەوە و ئێرانی تۆقاندبێت، ئەوە هێزی بارزانی و بارزانییان بووە. ڕەزمارای سەرلەشکری ئێران، لە وەلامدانەوەی هەندێک ڕۆژنامە و ڕاگەیاندنی ئێرانیدا، کە پێدەچێت ڕەخنەیان لێ گرتبێت، لەمەڕ ئازایەتی و جەنگاوەری بارزانی و بارزانییانەوە دەڵێت:"ئەوانەی لەپشت میز دادەنیشن و دیشلەمە هەڵدەلوشن نازانن((بارزانی)) چ جانەوەرێکن. هەتا ئەمڕۆ لە تەمەنی ئەرتەشی ئێراندا ئێمە قەت تووشی جەنگاوەری بەمجۆرە دلێر نەبووین!"[48]. بارزانی هیچ کاتێک خۆی لە جەنگاوەرەکانی جودا نەکردووەتەوە و ڕێک وەک هەریەکێکی ئەوان خۆی پێشانداوە. ئەو دەمەی، کە بارزانییەکان گەیشتبوونە مەهاباد و هاتبوونە هانای کۆماری مەهابادەوە، غەنی بلووریان، کە لە کۆمەڵەی لاوانی کورددا ئەندام دەبێت، باسی چۆنیەتیی دیتنی بارزانی دەکات و دەڵێت:"لە روو بە رووی ((مەحکەمەی قازی)) لەپاڵ چەپەرەکانی دم چۆمی شار تووشی کۆمەڵێک بارزانی چەکدار بووین، کە پاڵیان بە چەپەرەکانەوە دابوو، و خەریک بوون نان و پەنیرو کشمیش یان دەخوارد. ئەوان هاتبوون بۆ مەهاباد تا چاویان بە ((قازی)) بکەوێ. کاتێک ئێمە لێیان نزیک بووینەوە، دیتمان تێکرا جل و بەرگ و پێلاوی یەک شکلیان دەبەر دایەو رەخت و فیشەک و تفەنگی وەک یەکیان پێ یەو بەم چەشنە دیار نەبوو کام لەو بارزانی یانە مەلا مستەفایە. ئێمە بۆ ئەوەی((مستەفا بارزانی)) بناسین لەچەند کەس لەو چەکدارە ئاغابانووە سوورانەمان پرسی کامەتان مەلا مستەفان، بەلام ئەوان وەلامیان نەدانیەوەو تەنانەت قسەشیان لەگەڵ نەکردین. ماوەیەک دەبارزانییەکان رامایم و بەدڵ تەماشامان دەکردن و جەنگاوەری و لەخۆبردوویی و پیاوەتی ئەوانمان هەڵدەسەنگاندو ئافەرینمان بۆ دەناردن و زۆریشمان حەز دەکرد ((مستەفا بارزانی)) ئەو ئینسانە شۆڕشگێڕە ناسراوە بە چاوی خۆمان ببینین. لەو حاڵ و هەوایەدا بووین کە حاجی((مستەفای داودی)) کە مرۆڤێکی ماقولی شاری مەهاباد بوو لە کۆلانی ((مەحکەمەی قازی))یەوە شۆڕ بۆوەو هاتە لای بارزانییەکان و گوتی:((من لە لای جەنابی قازی یەوە هاتووم و کارم بە سەرۆک بارزانی یەو دەمەوێ پەیامی قازی پێڕابگەیەنم.)) لە ناکاو لەنێو ریزی بارزانی یەکاندا مرۆڤێکی لێهاتووی رەنگ پیاو هەستا سەرپێ و لە حاجی مستەفا نزیک بۆوەو دەستی لە دەستی ناو بە ئیحتیرامەوە لەبەرامبەریدا راوەستا. ئێمە لێیان نزیک بووینەوەو زانیمان ئەو چەکدارە مێزەر سوورە بارزانی یە.."[49]. دوای ڕووخانی کۆماری مەهاباد، بارزانییەکان بە ڕێبەریەتیی مستەفا بارزانی ڕوو دەکەنە سۆڤییێت، لێ ئەو ڕۆیشتنەیان بۆ سۆڤییێت، کارێکی هاسان نابێت و سەختییەکی یەکجار زۆر دەبینن و تووشی ناخۆشی و دژوارییەکی زۆر دەبن. ئەو ڕۆیشتنە و پەڕینەوەیان لە ئاوی ئاراس، هەر بۆ خۆی داستانێکە لە قارەمانیەتی و تا ڕادەیەک لە ئەفسانە دەچێت. غەنی بلووریان، ئەو ڕێپێوانەی بارزانییان لەگەڵ ڕێپێوانە بەناوبانگەکەی "ماو تسیتۆنگ"ی قارەمانی چیندا بەراورد دەکات و

---

[46] بدلیسی، شەرەفخانی، شەرەفنامە، هەژار، کردوویە بە کوردی، چاپخانەی جەواهیری، تاران،1981. هەژاری موکریانی، لە ژێر سەردێڕی(بە سەر چڵی: ژینامەی هەژاری وەرگێڕ)دا بەشێکی خستووەتە سەر کتێبی شەرەفنامە، ل846.

[47] روحانی..، تاریخ..،پخش دوم، جلد سوم، ل 539.

[48] بلوریان..، ئاڵەکۆک..، ل49.

[49] سەرچاوەی پێشوو.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دەڵێت:"بارزانییەکانیش وەک مائوستەتونگ و هاوڕێیەکانی کوێرەوەریان بەسەر هات. ئەوانیش چیاو دەشت و بەندەنەکانی کوردستانیان وەک((چین)) بڕی و هێزی نەیاری دوژمن و چەکداری بەکرێگیراوی عەشایری و فڕۆکەو تانک و تۆپی دوژمن لەهەموو لایەکەوە گەمارۆی دان. بێ جل و بەرگ و نان و خواردەمەنی و دەرمان مانەوەو کۆڵێک ژن و منداڵیان بەریشەوە بوو. زستانی ساردی کوردستان قورگی گرتن و شوێنی حەسانەوەیان نەبوو! بارزانییەکان کە لە چۆمی ((ئاراس)) پەڕینەوە بۆ سۆڤیێت، پێڵاویان دەپێدا نەبوو، و لەجیاتی پێڵاو ئاغابانوو، و پەڕۆو پاڵیان لە پێ یان هاڵاندبوو. قاچ و قولیان سەرما بردووی و زامدار بوون. ئەوانە راستییەکی مێژوویین.."[50]. موحەممەد عەلی پەیدا، کە یەکێک بووە لەو کەسانەی، لە سەردەمی کۆماری مەهاباد و ئازەربایجاندا نێردراوە بۆ خوێندن لە سۆڤیێت و پاشان نێزیکەی بیست ساڵان، لەگەڵ غەنی بلووریاندا، هاوزیندان دەبێت، لە زیندانەکانی تاران و بەرازجاندا، باسی ئەو ڕەوشە ناخۆش و شەکەتییەی بارزانییان دەکات، کاتێک لە ئاوی ئاراس دەپەڕنەوە بەری سۆڤیێت و نموونەیەک لە خۆنەویستی و گەورەیی بارزانی پێشان دەدات و دەڵێت:"کاتێک بارزانییەکان لە چۆمی ((ئەرەس)) پەڕینەوە، هیچکامەیان پێڵاویان دەپێدا نەبوو. گشتیان زامدارو نەخۆش و برسی و ڕەنگ زەردهەڵگەڕاو بوون و کاتێک مرۆڤ لە نزیکەوە دەیبینین مووی لەشی راست دەبۆوەو هەموو گیانی دەلەرزی! ئێمە لە لایەن حکومەتی ئازەربایجانی سۆڤیەتەوە جل و بەرگ و پێڵاومان بۆ بردن. جووتە کەوشێکی ڕەختەو باشمان دایە دەست مەلا مستەفای بارزانی کە دەپێی بکات، بەڵام ئەو بە تووڕەیی کەوشەکەی بۆ هاویشتین و گوتی: ((یان لە هی پێشمەرگەکانم بۆ بێنن یان دەبێ هی ئەوانیش لەمە بن))"[51]. ویلیەم. و. دۆگلاس، کە داودوەرێکی ئەمەریکایی ناسراوە و چەندین جار چووەتە کوردستان و یەکێکە لە شارەزایانی مەسەلەی کورد و پێشەکی بۆ کتێبی(گەشتێک بۆ نێو پیاوانی ئازا لە کوردستان)ی، دانا ئادەمز شمیت، نووسیوە دەڵێت:"ئەو پشکۆ گڕدارە ئاساییانەی، بۆ نیشتمانپەروەرێتی و ئازادی، کە لە هەموو ئەمەریکاییەکدا، کە ساڵی 1776ی دێتەوە یاد، دەبینرێن، من لە بارزانیدا، ئەوەم دیت". دانا ئادەمز شمیت، نووسەری کتێبی(گەشتێک بۆ نێو پیاوە ئازاکان لە کوردستان)، لە بارەی بارزانییەوە دەڵێت:"ڕەنگە بارزانی ، بە دیارترین سەرکردەیەکی کورد بژمێردرێت..بارزانی نیشانەی بزاڤی نیشتمانیی کوردە و سەری بیرمەندی شۆڕشی کوردانی عیراقە و سەرکردەی لەشکری و ڕێبەری سیاسی و دڵ و پارێزەری ئەوانە و ئەو پیاوەیە، کە مەزنترین خۆشەویستی و گەورەترین ڕێزی هەیە لە کوردستاندا..بارزانیم بە شێوەیەک ناسیوە، کە پیاوێکە هەرگیز و لە هیچ هەلومەرجێکدا، دەستبەرداری مێرخاسی و نەگۆڕی و سەقامگیری نابێت. ڕەنگە تووڕە ببێت، بەڵام نایگرێتە دڵ، ڕەنگە پێبکەنێت، لێ قاقا لێنادات. سوورە لە سەر ئەوەی لەگەڵ پیاوەکانیدا خۆراک بخوات یا بە لای کەمەوە، هەمان خۆراک بخوات، کە ئەوان دەیخۆن و زۆرجارانیش لەگەڵ پیاوەکانیدا، لە بری سواربوونی ئەسپ و هێستر، کە هەمیشە دەتوانێت بۆ سواری سوودیان لێ وەرگرێت، بە پێیان دەڕوات...بارزانی بیر و ئاوەزێکی سیاسیی یەکجار پێشکەوتووی هەبوو، کە کۆمەکی ئەوەی پێ دەکرد و دەیتوانی قووڵبێتەوە و بچێتە بنجوبناوان و کرۆکی هەموو مەسەلەیەکەوە، لە کاتێکدا خەڵکانی دیکە هێشتا لە ڕۆچووندان بە نێو وردەکاریەکاندا...بارزانی، شایانی ئەوەیە، کە ڕێبەر بێت، چونکە ئەوەی سەلماند، کە ئەو پسپۆڕێکی لەشکری و سیاسیی واقیعییە و لە نێو تەواوی کوردیشدا، کەسێک نییە، هێندەی وی، لە بیرگەی خۆیدا ئەو هەموو زانیارییەی خڕ کردبێتەوە و کەسیش لە تەواوی کوردستاندا نییە، وەک ئەو بتوانێت ئەو زانیارییانەی و بەو زیرەکی و

---

[50] سەرچاوەی پێشوو، ل50.

[51] سەرچاوەی پێشوو.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

شارەزاییە، چ لە بواری لەشکریی یا سیاسیدا بەکار ببات...بارزانی بەهێزکاری یەکیەتیی کوردە و ئەو مەزنترین ئەندازیاری ئەو یەکیەتییەیە. ئەو بۆ یەکەم جار توانیی کوردی عیراق یەکخات، کە ئەوەش گەورەترین کارێکە، ئەنجامی داوە. ئەو بە تاقیکردنەوە و هەندێک جاریش بە زۆر، هێزە خێڵەکییەکانی لەگەڵ پارتیی دیموکراتیی کوردستاندا هاوئاهەنگ کرد و هەموویانی وا لێ کرد، کە دژی حوکوومەتی عیراق بجەنگن...ئەگەر بارزانی لە شانۆی کورد بزر بێت، زۆر سەختە بتوانرێت بزاڤی نیشتمانیی کورد، بە یەکگرتوویی و یەکپارچەیی و چەسپاوەستاوی ببینرێت...لە کاتێکدا، کە بۆ کورد دەکرێت، دەستبەرداری ئیبراهیم ئەحمەد ببێت و کەسێکی دیکە بخرێتە جێگەی ئەو، لێ بارزانی پیاوێکە، هەرگیز بێ وی ناکرێت و دەستبەرداربوون لێی نابێت"[52] . پشکۆ نەجمەدین، کە هەرگیز سەر بە بارزانی نەبووە و لە حیزب و خەڵکەکەی ئەو نەبووە، بەڵکە لە سەنگەرەکەی بەرانبەر بە بارزانییش بووە، ڕاشکاوانە و ڕاستگۆیانە لە بارەی بارزانییەوە دەڵێت:"مەلا مستەفا وەکو سیمبۆلێکی دیار لە مێژووی بزووتنەوەی چەکداری و سیاسیی ئێمەدا، نەک هەر وەک پێویست نەخوێندراوەتەوە، بگرە خۆمان لە دوژمنەکانمان زیاترمان زوڵم لێکردووە"[53] . شەوکەتی مەلا سمایل، لەمەڕ دانبەخۆداگرتن و جیاوازینەکردن لە نێوان خەڵکدا و ساکاری لای بارزانی دەڵێت:"بارزانی لە کاتی برسێتی دا بۆ هاوەڵەکانی بەم شێوەیە بوو: بۆ نموونە ئەگەر یەک نانی پێبوایە دەیکرد بە دوولەتەوە، لەتێکی بۆ ئەو کەسەی کە برسی یەتی و لەتەکەی تری هەڵدەگرت بۆ وچانێکی تر، لەتەکەی تری ئەوا ئەدا بە برسی یەکی تر...بەم شێوەیە خۆی بە برسێتی ئەمایەوە..بارزانی دەیگوت: ئەگەر لە ڕۆژێکا لە سێ جار زیاتر نان بخۆم نەخۆش دەکەوم، ئەگەر هەموو ڕۆژێکیش سێ جار خۆم بگۆڕم پێم دەڵێن نائاسایی یە، و هەرگیز بەتەماش نیم زێڕو پارە لەگەڵ خۆم ببەمە گۆڕەوە"[54] . توورد ڤالسترۆیم، نووسەری کتێبی (تەنێ چیاکانن، تاکە دۆستانمان Bergen är våra enda vänner )، کە سوێدییە و لە ئەنجامی گەشتێکیدا بۆ کوردستان و ماوەیەک مانەوەی لە کوردستان و دیداری لەگەڵ بارزانیدا، لەمەڕ بارزانییەوە وەها دەنووسێت:" هەموو گەورەکانی جیهان، بە بەراورد لەگەڵ ئەم پیاوەدا، چین؟ شای ئێران چییە..کیسینجەر، پاڵمێ، ویلسن چین؟ بە بەراورد لەگەڵ مستەفا بارزانیدا. ڕەنگە ئەو دواڕێبەری گەل بێت، ڕەنگە ئەو دواڕێبەر و تاکەڕێبەر بێت!"[55] . جۆناتان ڕاندەل، نووسەری کتێبی(نەتەوەیەک لە کەرتبووندا)، دەڵێت:"ڕەوتی ژیانی ئەم ڕێبەرە کوردە، ژەنەراڵ مەلا مستەفا بارزانی، بە درێژایی نیو سەدە، تێکەڵ بووە لەگەڵ مێژووی بزاڤی نەتەوەیی کورددا و بە نیشانەی ئەو بزاڤە دەژمێردرێت..لە نێو گشت شەهیدانی بزاڤی نەتەوەیی کورد و قارەمانەکانیدا، بارزانی لای کوردان جێگەیەکی تایبەتیی هەیە. دەبینیت وێنەی بارزانی لە نێو ماڵانی کوردە ساکار و ئاساییەکاندا، لە تورکیا و یەکیەتیی سۆڤیێت و نووسینگەی ڕۆژنامەڤانە ناسراوەکانی واشنتندا هەڵواسراوە. ژیانی ئەو لە ئەفسانەیەک دەچێت. ئەو سەرکەوتنە لەشکرییانەی بارزانی، لە شەڕگەکاندا وەدەستی هێناون، بەشێک لە سەرچاوە کەم و دەگمەنەکان پێک دەهێنن، لە شانازیکردنی کوردان بە ناسنامەی نەتەوەییانەوە. کوردەکان، ئەو شانازییانە بۆ زارۆک و نەوەکانی خۆیان و تا کوردێک مابێت، چەند پات دەکەنەوە و دەگێڕنەوە. ئەو شانازییانە، دەیان ساڵان، بەشدارییەکی مەزنیان، لە

---

[52] شمیت، دانا ادمز، رحلة الى رجال شجعان في كردستان، عربه وعلق عليه جرجيس فتح الله المحامي، منشورات دار مكتبة الحياة، بيروت، لبنان، ص21، 140، 248، 285، 384، 389، 395..

[53] نەجمەدین، پشکۆ، لە سێبەری دیوی ناوەوەی ڕووداوەکان، سوێد 1997، ل14.

[54] حسن، شوكت اسماعيل، ڕەنج نامە، 2000، ئەڵمانیا، ل 33.

[55] Wallström, Tord, Bergen är våra enda Vänner, Nordstedt & Söners Förlag, Stockholm 1975,s:138.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بەزیندووهێشتنەوەی بزاڤی نەتەوەیی کورددا کردووە. بارزانی خودانی ئەو مەرجە سەرەکییە بوو، کە بۆ سەرکردەیەتیی پێویستە ، واتە: توانستی ڕاکێشان و وەدەسهێنانی سۆز و مەیل بە لای خۆیدا، تا ڕادەی ئەوەی پیاوان و ژنان، هەموو شتێکی خۆیان بەجێبهێڵن و وازلێبێنن و لە سەختترین و دژوارترین ڕەوش و هەلومەرجدا، وەدووی ئەو بکەون. بارزانی، کە هەلومەرجی بۆ هەڵکەوت، بوو بە ڕێبەری کوردستان و یەکەم سەرکردەی لەشکریی کورد، لە مێژووی نوێدا، کە هاوسەنگی سەلاحوددینی ئەیووبییە، درەوشاوەترین سەرکردەی کورد، لە هەموو مێژووی کورددا، کە سەرکردەیەتیی لەشکرانی موسوڵمانانی کرد و خاچهەڵگرانی ڕاونا و تێکشکاند. بارزانی، زۆر خێرا بوو لە دەرککردن بە پێشهات و بڕیاردانی زیرەکانەدا. ئەو پتر بە گوێرەی هەست و غەریزە، نەک لێکۆڵینەوەی ژیربێژی، دەیڕوانییە شتەکان. بارزانی، دژی پەسندان و مەرایی بوو و گومانیشی لەوەی دەکرد، کە ئەو شێوازەی بەکار بردبا و توانستی جوێکردنەوەی لە نێوان درۆ و خەپاندندا هەبوو. بارزانی، وەک جەنگاوەرەکانی دەژیا و وەک ئەوان دەیخوارد و لە چۆڵاییش لەگەڵ ئەواندا دەنووست. ئازایی بارزانی، گەیشتبووە ڕادەیەک، کە هەرگیز هیچ نیشانە و هەستێکی ترسی پێشان نەدەدا، هەرچەندی تووشی توندترین بۆمببارانیش بووایە..پیاوێکی سەرڕاست بوو، ڕێزی گفتی خۆی دەگرت و بڕوایشی بە بەڵێنی خەڵکانی دیکە دەکرد..بارزانی، پسپۆر بوو لە تێگەیشتنی ژیان و ناسینی خەڵکدا. خەڵکی تا ئەو ڕادەیە دەناسی، کە هەوڵی دەدا بۆ خۆی بەرانبەرەکانی ببینێت و لەگەڵیاندا دانیشێت، بۆ ئەوەی بتوانێت ڕاستەوخۆ، بۆ خۆی دیتن و ڕای تایبەتی خۆی لە بارەی هەر یەکێکیانەوە دروست بکات..میوانگەلێکی بیانی، کە بۆ خۆیان بارزانییان بینیوە، پێیانوابووە ئەو لە سەرکردە نەتەوەییە هەرە گیر و سەختەکانە و لەگەڵ گۆڵدا مائیردا بەراوردیان کردووە، کە ئەویش وەک بارزانی لە ماوەی نیو سەدەدا و لە هەلومەرجی یەکجار دژواردا، لە چەندین ئاستەنگ و لێقەومان پەڕیوەتەوە و دەرباز بووە..بارزانی نێودارترین سەرکردەی کوردە لە سەدەی بیستەمدا"[56]. لازارێڤ(M.S.Lazarev)، کە پرۆفێسسۆرێکی بەناوبانگی ڕووسییە و لە بواری کوردناسیدا، کارێکی زۆری ئەنجام داوە، لەمەڕ بارزانییەوە دەڵێت:"من ڕێزێکی قووڵم بۆ یادی موستەفا بارزانی هەیە. من پێموایە بارزانی، لە نێوان ساڵانی 1940 و 1970دا، نوێنەری هەرە دیاری بزاڤی کورد بوو و نموونەیەکی لەبەرچاویش بوو بۆ تەواوی گەلانی ئازادیخواز"[57]. بەو پێناسەیەی بارزانی، کە ئەو کەسانە دەیکەن، وێنەیەکی تەواوی کەسایەتیی بارزانی دێتە بەرچاو، کە دەکرێ لە چەند وشەیەکدا وەک: ئازایی، ڕاستگۆیی، دڵپاکی، ڕەوشتبەرزی، سیاسەتزانی، گەلێری، سادە و ساکاری، لەخۆبوردوویی، دووربینی،جەنگگێڕی، هەستی کوردایەتی و...کورت بکرێنەوە. ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تالەبانی، دوو خوێندووی شارییی، سەر بە چینی بۆرژوازی بچووکن. ئیبراهیم ئەحمەد، وەک پارێزەر و سیاسی، سەر بە چینی بۆرژوازی بوو. باوکیشی لە ڕووی چینایەتییەوە، کاسبکار (کورتاندروو) بووە. ئیبراهیم ئەحمەد، کە باس لە خۆی دەکات، بە بلەی ئەحەڕەشی فەتاحەڕەشی مستەفا، خۆی دەناسێنێت[58]. دایکی ئیبراهیم ئەحمەد، ژنێکی کارگەری هەژار بووە، لە سەردەمی حوکومەتی شێخ مەحموودا، لە ماڵە ئینگلیزەکاندا، کارەکەر بووە[59]. ئیبراهیم ئەحمەد، بە پێچەوانەی چینی هەژاری دایک و باوکییەوە، دواتر بە

---

[56] ر اندل..، اًمة ..،ص 57-58، 148-149، 152-202،186،153، 205، 243.

[57] Intervju med M.S.Lazarev, av: Ferhad Shakely,Svensk-Kurdisk Journal, nr 9, 1987.

[58] عەزیز..، پێنج..، ل88.

[59] محمد، مسعود، المجتمع البشري..؟لماذا يشبه مستشفى المجانين؟، الجزء الأول، دار ئاراس للطباعة والنشر، اربيل 1999، ص29.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

هۆی پلەوپایەی سیاسییەوە، خۆی لە چوارچێوەی چینێکی دیکەدا دیبەوە. جەلال تاڵەبانی، چ وەک پارێزەرێک و دواتریش وەک سیاسییەک، چ وەک بنەماڵە و بنەچەش، سەر بە چینی بۆرژوازی و بنەماڵەیەکی ئایینییە و لە نێو خزمانی هۆزەکەیشیدا، هەندێک خێزانی دەرەبەگیان تێدایە. ئەو لە هۆزی تاڵەبانییە، کە بە شێخ بەناوبانگن و پیرۆی تەریقەتی قادرین و خاوەن تەکیەن. وەک هۆزیش، تاڵەبانی لە بنەچەدا، دەگەڕێنەوە سەر شێخ ئەحمەدی هیندی و عەشیرەتی زەنگەنە. شێخ ئەحمەدی هیندی، کە لە هیندوستانەوە هاتووە و لەگەڵ کچی مەلا مەحموودی زەنگەنەدا زەماوەندی کردووە و ئیدی لە ئەنجامی ئەو زەماوەندەوە تاڵەبانییان پەیدا بوون و کەوتوونەوە. واتە: تاڵەبانییان لە باوکەوە دەچنەوە سەر شێخ ئەحمەدی هیندی و لە دایکیشەوە دەچنەوە سەر مەلا مەحموودی زەنگەنە. شێخی شاعیران، شێخ ڕەزای تاڵەبانی، لەبارەی بنەچەی عەشیرەتی تاڵەبانییەوە دەڵێت:

"خوا وەختێ کە حەزکا بەندەیێکی خۆی بکا خۆشنوود

لە ڕێگەی دوورەوە بۆی دێ بە پێی خۆی شاهیدی مەقصوود

لە هیندوستانەوە شەش مانگە ڕێ تا خاکی کوردستان

خوا شێخ ئەحمەدی هیندی ڕەوان کرد بۆ مەلا مەحموود

مەلا مەحموودی زەنگەنە یەعنی قوطبی دائیرەی ئیرشاد

لە دەوری مەرقەدی هەر دەنگی یاهوو دێت و یا مەعبوود

لە پاش ئەو ئەرشەدی ئەولادی شێخ ئەحمەد لە جێی دانیشت

بیعەینیهی وەک سولەیمان جێنشینی حەزرەتی داوود"[60]

تاڵەبانییەکان سەر بە ئاییترای سوننەن، دانیشتووی دەڤەری کەرکووک و گوێ چەمی سیروان و خانەقین و زەنگابادن، تاڵەبانییەکان موڵکدار بوونە و لە هەموو عیراقدا، لە ساڵی 1958دا، 11 خێزانیان خاوەنی 137163 دۆنم زەوی بوونە[61]. دەمڕاست و ناوداران و سەرانی تاڵەبانییەکان، شێخ ڕەزای شاعیری لێ دەرچێت، کە پتر ئەبسۆردیست، ئەنارکیست و دژەدەسەڵات بووە، زۆرجاران میانڕۆ بوونە و لەگەڵ سیاسەتی دەوڵەتی عیراقدا، پاشایەتی، قاسم، عارف، بەعس و هەرکەسێکی تر، خۆیان گونجاندووە و بەرژەوەندی خۆیان پاراستووە. پیاوانی ناسراوی وەک، شێخ ڕەزای تاڵەبانی(شاعیری مەزنی کورد)، شێخ عەبدوڕڕەحمانی تاڵەبانی، شێخ موحەممەد خالیسی، شێخ عەلی تاڵەبانی، شێخ جەمیلی تاڵەبانی، شێخ حەمیدی تاڵەبانی، شێخ وەهابی تاڵەبانی، موکەڕڕەم تاڵەبانی، شێخ عەتای تاڵەبانی، جەلال تاڵەبانی، نووری تاڵەبانی، گۆران تاڵەبانی و...، لە نێو تاڵەبانییاندا هەڵکەوتوون. بێگومان جەلال تاڵەبانی دوای ئەو حەمکەساڵەی سیاسەت و ڕێبەریەتی بزاڤێک، توێژاڵی ئەو چینەی خۆی فڕێداوە و لە چینێکی بۆرژوازی گەورەتر و دەسترۆیشتووتر و زێدەدەوڵەمەندتردا خۆ دەبینێتەوە. بەپێی زانیارییەک ، کە لە ڕادیۆی"بی.بی.سی" بەشی عەرەبی، لە پرۆگرامی حەفتانەی "الارصدة والاموال"دا، کە لە ناوەڕاستی مانگی 8ی 1993دا، بڵاو کرایەوە و پرۆگرامەکە لە سەر، سەران و لێپرسراوانی کورد بوو، کە باسی سامانی جەلال تاڵەبانی هاتە گۆڕێ، بە 185 میلیۆن دۆلار و سامانی جەبار فەرمان، کە ئەویش "یەکجار

---

[60] دیوانی شێخ رضای طالەبانی، کۆکردنەوە و چاپکردنی علی الطالبانی، چاپخانەی مەعارف، بەغدا 1946،ل14-15.

[61] بطاطو، حنا، العراق الطبقات الاجتماعية والحركات الثورية، الكتاب الاول، ترجمة عفيف الرزاز، موسسة الابحاث العربية، بيروت 1995، ص82.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

شۆڕشگێڕە!" و پێڕۆی هێڵی جەلالییە، بە 45 میلیۆن دۆلار ژمێردرا[62]. تێڕوانین و دیتنی ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی، لە چوارچێوەی کتێب و دیمانە و فەلسەفەی لە قاڵبدراوی چوارچێوەداردا، خۆ دەبینێتەوە و سیاسەتیشیان هەر بەو بۆچوونەوەوە کردووە و دەکرد و "ئەو قاڵب و لێکدانەوە تایبەتییانەی بەکاریان دێنن لە خوێندنەوەوە فێریان بوون"[63]. ئیبراهیم ئەحمەد "پێنووس و ڕاستە بەدەستەوە دەگرێ، تا شتەکان بپێوێ و بیانبڕێ، پاشان وەک جلوبەرگ لەبەریان بکا"[64] و وەک سکرتێری پارتییش، ئیبراهیم ئەحمەد"دەیویست لەسەر دەقی نێو پەرتووکەکان بەڕێوە بڕوا"[65] و کە مرۆڤیش هەرچییەکی لە کتێبەوە فێر بوو، و دەقاودەق بە باڵای واقیعی بگرێت، و بە سەریدا جێبەجێی بکات، دەکاتە ئەوەی، وەک ئێدوارد سەعید دەڵێت "خۆی تووشی هێڕی و گەوجی یا لەنێوچوون دەکات"[66]. وەک خوێندوو و بۆرژوازییەکی بچووکیش، هەردووکیان (ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی) درێژدادڕی و زماندرێژیی و دانبەخۆدانەگرتن و بێئۆقرەییان پێوە دیارە. جەلال تاڵەبانی، بەوە بەناوبانگە، کە فرەجاران زیاد لە پێویست قسان دەکات و لە ئەنجامی ئەوەشدا دەکەوێتە هەڵەوە. لەو بارەوە نەوشیروان مستەفای هاوبیری، کە لە نێزیکەوە تاڵەبانی دەناسێت، ئاماژە بەوە دەکات و ئەوەش بە لاوازییەک لە تاڵەبانیدا دادەنێت و دەڵێت:"مامجەلال لە وەڵامدانەوەی پرسیاردا، زیاد لە پێویست درێژە بە قسە ئەدا، لە باسەکە دەرئەچێ، باسی تر ئەهێنێتەناو وەڵامەکەیەوە کە هیچ پەیوەندی لەگەڵ پرسیارەکە نیە. گوێ ناداتە دەنگدانەوە و ئەنجامی قسەکانی. هەندێ جار قسەکانی پێچەوانەی قسەی پێشوی خۆین. ئەمە یەکێکە لە نوقتە لاوازەکانی"[67]. هەست بە کێماسی لای ئەو دووانە، ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی، زۆر بەهێزە و هەمیشە بۆ داپۆشینیشی، پەنایان وەبەر، شکاندنەوەی خەڵک، پاشقولگرتن، پەسندانی زۆر و لە جێی خۆیدا نەبوو، لە پاشملە بە خراپ باسکردنی خەڵک، ڕقبوون لە خەڵکی گەلێر و خۆشەویست و زیرەک، تێکدانی نێوان خەڵک و بەگژیەکدادانی تەنانەت نێزیکترین کەس و دۆستی خۆیان، مەرایی، دووڕوویی و بەخێرا بیروڕاگۆڕین، بردووە. ئیبراهیم ئەحمەد"هێندێ جار لە بڕیارەکانیدا پەلە دەکا"[68]. ئیبراهیم ئەحمەد"چاوی لە دەسەلات دەبڕی. واتا چاوی لە سەرۆکایەتی بڕیبوو"[69]. بەو پێناسەیەش وێنەیەکی ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی و هاوبیرانیانمان دێتە بەرچاو و جیاوازیی نێوان ئەو دوو جۆرە بیر و بۆچوونەمان، بۆ ڕوون دەبێتەوە. جیاوازیی هەڵوێستی بارزانی و تاقمی ئیبراهیم ئەحمەد، لە زۆر بۆنە و ڕووداودا، ناڕاستیی و هەڵەشەیی و تەسکبیریی و پەلەکردنی، ئیبراهیم ئەحمەد و پێڕۆیانی و قووڵیی بیرکردنەوەی بارزانی دەردەخات. لە یاخیبوونی ساڵی 1961دا، کە هەر ئیبراهیم ئەحمەد و پێڕۆیانی، بوون بە هۆی سازکردنی، سەرانی پێڕۆیانی هێڵی ئیبراهیم ئەحمەد، جەلال تاڵەبانی و عومەر دەبابە، لەو کەسانە بوون، کە دەیانەویست هەرزەکارانە، پێش ئەوەی قاسم هێرش بکاتە سەریان، ئەمان دەست بە هێرش بکەن و جەنگ دەست پێ بکەن[70].

---

[62] بەیاننامەی "ڕێکخراوی ئازادی دیموکراتی ڕزگاریی کوردستان-کادر"ی 12-5-1994.

[63] عەزیز..، خولانەوە..، ل38.

[64] سەرچاوەی پێشوو.

[65] سەرچاوەی پێشوو، ل77.

[66] سعيد، ادوارد، الاستشراق، نقله الى العربية كمال ابو ديب، الطبعة الرابعة، موءسسة الابحاث العربية، بيروت، 1995، 118.

[67] ئەمین، نەوشیروان مستەفا، خولانەوە لە ناو بازنەدا، چاپی دووەم، 1999، ناوەندی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی خاک، سلێمانی، ل77.

[68] عەزیز..، خولانەوە..، ل103-104.

[69] سەرچاوەی پێشوو، ل104.

[70] دان..، العراق..، الجزء الأول، ص421.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

جەلال تاڵەبانی و ئیبراهیم ئەحمەد "ئەو دوو کەسە بوون، کە چرای کەسکیان بۆ هێزەکانی کورد هەڵکرد، بۆ دەستپێکردنی جەنگیی پارتیزانی، لە ساڵی 1961دا و بارزانییشیان بەدووی خۆیاندا کێشا"[71]، بەڵام بارزانی، وەک خاوەنی ئەزموونێکی دوورودرێژ، بە جیددی و دووربینانە، دەینۆڕییە مەسەلەکە و جەنگ بەلای ئەوەوە، گاڵتەی منداڵان نەبوو، بۆیە"هەر سوور بوو لە سەر پێویستیی دانبەخۆداگرتن تا ئەگەر قاسم بە ئاشکرا دەستی بە بەکاربردنی زەبر و زۆر دژی بارزانییەکان یا هۆزی ئاکۆ یا پارتیی دیموکراتیی کوردستان، کرد"[72] و لە سەر ئەو بڕوایە بوو، کە کاتی شۆڕشی چەکدار نەهاتووە، و پێویست بەوە نییە. بارزانی زۆرجاران ئاماژەی بەوە کردووە، کە ئەو، شەڕخواز نەبووە و تاڕادەیەک بە ملیدا هاتووە. بارزانی، لە گەلێک بۆنەدا، باسی ئەوەی کردووە، کە ئەو ڕۆژەی فڕۆکە جەنگییەکانی عیراق، هاتبوونە سەر بارزان، ئەو لە مزگەوتەکەی گوند دەبێت و لە دەنگی هاڕەهاڕی فڕۆکەکان و زرمە وناڵەی بۆمبا و بۆمبباران و تەقینەوە و گیزە و هاڕەی فیشەکان، کە بە دەوروبەری گونددا فڕێ دەدرێنە خوارەوە و دەتەقنەوە، گوێی خۆی دەگرێت و ڕوو دەکاتە کارگێڕیی پۆست و تێلەگرافی بارزان و دوو تێلەگرافی یەک لە دوای یەک بۆ عەبدولکەریم قاسم، دەنێرێت و تێیاندا ئەوە جەخت دەکاتەوە، کە ئەو لە بارزانە و بە هیچ جۆرێکیش نیازی چەکهەڵگرتنی دژی وی(قاسم) نییە و داوایشی لێ دەکات، بە شێوەیەکی ئاشتییانە کێشەکە چارەسەر بکەن و ئامادەیی خۆیشی بۆ میانگەری دەردەبڕێت. بارزانی، لە قاسمەوە هیچ وەڵامێک نادرێتەوە و ڕۆژی دووەم، دووبارە بۆمبباران دەست پێ دەکاتەوە و هەواڵیش دەگات، کە جاشە زێبارییەکان خۆ ئامادە دەکەن، بۆ ئەوەی هێرش بکەنە سەر بارزان و تاڵانی بکەن و خەڵکەکەی بکوژن. بارزانی ئەودەم لەگەڵ چەکدار و جەنگگێڕەکانی خۆیدا، کە زۆربەیان لەوانەن، ساڵی 1945، لەگەڵیدا بوون و لەگەڵیشیدا چووبوون بۆ سۆڤیێت و گەڕابوونەوە بۆ کوردستان، ڕاوێژ دەکات و پاشان دەچنە لای شێخ ئەحمەدی بارزانی، کە بێجگە لەوەی براگەورەی مەلا مستەفا بوو، سەرۆکی ڕاستەقینەی ڕۆحی و دنیایی هۆزی بارزان بوو و هەر فەرمانێکی کردبا، تەواوی هۆزەکە و مەلا مستەفاییشی وەک ئەوان دەگرتەوە. شێخ ئەحمەد، ڕێگەی دا بە بارزانی و هەرکەسێکیش لەگەڵیدا دەچێت، بۆ ئەوەی لە گوند وەدەرکەون. خەڵکێکی زۆر، بە تایبەت لەوانەی، کە ساڵی 1947، لەگەڵیدا بوون و کۆمەڵێک لە لاوانی بارزان و نەوەی دووەمیان، لەگەڵ بارزانیدا وەدەرکەوتن و شەویان لە نێو ئەشکەوت و دۆڵی کەژەکانی دەوروبەری بارزاندا و لەگەڵ بارزانییانی دیکەدا، کە لە بۆمبباران هەڵاتبوون، بردە سەر. ئیدی ئەو هێزە، بوو بە، کرۆک و بنگە و بناخەی، هێزی دەستەبژاری شۆڕشی کورد[73]. بە دەستدانەچەک و سازکردنی شەڕ، ئیبراهیم ئەحمەد و هاوبیرانی، هیچ ڕێگەیەکیان بۆ گفتوگۆ و لەیەکتێگەیشتن، نەهێشتەوە و ئیدی مەسەلەی کورد، بوو بە مەسەلەی چەک و ئەنجامدانی سیاسەتی دەوڵەتانی دەوروبەری کوردستان(ئێران و تورکیا) و ئیسرائیل و ڕۆژاوا. هەر ئەو دوو جۆرە تێڕوانین و بۆچوونە، لە نێو سەرکردەیەتیی بزووتنەوەی چەکداریی کورددا، لە ساڵی 1961، سەرکردەیەتیی بزووتنەوەکەی، بە کردەوە کردبوو بە دوو لەتەوە، جەرجیس فەتحوڵڵا، لەو بارەوە دەڵێت:"ئێمە ئەگەر شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی کۆن و نوێ بپشکنین، دەبینین هەر یەک لەوانە، یەک سەری ئاشکرا و دیاری(بە لای کەمەوە) هەیە، هەرچەندە هەندێ جار نەخشەکێشانی، بە چەند سەرێک دەکرێت، یا دەستپێکردنی لە لایەن دیمانە (تیۆری)کارانەوە ئەنجام دەدرێت. لە جووڵانەوەی چەکداریی کورددا، کە ساڵی 1961 دەستی پێ کرد، هەر لە سەرەتاوە دوو سەر،

---

71 نکديمون..،الموساد..، ص80.

72 دان..، العراق..، الجزء الأول، ص422.

73 دان..، العراق..، الجزء الأول، ص420-421.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

یا دوو سەرکردەیەتی هەبوون. ئەو دوو سەرکردەیەتییە لەبری ئەوەی هەوڵدەن ئەو ناتەباییە کوشندەیە چارەسەر کەن، هەر کەسەو لە لای خۆیەوە، درزێکی تێکرد و ئەو درزەش بەرین بووەوە و قووڵتر بوو تا وای لێهات، بوو بە ململانێیەکی کەسەکی، کە بە ناکۆکی لەمەڕ ستراتیژییەکی دیاریکراوەوە و ئایدیۆلۆژیی ڕێکخستنەوە داپۆشرا. بارزانی لەو مەسەلەیەدا، لە ڕەخنە دەرباز نابێت، بەلای کەمەوە چونکە ئەو بۆ خۆی، ئەم سەرکردەیەتییەی{مەبەستی سەرکردەیەتیی ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانییە-شاکەلی} لە ساڵی 1959دا هێنا، وەک هەوڵدانێکی بوێرانە لە لایەن ئەوەوە، بۆ ڕزگارکردنی پارتیی، لە کەوتنە چنگ چەپایەتی ئەو سەردەمە"[74]. من بۆ خۆم لەو بڕوایەدام، هێنانی ئەو سەرکردەیەتییەی ئیبراهیم ئەحمەد و تاڵەبانییە، لە لایەن بارزانییەوە، کارێکی نەباش و هەڵە بوو، چونکە ئەمان، هەر لە سەرەتای دامەزراندنی پارتییەوە، ئەرکی دژایەتیی بارزانییان، وەئەستۆی خۆیان گرتبوو. هەرچەندە"دڕدۆنگی و دزێواندنی کەسەکیی لە نێوان مەلا مستەفا و ئیبراهیم ئەحمەد دەگەڕێتەوە بۆ یەکەم دیداریان لە پراگ و ئەوەش لە سەرچاوەی سروشت و هەڵوێستیانەوە هەڵدەقولا"[75]، بەڵام بارزانی بە هۆی ئەوەی، کە لە وڵات نەبووبوو، هێشتا بە تەواوەتی، لە ورد و درشتی، نیاز و بنەما و بنجوبناوانی بیرکردنەوە و تێڕوانینی ئەمان، ئاگادار نەبووبوو، دەنا هەڵکردن لەگەڵ چەپایەتی ئەو سەردەمەدا و هێشتنەوەی سەرکردەیەتییە چەپەکە، ئەگەر سوودێکی زۆریشی، یا هەر سوودیشی نەبووایە، زیانمەند نەدەبوو و هەرگیزیش هێندەی سەرکردەیەتیی ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی، زیانی بە بارزانی و کورد نەدەگەیاند. بە گوێرەی قسەی هەژاری موکریانی، وا پێدەچێت بارزانی لەو کردەوەیەی خۆی، بە وەدەرنانی هەمزە عەبدوڵڵا و دانانی ئیبراهیم ئەحمەد، بە سکرتێریی پارتیی دیموکراتی کوردستان، ڕازی نەبووبێت و بە ڕاستیشی نەزانیبێت، بەڵام وەک بڵێی تووش بووبێت، یا چارەیەکی دیکەی نەبووبێت، بۆیە ئەو کارەی ئەنجام دابێت، وا دێتە بەرچاو. هەژاری موکریانی، کە شەوێک پاش ئەو ڕووداوە بارزانی دەبینێت، دەڵێت:"بارزانی لە لای من گوتی: برایم هەل پەرستێکە لە ڕێی بەرژەوەندی خۆی دا کوردستان و ناموسی خۆیشی دەفرۆشێ، بەڵام چبکەم؟ خەڵکی تر وەک من نایناسن، ئەگەر بڵێم ئەویش دەرکەن..دەڵێن کابرا دیکتاتۆرە"[76]. لە شێوەی ڕەوتار و هەڵسوکەوتدا، لەگەڵ هێزی پێشمەرگە و خەڵکدا، جیاوازییەکی زۆر لە نێوان، ئیبراهیم ئەحمەد و هاوبیرانی و بارزانیدا هەبوو. ئیبراهیم ئەحمەد و هاوبیرانی، خۆیان لە سەرووی پێشمەرگە و خەڵکەوە دەبینی و دانەدەبەزینە ڕێکاری وان، هەرچی بارزانییشە، خۆی لە نێو خەڵک و پێشمەرگەدا دەبینی و خۆی بە یەکێک لەوان دەزانی. نەوشیروان مستەفا لەو بارەیەوە دەڵێت:"م س لەو ماوەیەدا ئەشکەوتی مالومەی کردبو بە بارەگای خۆی. سەرکردایەتیەکی ناوەندیی سیاسی، پیشمەرگەیی، ریکخراوەیی، راگەیاندنی دامەزراندبو. بە دەزگای بیتەل لەگەل هەموو هیزەکانی پیشمەرگە و لقەکانی پارتی پیوەندی روژانەی هەبو. ئیبراهیم ئەحمەد، بە پیچەوانەی مەلا مستەفا، لە شوینی خوی نەئەجولا، بەدریژایی ئەو ماوەیە سەردانی هیچ ناوچە و هیز و لقیکی نەکرد"[77]. بێجگە لەوەش لە ڕووی ڕەوتارکردنیشەوە لەتەک پێشمەرگەدا، لە نێوان بارزانی و تاقمی ئیبراهیم ئەحمەددا، جیاوازییەکی زۆر هەبوو،"م س لەگەڵ هیزەکانی خۆیشی

---

[74] ادامسن..، الحرب..، ص65-66(المقدمة بقلم جرجيس فتح الله المحامي).

[75] دان..، العراق..، الجزء الأول، ص175.

[76] بدلیسی..، شەرەفنامە..،.هەژاری موکریانی، لە ژێر سەردێڕی(بە سەر چڵی: ژینامەی هەژاری وەرگێڕ)دا بەشێکی خستووەتە سەر کتێبی شەرەفنامە، ل854.

[77] ئەمین..،پەنجەکان..،ل66.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

رەفتاری باش نەبو، بە پیچەوانەی مەلا مستەفاوە کە هەمیشە لە گەران دا بو بەناو خەلک و پیشمەرگەدا، ئەوان لە ئەشکەوتی مالومە و دایان کوتابو، فەرمانیان بو پیشمەرگە دەرئەکرد، بی ئەوەی دواییتر لە عیساوی تێکەلاویان بێن و لە گیروگرفت و سکالا و گلەییەکانیان تی بگەن و هەولی چارەسەریان بدەن"[78]. ئەو شێوە ڕەوتارە، تەنێ لەکن ئیبراهیم ئەحمەد نەبووە، بەڵکە سالانی دواتریش، واتە: پاش هەرەس و تێهەڵچوونەوەی جەلال تاڵەبانی و یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان و کۆمەڵە، جەلال تاڵەبانییش، لەگەڵ پێشمەرگەکانی خۆیدا و ئەوانەی خوارەوەی خۆیدا، ڕەوتاری باش نەبووە و خۆی وەک ئەفسەر و ئەوانی وەک سەرباز، ئەفسەر و سەربازی ولاتانی وەک عیراق و...، نەک ئەو ولاتانەی، کە برێک ڕێزی مرۆڤی تێدایە، حیساب کردووە. نەوشیروان مستەفا، لەو بارەیەوە دەڵێت:"یەکی لە گەورەترین گیروگرفتەکانی من تورەبونی مامجەلال بو. لە هەمو شت توورە ئەبو ئەچو بەگژ پیشمەرگەکاندا و ئەیشکاندن، بە تایبەتی کە ماندو یا برسی ئەبو"[79]. جەلال تاڵەبانی، زۆرجاران، لە سەر شتی گەلێک بێبایەخ و بێنرخ، توورە و کەللەیی بووە لە پێشمەرگە و بەو جۆرەش ئەوەی لە بیر چووە، کە پێشمەرگە ئازادترین مرۆڤن، چونکە بە ئارەزووی خۆیان هاتوونەتە نێو شۆڕشەوە و دەجەنگن و چاوەنۆڕیی مردن دەکەن. جارێک لە حاڵەتێکی لەو جۆرەدا و کاتێک پێشمەرگە خەریکی شیولێنان دەبن و شیوەکەیش ساوەر دەبێت، جەلال تاڵەبانی بە بیانووی ئەوەی میوانی هەن، لە پێشمەرگەکان توورە دەبێت، کە بۆچی ساوەریان لێناوە و بە ڕیز بە سەر مەنجەڵەکاندا دێت و یەک بە یەکی مەنجەڵەکان قلپ دەکاتەوە و هەڵدەڕێژێتە سەر زەوییەکە[80]. ئەو شێوە ڕەوتارەی ئیبراهیم ئەحمەد و شاگردانی، نیشانەیەکی زەقی لووتبەرزی و ڕاهەخۆبوون و بێبڕوایی وان بووە، بە خەڵک و پێشمەرگە و ڕقبوونەوەی خەڵک و پێشمەرگەش لەوان. هەروەها بەڵگەیەکیشە، بۆ ترسنۆکی وان و گەلێری و خۆشەویستیی بارزانی، لە نێو خەڵک و پێشمەرگەدا و بەڵگەی بڕوا و بەتەنگەوەهاتنی بارزانییشە. بارزانی، ئەوەی داوای لە پێشمەرگە و خەڵک کردووە و ویستوویەتی بیکەن و پێڕۆی بن، بۆ خۆیشی پێبەند بووە پێیەوە و هەرگیز

---

[78] سەرچاوەی پێشوو، ل79.

[79] ئەمین..، لە کەناری..، ل326.

[80] محمود..، ڕۆژمێری..، ل236. هەموو ئەو ئاش"ئالای شۆڕش"یانە سەدان جار و لە سەدان جێگە و لە بەردەم و لەکن سەدان کەس، هەرچی قسەی درێو و ناشیرین هەیە بە جەلال تاڵەبانییان کردووە و هەمیشە باسی نەوسنی و فرەخۆری جەلال تاڵەبانییان دەگێڕایەوە. فازیل کەریم ئەحمەد(جەعفەر)، لەمەڕ فرەخۆری و نەوسنی جەلال تاڵەبانییەوە بۆ خەڵکی گێڕاوەتەوە کە:" لە بانگهێشتن و میوانداریيەکدا، کە بۆ خەڵکانێکی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێرانێ کراوە، هەمووان خزمەتمان کردووە و کارێکمان ئەنجام داوە. ئەوێ ڕۆژێ خۆراکەکە مریشک بووە. ئەوەی گۆشتی مریشکەکەی بەشیوەتەوە، پێشمەرگەیەکی کۆمەڵەی زەحمەتکێشان بووە. بەسەر خوانەکەدا سووڕاوەتەوە بێ ئەوەی سەیری کەسەکە بکات، لەبەردەم هەرکەسێکدا پارچە مریشکێکی داناوە. پشتی مریشکەکە بەر جەلال تاڵەبانی کەوتووە و ڕانەمریشکێکیش بەر ئەو پێشمەرگەیە خۆی کەوتووە. جەلال تاڵەبانی یەکسەر پشتە مریشکی هەڵگرتووە و کێشاویەتی بە سەری کابرادا و چینێکی لێداوە و کۆڵێکیش قسەی ناشیرینی پێ گوتووە، کە ئەوە گاڵتەپێکردنە و چۆن دەبێ پشتەمریشکی بۆ دابنرێت و بۆ کابرا خۆیشی ڕانەمریشک دابنرێت!. فازیل کەریم ئەحمەد دەیگوت:"من دەمدەزانی جەلال تاڵەبانی سووک و سەلیمە، بەڵام نەمدەزانی هێندە سووک و سەلیمە. ئەو لە عەبباس نانەوا، سووک و سەلیمترە". عەبباس نانەوا، پیاوێکی خەڵکی خانەقین بووە، کە بە بەدناوی و بەدڕەوشتی و خراپە باس کراوە. حاجی مەمۆ(کاکەباس، عەبباس موحەممەد حوسەین)، لە بارەی جەلال تاڵەبانییەوە دەیگوت:"جارێکی لە سەر خوانێ دانیشتبووین و جەلال تاڵەبانی وەک پیشەی خۆی کەوتە بەشینەوەی گۆشت و مریشک و ئەو شتانە. سمتی مریشکێکی هەڵگرت و نایە بەردەستی من و گوتی ئەوە بۆ تۆ باشە، چونکە هەولێری حەزیان لە قووندانێیە. ئەمنیش پێم گوت، وەڵڵا ئەمن بە منداڵی ئاوی حەمامۆکم نەخواردیتەوە. ئیدی چاوی دا بەیەکدا و نققەی لێ بڕا". سمتی مریشک، لە هەولێر پێی دەڵێن: "قووندان"، لە سلێمانی پێی دەڵێن: "قنگەجووڕە" و لە خانەقین و دەوروبەری پێی دەڵێن:"بان قنگ". "سمت" و "سمتەجووڵە"یشی پێ دەگوترێ. حەمامۆکیش، گوندێکی نێزیکی کۆیەیە و دەڵێن ئەوەی ئاوی حەمامۆکی خواردبێتەوە، حیزە!.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

خۆی لە سەرەوەی، قانوون و بڕیارێک، نەزانیوە، کە داڕێژراوە بۆ گەل و خەڵکی کورد، لێ وەک دیاردەیەک، هەرگیز لە کن دەستەی ئیبراهیم ئەحمەد-جەلال تاڵەبانی، نابینرێت و نەبووە. ساڵی 1974 و 1975، کە ئیدی، بۆمببارانی تەواوی دەڤەرەکانی کوردستان و بە تایبەت، ئەو دەڤەرانەی، سەرکردەیەتیی بارزانی و شۆڕشی کوردستانی لێبوو، گەیشتبووە لوتکەی دڕندەیی و چڕوپڕی و شەوانیش فڕۆکە جەنگییەکانی عیراق دەهاتن و بۆمببارانیان ئەنجام دەدا، سەرکردەیەتیی بارزانی، بۆ پاراستنی گیانی خەڵک و دوورکەوتنەوە لە زیان، فەرمانێکی دەرکردبوو، کە شەوانە، چرای ئۆتۆمبیل دانەگیرسێت و هەوڵبدرێت ڕووناکی دیار نەبێت و ئەو بڕیارەش بۆ هەموو کەسێک بوو. شەوێکیان بارزانی، بە سواری ئۆتۆمبیلە لاندرۆڤەرەکەی، کە پتر بەکاری دەبرد، لەگەڵ شۆفێرەکەیدا و بە چرای کراوەی ئۆتۆمبیلەوە، لە جێگەیەکەوە دەچێت بۆ جێگەیەکی دیکە، لە ناوپردان و چۆمان و ئەو ناوە. کە ئۆتۆمبیلەکەیان دەگاتە نێزیک خاڵێکی پاسەوانی و پشکنینی پێشمەرگە، پێشمەرگەکان دەسبەجێ دەکەنە هەرا و میلی تفەنگ و چەکەکانیان ڕادەکێشن و پەلاماری ئۆتۆمبیلەکە دەدەن و بە سەریدا دەقیژێنن و لوولەی چەکەکانیان دەبەنە ژووریٚ و بۆ سەروچاوی ئەوانەی لە پێشەوە دانیشتوون، و داوای خامۆشکردنەوەی چراکانی لێ دەکەن. کە بە چرا دەستییەکانیان، نێو ئۆتۆمبیلەکە ڕووناک دەکەنەوە و بە تەواوی نێزیک دەبنەوە و سەر دەبەنە ژوورەوە، دەبینن ئەوە بارزانی و شۆفێرەکەیەتی، ئیدی یەکسەر دەنگیان هێور دەکەنەوە و سارد دەبنەوە و داوای لێبوردن دەکەن، کە نەیانزانیوە، لێ بارزانی، دەستخۆشییان لێ دەکات و ئەو بۆ خۆی داوای لێبوردنیان لێ دەکات و پێیان دەڵێت، کە ئەوان ڕاستن و ئەم بۆ خۆی هەڵەیە و داوا لە شۆفێرەکەیشی دەکات، کە دەسبەجێ فەرمانی پێشمەرگەکان، جێبەجێ بکات[81]. لە کاتێکدا، کە بارزانی و شۆڕشەکەی، هەموودەم بنکە و مەکۆ و قەڵای قایمی، هەموو شۆڕشگێڕانی کوردی بەشەکانی دیکەی کوردستان، و پەناگە و داڵدەی هەموو لێقەوماوان و فێرگەی کوردایەتی و کوردستانیەتی بووە و بەکردەوە، بیری کوردایەتی و هەوڵدان بۆ چەسپاندنی قەوارەیەکی کوردی دەدرا، ئیبراهیم ئەحمەد و هاوبیرانی، هەمیشە بازرگانییان بە وشەی کوردایەتی و هەستی خەڵکەوە کردووە و بە پێچەوانەشەوە، لە خزمەتی نەیارانی کورددا، دژ بە وەدیهێنانی قەوارەیەکی کوردی بوون. جەمال نەبەز دەڵێت:"هوردەبۆرژوازی کورد{مەبەست تاقمی ئیبراهیم ئەحمەدە-شاکەلی}چ لە کاتی خۆهەڵپەسارندنی دا بە سەرکردەیەتی ی کلاسیکی ی کوردەوە(لە 1946ەوە تا1964) و چ لە کاتی خۆهەڵپەساردنی دا بە فەرمانڕەوایان و کاربەدەستانی ئەو وڵاتانەوە کە کوردستانیان دابەشکردووە بە نیازی کوژاندنەوەی شۆڕشی کورد(لە 1964ەوە تا1970)، زۆر بە توند و تیژی بەربەرەکانێ ی ((بیری دەوڵەتی ناسیۆنال))ی کوردی دەکرد، هەروەک ناسیۆنالیستە عەرەب و تورک و فارسەکان و بگرە خەستتریش لەوان دژی هەموو هەستێکی سەربەخۆیی ی لە نێو کورددا دەوەستا، و بە نێوی ((جیابوونەوەخوازی))یەوە بەربەرەکانێ ی دەکرد و تەنانەت لەگەڵ کاربەدەستانی دیکتاتۆری ئەم وڵاتانەدا هاوکاری دەکرد(چ بە چەک و چ بە دەنگوباس بۆ کۆکردنەوە) لە دژی ئەو کوردانەی بە فەرمانڕەوایی ی ئەم بێگانانە ڕازی نەدەبوون"[82]. بەو قسانەدا دووڕوویی و پەتپەتێن و ناڕاستیی، وردەبۆرژوازی کوردمان، کە ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی نموونەکانیانن، بۆ دەردەکەوێت. تاقمی ئیبراهیم ئەحمەد-جەلال تاڵەبانی، لە بڵاوکردنەوەی، بیروباوەڕی دژ بە کورد و کوردایەتی و بریندارکردنی هەستی خەڵکی کورد و سڕینەوەی هەموو شوێنەوار و پیرۆزییەکی کورددا، هەرگیز شەکەت نەبوونە و زۆر چالاکانە هەوڵی خۆیان داوە. لە سەردەمێکدا،

---

[81] کاک حەکیمی کاکەوەیس، کە ئەودەمی بۆ خۆی پێشمەرگە بوو و لە نێو شۆڕشدا بوو، ئەم باسەی بۆ گێڕاومەتەوە.
[82] نەبەز.. بیری.. ل170.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

که له بەغدا، له خزمەتی حوکوومەتی عیراقدا بوون، له ڕۆژنامەی ئەننوور"النور"ی زمانحاڵی خۆیاندا، که له بەغدا دەردەچوو و له گۆڤاری"ڕزگاری"دا، که بڵندگۆ و سەکۆی هزر و بۆچوون و سیاسەتی جەلالییان بوو له نێو بزووتنەوەی کورددا و ڕووپەلەکانی ڕزگاری، دەیان گوتار و لێکۆڵینەوەی، دژ به سەرکردەیەتیی بارزانی و بنەماڵەی بارزانی و پارتیی دیموکراتی کوردستان، تێدا بوو. ڕزگاری، مەسەلەی جیابوونەوە و شەڕی جەلالی و پارتیی (سەرکردەیەتی بارزانی)، له دەسماڵی سووری ئایدیۆلۆژیا دەپێچا و پاساوی هزری و سیاسی دەدا.[83] گۆڤاری ڕزگاری، که هەژاری موکریانی ناوی نابوو "گۆڤاری ڕزگاریی له نامووس" و که له لایەن نەوشیروان مستەفاوە له سلێمانی دەردەکرا، له ژمارە 1 و 2ی ساڵی 1967یدا و لەژێر ناونیشانی"دژی جیابوونەوەین"، به ئاشکرا مەبەست و نیاز و تێڕوانینی ئەوان دەردەکەوێت[84]، که چۆن دژ به خواستی گەلی کورد، پروپاگەندەی خراپ، دژی شۆڕشی کورد و بارزانی دەکەن. ئەوان بۆ پتر تێکەڵبوون، لەگەڵ بەعسدا و پتر پارەوەرگرتن و زیانبەخشین به گەلی کورد، بارزانییان، به چۆمبی و جیابوونەوەخواز نێو دەبرد و دەیانەویست بەو شێوەیە، پلە و پایەی زێتر بۆ خۆیان، لەکن حوکوومەت وەدەست بێنن. زۆرجاران پێڕۆیانی ئیبراهیم ئەحمەد و جەلالی، مەسەلەی ڕووناکبیری و خوێندەواریی خۆیان و نارووناکبیری و نەخوێندەواریی بارزانییان کردووە و دەکەنە بەهانەی ڕاستی و چەوتیی تێڕوانین و مەسەلەکان و تەنانەت خەڵکانی سەر به ڕێبازی خۆیان به شێوەیەک پەروەردە کردووە و دەکەن، که گوایە ئەوان نوێخواز و هاوچەرخن و بارزانییش پارێزگار و کۆنەخوازە و ململانێی ئەوان و بارزانی، هەر له سەرەتایشەوە، ململانێی شارستانیەتی و ژیاری و خێڵەکیەتی و ناشارستانیەتییە. وەک بەرنامە و پرۆگرام و کاربۆکردنیش، ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی، که سەرانی ڕێبازی جەلالین، هەمیشە ویستوویانە، وێنەی خوێندەوارانە و ڕۆشنبیرانەی خۆیان، به خەڵک و به تایبەت به بیانییان، پێشان بدەن. دەیڤید ئادامسن، نووسەری کتێبی"جەنگی کورد و کەرتبوونی 1964"، که جەرجیس فەتحوڵلا کردوویە به عەرەبی، که باس له ئیبراهیم ئەحمەد دەکات، وەک ئینگلیزییەکی لەندەنیی، شارەزای شەیکسپیر و برتەرەند ڕەسڵ و هارۆڵد لاسکی و وەک شاعیر و پیاوێکی هەستناسک و شارەزای حافز(حافظ) دەیداتە ناسین. دانا ئادەمز شمیت، نووسەری کتێبی(گەشتێک بۆ نێو پیاوانی ئازا له کوردستان)، ئەویش، تا ڕادەیەک هەر بەو شێوەیە باسی ئیبراهیم ئەحمەد دەکات و به پیاوی کتێب، ڕووخۆش، دەم و زمان پیس و قسەڕەق، لێ قسەزان، بیرمەند، ساکار و ڕۆشنبیر نێوی دەبات، که هەمیشە له نێوان کتێبی، دەستۆییێڤسکی، هاریسۆن، شەیکسپیر، هارۆڵد لاسکی، مارکس و لێنیندا بووە[85]. بێگومان هەموودەم، که ئیبراهیم ئەحمەد زانیبێتی دیدار و گفتوگۆی لەگەڵدا دەکرێت، هەر زوو خۆی بۆ ئامادە کردووە و هەموو جۆرە کتێب و پارچە کاغەز و ئەو جۆرە شتانەی، به دەوروبەری خۆیدا، بڵاو کردووەتەوە، بۆ ئەوەی ڕەنگی ڕۆشنبیر وەربگرێت. هەر ئەو کاتەش، که ئادامسن لەوێ بووە، ڕێک وەها کارێکی کردووە، بۆیە ئادامسن وای باس دەکات. دیارە ئەو جۆرە کارە، لای جەلال تاڵەبانییش، وەدی دەکرێت و وەک فرەنسۆ هەریری دەڵێت، "ئەو لەپێش کتێبخانە نەبێ دیمانە ناکا..دیمانەی جەلال لەگەڵ هەر کەسێکدا بێ، دێ له پێش کتێبخانەیەک دادەنیشێ و هەزار کتێب له پشت خۆی دادەنێ بۆ ئەوەی وا نیشان بدا ڕۆشنبیرە و ، شانازی بەو کتێبانەوە دەکا. مەبەستیشی تەنیا چەواشەی

---

[83] نەجمەدین..، له سێبەری ..، ل24.

[84] نەبەز..، بیری..، ل257.

[85] شمیت..، رحلة ..، ص181-182.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

گەنجەکانە"[86]. فرەنسۆ هەریری، ئامۆژگاری جەلال تاڵەبانی دەکات و دەڵێت:"من یەک ئامۆژگاریی جەلال دەکەم ئەویش ئەوەیە با لەمەودوا بچێ لەناو کتێبخانەی گشتیدا دیمانە بکات چونکە ئەوێ لە هەموو شوێنێک کتێبی زیاتر لێیە"[87]. ڕەنگە ئەوە چارەسەرێکی باش بێت، بۆ پێشاندانی زۆریی کتێب و کاغەز، کە ئەوان بە پێوەری ڕۆشنبیریی دادەنێن. دەکرێ کەسانێک، کە دەرچووی فێرگە و خوێندنگە و زانستگە بن و خاوەن بەڵگەنامە و بڕوانامە و شەهادە و مەدرەک و تێز و ئەو جۆرە شتانە بن، یا کاری هۆشەکی و مێشکیی بکەن، ئەوانە بە خوێندوو و خاوەن بەڵگەنامە و بە کاری مێشکییەوە خەریکبوو(ئینتێلەکتوێل) دابنرێن، کە ڕەنگە ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانییش، ئەگەر بە چاوی پارێزەر و شاعیر و نووسەر و ڕۆژنامەنووس و ئەو جۆرە شتانەوە تەماشایان بکەین، بگرێتەوە، بەڵام هەرگیز بە بەڵگەنامە و خوێندنگە و زانستگە و ئەو کارانە، مرۆڤ نابێتە ڕەوشەنبیر. ڕەوشەنبیر "شێوەی بیرکردنەوەی مرۆڤێکە، بەڵام ئینتێلەکتوێل شێوەی کاری مرۆڤێکە و بە پێی ئەم قانوونە، هەندێ ڕۆشنبیر ئینتێلەکتوێلن و هەندێکیش نە، و بە پێچەوانەشەوە، هەندێک لە ئینتێلەکتوێلەکان ڕۆشنبیرن و هەندێکیشیان نە"[88]. بەپێی عەلی شەریعەتی، ڕووناکبیر یا ڕەوشەنبیر، کەسێکە، کە "خاوەنی دیتنێکی ڕەخنەگرانەیە. ڕۆشنبیر نە فەیلەسووفە، نە زانایە، نە نووسەرە و نە هونەرمەند. ڕۆشنبیر توندڕۆیەکی ئاگایە، کە ڕۆحی سەردەم و پێویستیی کۆمەڵگەی خۆی، هەست پێ دەکات و خاوەنی دیتنێکی هۆدۆزەرەوانەیە و ڕێبەرێکی هزرییە. ئەم ئاگایی و دیتنە، ئاگایی و دیتنێکی تایبەتە، کە پتر لە ڕێگەی ئەزموونی جڤاکی و کاری شۆڕشگێڕییەوە، دێتە دی و دەڕەسێت، نەک لە ڕێگەی تەنێ بیرکردنەوەی هۆشەکی و خوێندنەوە و خوێندنی فێرگەفەلسەفەییەکان و ڕشتەزانستییەکانەوە، "[89]. ڕۆشنبیر کەسێکە، پەرۆش و پێویستیی و خواست و ئاواتەکانی کۆمەڵگەکەی، لە دڵدایە و هەستیان پێ دەکات و هەوڵ دەدات، بۆ چاککردن و هێنانەدییان و هەوڵ دەدات بۆ، نەهێشتنی چەوساندنەوەی چینایەتی و ستەمی میللی و هەموو جۆرە ستەمێکی دیکەیش. ڕۆشنبیر مەرج نییە دەرچووی زانستگە و خاوەن بڕوانامە بێت و مەرجیش نییە مرۆڤ بەوانە ببێتە ڕۆشنبیر. دەکرێ مرۆڤ نەخوێندەواریش بێت و وەک "گۆران"ی مەزنیش دەڵێ:"نە حەرفی مەکتەبێکت خوێند نە ئوستادێ پەلی گرتیی"، بەڵام ڕۆشنبیر بێت. پەیامبەری ئیسلام موحەممەد و ئەبووزەر ئەلغەفاری(أبوذر الغفاري)ی، بە گوێرەی عەلی شەریعەتی، دوو نموونەی ئەو ڕاستییەن لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، کە هەردووکیان نەخوێندوو بوونە. ڕۆشنبیر، دەوروبەر و کۆمەڵگە و خەڵکی خۆی، باش دەناسێت و باش لێیان تێدەگات و لاسایی ناکاتەوە و بە وەرگێڕان و کتێب و سەرچاوە، شت فێر نەبووە و "سەرچاوەی زانستیی ئەو کۆڵان و بازاڕ و کارگە و کێڵگە و گوند و ڕووداو و نەریت و ڕەوتار و زمان و شێوەی ژیانی خەڵکە"[90]. ڕۆشنبیر، پەیامبەرە و شەیدای گۆڕان و ئازادییە. مارکس، نموونەیەکی تەواوی ڕۆشنبیرە. ئیمام عەلی، لە ئیسلامدا، نموونەی ڕۆشنبیرە. ژان پۆڵ سارتر، ئێدوارد سەعید، نوام چۆمسکی، نموونەگەلێکی ئەم سەردەمە نوێیەی ڕەوشەنبیرن. ڕۆشنبیر، کەسێکە ئازادانە دەهزرێت و شۆڕشگێڕ و ئەنارکیستە و هەمیشە ڕەخنەگرانە سەیری ڕووداوەکان دەکات و هەرگیز،

---

[86] هەریری..،بۆ ئەوەی..،ل140-141.

[87] سەرچاوەی پێشوو، ل141.

[88] شریعتی، دکتر علی، فلسفه و جامعه‌شناسی سیاسی، قسمت اول، مقدمه، حسین کچوئیان، پژوهش و تدوین محمد علی زکریایی، چاپ اول، تهران 1374، ل216-217.

[89] سەرچاوەی پێشوو، ل193.

[90] سەرچاوەی پێشوو، ل206.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

سازش لەگەڵ گوتار و ڕەوتاری خاوەن هێزەکاندا ناکات و بە ئاشکرا و ڕاشکاوانە و بوێرانە، دەنگی خۆی دژ بە ستەم و ناڕەوایەتی و بۆ داد و ڕەوایەتی بڵند دەکاتەوە. ڕەوشەنبیر، هەمووددەم لە بەرەی بەرهەڵستکارانی دەسەڵاتە، هەر دەسەڵاتێک بێت، دەسەڵاتی هێزداران، یا هی لاوازان، چونکە دەبێ هەمیشە هەڵوێستی ڕەخنەگرانەی هەبێت و لە ستەم و نادادیی هێزداران بێدەنگ نەبێت و ڕێگەیش بە لاوازان نەدات، ببنە ستەمکار و زۆردار. بە وردبوونەوە لە کەسایەتیی ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی، ئەوەمان بۆ ساغ دەبێتەوە، کە ئەوان هەرچەندە، خۆ بە ڕۆشنبیر دەدەنە قەڵەم، وەلێ ئەوان و زۆری دیکەش لە هاوبیرانیان، گەلەک لەو چەمک و پێناسەیەوە دوورن. ئەوان تا ئێستاش، نە زمانی خەڵکی خۆیان دەزانن و نە هاوئازار و هاودەردی خەڵکیشن. ئەوان لەبری سیاسەت و ڕێبەریەتی خەڵک، چاکتر وابوو، پارێزەری، ڕۆژنامەنووسی، کتێبفرۆشی، بەڕێوەبەریی هوتێل و چێشتخانە، کارمەندی بانک، کارمەندی دەسگای گەشت و سەفەر، فرۆشیاری ئۆتۆمبیل، دەلاڵ، جامباز و بزگێر، یا هەر کارێکی دیکەی لەو جۆرەیان بگرتایەتە دەست. نەوشیروان مستەفا، کە ئەویش لە تانە و تەشەر و قسەی دزێو گوتن بە بنەماڵەی بارزانی و وەک خێڵ و خێڵەکی پێشاندانیان، لە سەرانی دیکەی حیزبەکەی، ئەگەر زیاتری نەکردبێت و نەگوتبێت، کەمتری نەکردووە و نەگوتووە و ئەو باسکردنی خێڵ و خێڵەکیەتییەش، لە لایەن جەلالییانەوە، ئەگەر چەند هۆیەکی دیکەیشی هەبێت، ئەوا بێگومان یەکێک لە هۆ بنەڕەتییەکانی، گرێکوێرەی هەست بە کێماسیکردنە و هەست بە بێڕەگوڕیشەیی کردنە. هەستکردنە بە بێبناخەیی و بێکەسی، لە کۆمەڵگەیەکدا، کە شیرازەی پێوەندداریەتی و بنەمای پێکهاتەی، بە خێزان و بنەماڵە و خێڵ و هۆز و...گرێ دراوە و دامەزراوە. نەوشیروان مستەفا، کە ویستوویەتی و ڕەوشەکە خێڵی دزێواندبێت، ئەوا ئەو دژ بە خێڵ بووە و گاڵتەی بە لادێیی کردووە، لێ کە پێویستی بووبێت، ئەوا ئەو لادێیی بووە و کوڕی خێڵ بووە و داوای کۆمەکی لە خێڵ کردووە. نەوشیروان مستەفای ئەمینی مەلاخدر، بە ڕەچەڵەک خەڵکی گوندی (ناوگردان)ی دەوروبەری سەیسایەقە لە شارەزوور. ئێستاش کەسوکاری و مام ڕەزای مامی هەر لەو گوندەن. نەوشیروان مستەفا "کە زۆرجار قسەی بە لادێی ئەوت بەلام لە کاتی شەری سۆسیالیست و یەکێتی لە کاتی مفەوەزاتی 1984 یەکێتی لەگەڵ حکومەتی عێراق کاک نەوشیروان لە گوندەکان دەگەڕا دەیوت من لە عەشیرەتی شاتریم و لە عێل جافم بۆیە داواتان لێ ئەکەم کە هاوکاری یەکێتی بکەن و هاوکاری سۆسیالیست و لایەنەکانی تر مەکەن"[91]. نەوشیروان مستەفا، هەر کە سەردانی گەرمیانی کردبێت، یەکسەر سەردانی ماڵی حاجی ئیبراهیم و حاجی قادری شاتری، لە کەلار کردووە، تەنێ وەک پێشاندانی ئەوەی، کە ئەو بۆ خۆی سەر بە هۆزی (شاتری)یە و هەست بەوە بکات، کە لە شاترییبوونەوە، سەرباری هێزێکی سیاسیی، کە بۆ خۆی هەیەتی، هێزێکی دیکەیشی پێ دەبەخشرێت. نەوشیروان مستەفا لەو کاتەدا"خۆی لە جاف جافتر و لە شاتری شاتری تر دەزانی.."[92]. پێناسەی شۆڕشگێڕ لەگەڵ کەسایەتیی بارزانیدا پێکەڵ دەبێتەوە، نەک لەگەڵ ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانیدا. هیچ کەسێک، هەر لەبەر ئەوەی نووسەرە، یا شاعیرە، یا هونەرکارە، ئیبراهیم ئەحمەد، جەلال تاڵەبانی و زۆر لە هاوبیرانیان خۆیان دەترنجێننە ئەو خانانەوە، نابێتە پسپۆر و لێزان و پیتۆڵ، لە سیاسەت و چارەسەرکردنی گیروگرفت و جەنگکاری و ئابووریدا و ناشکرێ، هەر لەخۆڕا، نێوی شۆڕشگێڕی پێ ببەخشرێت. لە ڕووی شێوەی خۆپێشاندان و کارەوە، هیچ کام لەو دووانە (ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی)، خۆڕسکی و سروشتی و دەسبەجێیی و ڕاستەوخۆیی (العفويةو التلقائية) یان، کە لە مرۆڤی شۆڕشگێڕ و

---

[91] محمود..، ڕۆژژمێری..،بەرگی یەکەم، ل442.

[92] سەرچاوەی پێشوو، ل 145.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ڕاستگۆدا هەیە، تێدا نییە و زۆربەی ڕەوتار و جۆری ئاخافتن و کارەکانیان، تەنگاوبوون و زۆرلەخۆکردن(تكلف)یان پێوە دیارە. یەکێک لەو کەسانەی، کە زۆر بە وردی کەسێتی جەلال تاڵەبانی خوێندووەتەوە، تەلال سەلمان(طلال سلمان)ی، سەرنووسەری ڕۆژنامەی ئەسسەفیر(السفیر)ی لوبنانییە. سەلمان، کە نووسەرێکی زۆر چاکە و زۆریش بوێر و بە بڕشتە، لە ژێر سەردێڕی (کوردی وێڵ- الكردي التائه)دا، لە سەرگوتاری ئەو ڕۆژنامەیەدا، دەنووسێت:"دەشێ وەک نموونەی سیاسییەکی خۆگەهێن و هەلپەرست، کە تۆزیان ناشکێندرێت، لە کەسێتی جەلال تاڵەبانی بکۆلدرێتەوە. ئەو پیاوی گشت وەرز و گشت سەردەمێکە، ئەگەر بە کاریکاتێریش بێت. ئەو کوردێکی، عەرەب، ئێرانی، تورک، ئەمەریکی، ئینگلیز، ئەڵمانییە. لە نێو کورددا، ساتێک بارزانیستە و ساتێکی دیکە دیموکراتە و ئەگەر بەرژەوەندەکان و هەلی ڕەخساوییش پێویست بکەن، فەیلییە. ئەو لە دەستە چوار کەسییە چینییەکە چەپڕۆترە. ئەو بە جۆرێک ڕاسترۆیە، کە دەکرێ ببێتە مامۆستای بنەماڵەی میرانی سعوودی و شێخەکانی کەنداو. ئەو بێشاردنەوە و پارێز عەلمانییە و بە جۆرێک ئاییندارە، تا ڕادەی خۆبەدەستەوەدان، بە تیۆرییەکەی ئیمام خومەینی لەمەڕ ویلایەتی فەقیە و بازدان و تێپەڕاندنی ڕێڕۆ سوننییەکەی خۆی..هەر شتێکیش بدرەوشێتەوە زێڕ نییە. ئەو لەگەڵ جەمال عەبدونناسردا نەتەوەییەکی عەرەب و یەکیەتییخوازە، لێ لەگەڵ موعەممەر ئەلقەززافیدا، ئەو شۆڕشگێڕە و شەڕی چەکدار بەکار دەبات بۆ بەجێهێنانی (تیۆری جیهانی سێیەمی) و جێبەجێکردنی گوتەکانی کتێبی کەسک، لە هەموو جیهاندا. لە کۆنگرەی ئۆپۆزیسیۆنانی عیراقدا لە بەیرووت، ئەو نوێنەری ژەنەراڵ شوارزکۆف بوو و لە دیمەشقیش وەک میرێکی نەجدی، عەبا و عەگالی لە سەر نا. کە گەیشتە زاخۆ جلی مەلای پۆشیی و هاواری ڕزگاری کرد و ئەو هاوارەی گەیاندییە حەشارگەی سەددام حوسەین و لە سەر نەوتی کەرکووک، لەگەڵیدا کەوتە گوتوبێژەوە، وەک پێشەکییەک بۆ باسی مافی کورد، لە سلێمانی، هەولێر، دهۆک، شەقلاوە و گلاڵە تا دەگاتە سەرسەنگ. لە بەغدا ئەوەی موڵکی وی نەبوو فرۆشتی و ئەوەیشی، کە سەددام حوسەین نەیبوو، ئەو کڕیی. ئەوجا بازی دا و گەیشتە ئەنقەرە، بۆ ئەوەی هەرچییەکی لە عیراقییەکان سەندبوو، بفرۆشێتە تورکەکان، بۆ ئەوەی، پێشی مەسعوود بارزانی بکەوێت، لەو ئەنجامانەی، کە ڕەنگە بیانگاتێ. لە کۆنگرەی سۆسیالیستی نێونەتەوەییدا، کە لە ئیستەنبوول، کە لە حەفتەی دووەمی مانگی حوزەرانی 1991دا گیرا، تاڵەبانی هەلی ئامادەبوونی نوێنەرێکی ناسراوی ئیسرائیلی(شەمعوون پیرێز) قۆستەوە و لە نێوان کۆمەڵە خەلکێکی ئەورووپاییدا، کەوتە گاڵتەکردن بە عەرەبە دۆڕاوەکان، بە ئێستا و داهاتوویان، بە جۆرێکی زیاتر لەوەی، کە خانەخوێ تورکەکە دەیویست، دوا پێشاندانی خۆی، پێشان دا. تاڵەبانی لە بەردەم سۆسیالیستانی(نێونەتەوەیی یەکەم)دا، کە بۆ خۆیان وا نێوی خۆیان دەبەن، بە جۆرێک باسی عەرەبی کرد، کە عەرەب خراپترین مرۆڤن و لە هەموو مرۆڤێکی دیکەش ڕەگەزپەرستترن و لە هەمووان زیاتریش نەتەوەکانی دیکە دەچەوسێننەوە و بەو کۆمەڵە زمانەی، کە دەیانزانێت و دەتوانێت لە هەر هەلومەرجێکدا، کە چۆنی گەرەکبێت بەکاریان ببات، هەر گوتی و هەر گوتی و زۆری گوت...پاشان کتوپڕ، تاڵەبانی هەستی کرد، کە لە نێو ئامادەبوواندا عەرەب هەن، بەڵام دوای چی، دوای ئەوەی، کە تازە تێپەڕیبوو.. و کاتێکیش، کە جێگری سەرۆکی حیزبی پێشکەوتنخوازی سۆسیالیست (دورێد یاغی)، وەڵامی تاڵەبانی دایەوە، تاڵەبانی شێوەی قسەکردنەکەی و ئەو کەسانەیشی، کە لەگەڵیاندا ڕوونیشتبوو، گۆڕی و خێرا و بە زمانی عەرەبی، داوای لێبوردنی کرد! پاشان، بە نێو هۆڵەکاندا دەگەڕا، بەو هیوایەی (وەلید جونبولات) بدۆزێتەوە، پێش ئەوەی جونبولات بچێتە نێو هۆڵەکەوە و هەموو ئەو کارە دەرکەوێت و ئاشکرا ببێت و ببێتە هەرا. تەواوی ئەو شتانە



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

نابنە هۆی چاکبوونی ڕەوشی جەلال تاڵەبانی لە عیراقدا، نە لە باکوور و نە لە ناوەند و خواروویشدا. کوردەکان، بڕوایان بە هەڵوێستەکانی نییە و لە ڕاستگۆیی و پابەندبوونی بە هەرچی ئاشکرای دەکات، دڵنیا نین. کوردەکان، زۆرجاران، لە تاڵەبانییان بیستووە، کە چۆن قسە بە کەونە هاوپەیمانێکی خۆی، بە برایەکی و بە هاوڕێیەکی، کە تەنگانە ڕۆژێک لە ڕۆژان لێی دوورخستووەتەوە، دەڵێت. جەلال تاڵەبانی، هەمیشە وەک نموونەی هەلپەرستێک، کە هەڵوێستی خۆی بە بەهێزترین دەفرۆشێت و بەوەش دۆست و ناوبانگ دەدۆڕێنێت و هیچ جێگە و پایەیەکی بەرزیشی دەست ناکەوێت، دەناسرێت. وەک هەندێک لە برادەرانی دەڵێن، جەلال تاڵەبانی، هەموو هەڵوێستەکان دەفرۆشێت و لە بیری دەچێت یەک دانەیان بۆ خۆی هەڵگرێت. هەر لەبەر ئەوەش، ئەو وەک نموونەی کوردێکی وێڵ، بە پلەی یەکەم، لە نێو کورداندا و دواییش لە نێو عەرەبدا، دادەنرێت "[93]. لە گوتارێکیدا، لە ژێر سەردێڕی (مامۆستا)دا، کە هەر مامۆستا کوردییەکەیە و ئەویش هەر ئەو وشەیەی بەکار بردووە،، لە بڵاوکراوەی ئەلمەجرەشە(المجرشة)دا، عەبد عەلی ئەلکەتبی(عبد علي الكتبي)، باس لە هەلپەرستی و ناڕاستی و زووگۆڕانی گوتار و کردەوەکانی جەلال تاڵەبانی دەکات و لە کەسێتی ئەو دەکۆڵێتەوە و دەڵێت:"مێژوونووسان سەریان سووڕ دەمێنێت، لەوەی سەیدا جەلال تاڵەبانی(مامۆستا) لە کوێ دانێن و چۆن پۆلێنی بکەن. ئەگەر بگوترێت، تاڵەبانی، وەک خەباتکارێکی کورد، لە پێناوی مافە نەتەوەییەکانی کورد و کێشەی نیشتمانیی عیراقدا، دەستی بە ژیانی سیاسی خۆی کرد، کەسانێک دەردەپەڕن (هەندێکیان هاوڕێ زیندووەکانی تاڵەبانین)، کە دەڵێن، جەلال تاڵەبانی هەمووەم ڕێگەی خۆشاردنەوەی لە ماڵی (سەعید قەززاز)دا، کە وەزیری نێوخۆی سەردەمی پاشایەتی بوو، لە کاتی پەیمانی بەغدادا، دەدۆزییەوە. ئەگەر کەسانێک دەمەتەقە لە سەر ئەوە بکەن، کە تاڵەبانی، ڕۆژێک لە ڕۆژان، نوێنەرایەتیی تەوژمی پێشکەوتنخوازی، مارکسایەتی، لە نێو بزاڤی نەتەوەیی کورددا کردووە، بە گوێرەی ئەوەی، کە دەیەویست حیزبی کۆمۆنیستی عیراق، لە ناوەندی ساڵانی پەنجاکاندا، کەرت بکات و حیزبێکی کۆمۆنیستی کوردی دابمەزرێنێت، خەلکانێکی دیکە، گاڵتەیان بەو قسەیە دێت و وەک نموونە، ئاماژە بە ڕۆڵی تاڵەبانی دەکەن، لەو کوودێتا سپییەی، کە بارزانی ڕێبەریەتیی کرد، دژی مەکتەبی سیاسیی پارتیی دیموکراتی کوردستان و دەستەی بەڕێوەبەری ڕۆژنامەی خەبات، بۆ پاکسازیکردنی حیزب و ڕۆژنامەکە لە خەڵکانی چەپ و مارکسییەکان. ئەوێ ڕۆژێ تاڵەبانی، بەو شێوەیە دەینۆڕییە ئەو پاکتاوکارییە، کە دەیگوت، مارکسییان لە نێو پارتیی دیموکراتی کوردستاندا، و بە تایبەت لە سەرکردەیەتییدا، جێیان نابێتەوە، چونکە پارتیی بزاڤێکی نەتەوەیی پاکە و مارکسییە کوردەکان، دەبێ بچنە نێو حیزبی خۆیانەوە، حیزبی کۆمۆنیستی عیراق و کەسیش لە مەلا زیاتر، سەرۆک نییە، دیارە سەرۆک عەبدولکەریمیش، بە تایبەت کاتێک، کە عەبدولکەریم، پێوەندی لەگەڵ کۆمۆنیستە عیراقییەکاندا تێکچووبوو. بەڵام دەبوو تاڵەبانی، لە نێوان هەردوو سەرکردەیەتیدا، یەکێکیان هەڵبژێریت، کاتێک کە نێوان فەرمانڕەوایی و بزاڤی کورد تێکچوو. تاڵەبانی چووە چیا. لێ ئەمە ڕێگەی ئەوەی لێ نەگرت، کە لەگەڵ دۆڵدا دڵداری بکات، لە ڕێگەی نامەکانییەوە، کە بە گەواهی یەکێک، لەوانەی لە سەرۆکی کۆچکردوو عەبدولکەریم قاسمەوە نێزیکبوون، پڕبوون لە داوای بەخشین و پاڕانەوە. هەندێ کەس پێیانوایە، تاڵەبانی، لەو کەسانە بوو، کە زۆر سوور بوو لەسەر ئەو مانگەهەنگوینە تاڵەی نێوان سەرکردەیەتیی بزاڤی کورد و کوودێتاکارانی 1963. بەڵام ئیدی تاڵەبانی درێژەی بە ناکۆکی و ناتەبایی خۆی لەگەڵ سەرکردەیەتیی کورددا دا و بەردەوام بە پێچەوانەی سەرکردەیەتی کوردەوە دەجووڵایەوە. کە

---

[93] سلمان، طلال، الكردي التائه، السفير، 1991/6/29.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

سەرکردەیەتیی کورد لە سەردەمی هەردوو عارفدا و کوودێتای 1968، لە بەغدا نێزیک دەبوونەوە، مامۆستا بازی دەدا و ڕووی دەکردە تاران و سەرکردەیەتیی کوردی بەوە تاوانبار دەکرد، کە بەرژەوەندی گەلی کوردیی بە ئاوا داوە و لەگەڵ حوکوومەتی نێوەندەکیی بەغدادا، سازشی لە سەر دەکەن. کە سەرکردەیەتیی کوردیش ڕووی لە تاران دەکرد، تاڵەبانی بازی دەدایە ئامێزی حوکوومەتی نێوەندەکیی بەغدا و سەرکردەیەتیی کوردی بەوە تاوانبار دەکرد، کە بەرژەوەندە نیشتمانییەکانی عیراق بە فیرۆ دەدات و بە بەکرێگیراوی بۆ نەیارە مێژوویی‌یەکانی عیراق تاوانباری دەکرد..تا پێکهاتنی مارس، کە یەکێک لە بەندە نەنووسراوەکانی، بەدەستەوەدانی مامۆستا و حەمید عوسمان (سەلیم سوڵتان)، بوو، کە لەکن سەددام حوسەین بووبوو بە ڕاوێژکار، لەمەڕ کاروباری کورد و بەرەی نیشتمانیی، بە سەرکردەیەتیی بزاڤی کورد. حەمید عوسمان، هەرچەندی توانستی بادانەوە و وەرچەرخانی هەبوو، بەڵام زیرەکی مامۆستا و پایەی خێڵەکیەتیی ئەوی نەبوو، بۆیە لە ماڵی خۆیدا، بە دەستبەسەری مایەوە و ڕدێنی بەردایەوە و خەریکی تەزبێحات و دەروێشی بوو و دواییش بزر بوو. لێ تاڵەبانی، چەند زوو پەشیمانی پێشاندا و پەنای بردە بەر ئارامی و وەک دەستبەسەریی بە تۆبزی، لە نێزیک بارەگای سەرکردەیەتیی کوردەوە جێگیر بوو، تا دواتر، توانی لە سەرەتای حەفتاکاندا، ئەو سەرکردەیەتییە قایل بکات بە سەفەرکردن بۆ بەیرووت، بە ناوی ئەوەی، لەوێ باسێک لەمەڕ پرسی کوردەوە دەنووسێت. مامۆستا، لە بەیرووت، دەستی بە باسێکی لە جۆرێکی دیکە کرد، بۆ لێدانی سەرکردەیەتیی مێژوویی بزاڤی کورد و سەرلەبەیانیان دەچوو و زەنگی باڵیۆزخانەی چینی، لە بیئر مەسەن (بئر مسن) لێدەدا، بۆ ئەوەی ئێواران بچێتە ئاهەنگەکانی باڵیۆزخانەی سۆڤییێت لە وەتیی ئەلمەستەبە(وطي المصطبة) و گوێڕایەڵی و بچووکی و دڵسۆزیی خۆی، بە شاندەکانی سەرکردەیەتیی کورد بۆ بەیرووت، لە عەشمییە (العشمية)، پێشان بدات. لە نێوان ئەمە و ئەوی دیکەدا، کاتی ئەوەیشی دەدۆزییەوە، کە ئامادەی بۆنەنەتەوەییەکانی، باڵیۆزخانەی عیراق بێت لە بەیرووت، وەک 17-30ی تەمووز و چاوبڕکێیش، لەگەڵ تارانی شا دا، لە ڕێگەی سەفیرەکەیەوە لە بەیرووت بکات و هاتوچۆی باڵیۆزخانەی مسریش بکات و جارجاریش سەردانی دیمەشق بکات..پاشان بزاڤی کورد لە 1975دا، بە هۆی پێکهاتنی ئەلجەزائیرەوە، هەرەسی هێنا و مەلا مستەفا بارزانییش کۆچی دوایی کرد و دەڵێن، کە مرد لە دڵیدا پەژارە و خەم و داخێک هەبوو، کە هەندێکی لە سەددام و کیسینجەر و شاوە بوو، زۆرێکیشی لە تاڵەبانییەوە بوو. ئەو کەسەی، کە لە کن سەرکردەیەتیی لیبیا، سەرەتای هەشتاکان میانچگەریی بۆ تاڵەبانی کرد، بۆ ئەوەی هاوپەیمانییەکی مێژوویی، لە نێوان بزاڤی نەتەوەیی کورد و بزاڤی نەتەوەیی عەرەبدا، بە سەرکردەیەتیی عەقیدی برا، ساز بکرێت، دەگێڕێتەوە، کە کاتێک مامۆستا گەیشتووەتە عەقید، خۆی فڕێ داوەتە بەر پێیەکانی و سوێندیشی خواردووە، کە هەڵناسێتە سەر پێ، تا عەقیدی برا ئەو ئومێد و ئاواتەی ژیانی بۆ نەهێنێتە دی، بەو کارەش یاوەرە عیراقییەکانی تووشی پەشۆکان کردبوو. عەقید، نەفرەت لە شەیتان دەکات و دوای بیرکردنەوەیەکی قووڵ، وەک ئاسایی، گوتی، برام جەلال، من لەگەڵ سۆڤییێتدا ڕێککەوتنێکم هەیە، کە مووشەکی سام، بێ قایلبوونی ئەوان، بە لایەنێکی سێیەم نەدەم. مامۆستایش دەسبەجێ گوتی(چ سامێک مام، من لەوە بەهێزتر و کاراترم دەوێت!) عەقیدیش سەری سووڕ ما و دوای بیرکردنەوەیەکی قووڵتر، گوتی(بەڵام سۆڤییێتییەکان تا ئێستا مووشەکی کیشوەربەزێنیان بە ئێمە نەداوە) ئەوجا مامۆستا ڕاپەڕی و گوتی(ئێوە لەوە کاریگەرترتان هەیە! ئێوە کتێبی کەسکتان هەیە! تکا دەکەم ڕێگەم بدەی وەریگێڕمە سەر زمانی کوردی، ئەوە چەکی هەرە کاریگەری کوردە، ئەو چەکە، نابەزێنرێت!) وەک دەگێڕنەوە، مامۆستا لەوێ دێتە دەرێ و



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

کتێبی کەسکی لە بنهەنگڵێکدایە و لەو بنهەنگڵەکەی دیکەیشیدا، لەوە کەسکتر و کاراتری هەڵگرتووە! دواتر نووسینگەی عەقیدی برا 5 دانەی لە وەرگێڕانە کوردییەکەی کتێبی کەسک، گەیشتێ، و دەرکەوت ئەوانە تاکە ئەو نموونانەن، کە چاپ کراون و پەخش کراونەوە و مافی وەرگێڕانیشی پارێزراوە، بۆ پەخشکاری، یا وەرگری پارەکەی، چ جیاوازییەکی نییە! کۆتایی 1983، چاوی بە سەددام حوسەین کەوت، بۆ جەنگکردن دژی بەکرێگیراوانی تاران! لێ دواتر لەگەڵیدا تێکچوو، لەبەر ئەوەی سەددام حوسەین داوای لە هاوپەیمانە نوێیەکەی کرد، لە ڕیزی جاشەکاندا لە دوای دواوە ڕاوەستێ، بەڵام جەلال دەیویست پێشەنگی ئەوان بێت. ئەوجا مێزەری لەسەر نا و فڕی بەرەو تاران و بەوەش، لە بەر دەرگاکانیدا، ملانێ و پێشبڕکێی لەگەڵ خەڵکانی دیکەدا دەکرد و تیۆریی، بۆ ژوانی مێژوویی، نێوان بزاڤی نەتەوەیی کورد و بزاڤی ئیسلامی، بە ڕێبەریەتیی ئیمام، دەدۆزییەوە..! دەستەکانی خستنە نێو دەستانی سەرانی بزاڤی ئیسلامی و حیزبی کۆمۆنیستی عیراق، لە کۆنگرەی ئۆپۆزیسیۆنی عیراقیدا لە بەیرووت. لە مەککە بەیاوەریی یەکێک، لە ڕێبەرانی حیزبی کۆمۆنیستی عیراق و یەکێک لە ڕێبەرانی حیزبی بەعس(سەرکردەیەتیی وڵاتی عیراق)، کە نوێنەری کۆمیتەی هاوبەش بوون، پۆشاکی ئیحرامی لەبەر کرد و لە ڕێگەی خۆیدا بۆ واشنتن، هەم پۆشاکی ئیحرامەکەی و هەمیش هاوپەیمانە بەعسییەکەی داکەند و لەخۆ کردەوە. دواتریش هاوپەیمانە کۆمۆنیستەکەی و کۆمیتەی کاری هاوبەشەکەیشی، بە گوێرەی مۆچیارییەک لە واشنتنەوە، کە خوا و مامۆستا بۆ خۆیان دەزانن، لە ڕێگەی خۆیدا بۆ ڤیەننا، ئەوانیشی تووڕ دا. سەرکردەیەتیی شاندی کوردی کرد، بۆ بەغدا، بۆ ئەوەی، فرمێسکی گەرم، بە سەر شانەکانی ڕێبەری پێویستیدا، هەڵڕێژێت، چونکە یەک میلیۆن کورد و دوو میلیۆن عەرەب و ئێرانی لەبەین بردووە. پاشان، بەرەو چیا کشایەوە و هاوڕێیەکانی، کە ئەو بۆ خۆی دەرگای گفتوگۆی بۆ کردنەوە، بە پەشیمانبوونەوە و لاوازیی، تاوانباری کردن. لە ڕێگەی هاریکارییەوە لەگەڵ سەددام حوسەیندا، کۆمەکی بە هاوڕێیەکانی پارتیی-ئێرانییەوە کرد، لە جەنگیاندا دژی تاران، دواییش گەلێک خێرا، لەگەڵ پاسداردا، کەوتە جەنگیانەوە. دوای وەرچەخانی لە تاران، هەمان کاری لەگەڵ پارتیی کارگەرانی کوردستان-تورکیا(پ.ک.ک)دا، ئەنجام دا و هەر زۆر گەرم بوو، لە سەر ئەوەی سەربازگەیان بۆ بکاتەوە و مەشقیان پێ بکات و چەک و ئایدیۆلۆژیای ماویستییان بداتێ و لە هەمووانیش توندوتیژتر بوو بەرانبەریان، کاتێک، بەو دواییە بۆی دەرکەوت، کە ئەمجارەیان، ڕێگەی کوردستان، بە ئەنقەرەدا تێپەڕ دەبێت! هێشتا تەمەن بە بەرییەوە ماوە و پەتیش.. تەنانەت تا ئیسرائیل بڕ دەکات! کاتێک، کە قارەمان، یا پاڵەوان، لە دەڤەرێکی جوگرافیایی یەکجار ئاڵۆز و تێکەڵدا و لە نێوان پەتی سێدارە و پەتەکانی یارییدا و لە ساتێکی مێژوویی یەکجار تێکهەڵکێش و بەیەکداچوودا، لە نێوان دەهۆڵی مردن و دەهۆڵی زەماوەنددا، لە نێوان تراژیدیا و کۆمیدیادا، لە نێوان شەهیدان و خائیناندا، لە نێوان قارەمانان و فشەکەران و گاڵتەجاڕاندا، باز دەدات، تەماشاکاران، هەناسە لە خۆیان دەبڕن و چاوەنۆڕی جووڵانەوەی داهاتوو دەکەن. کاتێکیش تەماشاکاران، لەوە دڵنیا دەبن، کە ئەوە دوا هەڵبەزینەوە-کەوتنی کۆتاییە ئەمجارە، ئیدی کاتی گریان تێپەڕ بووە و کاتی پێکەنینیش بە سەر چووە..ئیدی چەپڵەیەکی کەمیش دەبیسیت!"[94]. ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی، کە بۆ خۆیان لە کەسانێکی حیزبی زێتر، شتێکی دیکە نەبوون، دەیانەویست مەلا مستەفا، لە چوارچێوەی پارتییەکدا، بەند بکرێت و بەرنامە و پرۆگرامی بۆ دابنرێت، بەڵام بارزانی گەلێک لەوە مەزنتر بوو، ئەو ڕێبەری هەموو کورد بوو و بیری لە هەموو کوردستان دەکردەوە و مەسەلەکەی، هێندە

---

[94] الكتبي، عبد علي، ماموستا، المجرشة، العدد12، تشرين الاول 1993.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

به تەسکیی نەدەبینی وەک ئەوەی، ئەوان دەیانبینی و دەیبینن. موزەففەر ئەننەوواب(مظفر النواب)، لە شیعری پاکانە(البرائة)کەیدا، بە نێویّ کورە قارەمانە گیراوە زیندانییەکەوە، کە دەسەلآت و بەعس دەیانەوێت بیرووخێنن و پاکانەی پێ بکەن و لە حیزب و بیروباوەڕەکەی دابڕن و دوورخەنەوە، ئەویش بەڵێن بە دایکی دەدات و دەڵێت:"انا ما أهدم حزب بيدي بنيته"، واتە: من حیزبێک، کە بە دەستی خۆم دروستم کردووە، ناڕووخێنم. بارزانی، کە ئیبراهیم ئەحمەد و تاقمەکەی، بە رووخاندن و تێکدانی پارتیی تاوانباریان دەکرد، بۆ خۆی دەڵێت:"پارتیی من خۆم دامەزراندووە، چۆن ئەوەی، کە بە دەستی خۆم دروستم کردووە، دەڕووخێنم؟ من کاتێک لە ئێران بووم، کاغەزی سپیم ئیمزا کرد و بۆ هەمزە عەبدوڵلا و ئیبراهیم ئەحمەدم ناردەوە، بۆ ئەوەی بە زمانی منەوە هەر شتێک، کە بەرژەوەندی پارتیی تێدا بێت، بینووسن"[95]. بارزانی، ئەوەی بۆ کورد بە باش زانیبێت و لەو بڕوایەدا بووبێت، کە خزمەت بە بزاڤی کورد و ئازادی کوردستان دەکات، ئەگەر بڕێک لادانیشی لە بڕوا و دیتنەکانی خۆی، تێدا بووبێت، بۆ بەرژەوەند و وەپێشبردنی پرسی ڕزگاری و ئازادی کوردستان و کورد، کردوویەتی. ئەودەمە، حیزب بە ئامراز و ڕێگەی کارکردنی سیاسیی، زانراوە و لە هەموو جیهانیشدا، برەو بە تێزی سیاسەتکردن لە ڕێگەی حیزبەوە دراوە، هەر بۆیە بارزانییش، چ لارییەکی لەو مەسەلەیە نەبووە و مادام پێیوابووبێت، کە بە جۆرێک لە جۆرەکان، خزمەت بە کێشە و پرسی کوردستان دەکات. ئەو ڕۆحی ناوچەگەرییەی، کە هەمیشە لە ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی و پێڕۆیانیاندا زیندوو بووە، لای بارزانی نەبووە. ململانێی بارزانی و جوێبوونەوە لێی، لە لایەن ئیبراهیم ئەحمەد و تاڵەبانییەوە، تەنێ بۆ سڕینەوەی ناوی ئەو و دەسەلآت گرتنەدەست بوو، بەلآم ئەوان ئەوەیان لەبیر چووبوو، کە بارزانی زمان و ویژدانی یەک میللەتی تەواو بوو و ئاوات و هەوڵدانیی وی، لە کابرایەکی حیزبی مەزنتر بوو. ئەو بیری لە هەموو گەلەکەی دەکردەوە و نوێنەری هەموو پارچەکانی کوردستان و تەواوی خەڵکی کوردستان بوو. نوێنەری هەموو لوڕ و کرمانج و زازا و سۆران و هەورامی و شیعە و سوننە و عەلەوی و یارسان و ئێزدی و حەقە و حەمەسووری و دیان و جوو و ئاشووری و ئەرمەنی و شاری و گوندی و کۆچەری و تەنانەت تورکمان و عەرەبی کوردستانیش بوو. گەلەک جاران، خەڵکانی بیانی و ناکورد و زۆر دووریش لە کوردەوە، بە هۆی نێوی بارزانییەوە کورد و کوردستانیان ناسیوە و بارزانی، وەک ئالایەک، ئارمێک، نیشانەیەکی نەتەوەیی کورد، کوردی بە خەڵکانی دیکەی جیهان ناساندووە[96]. بەهائەددین نووری، کە یەکێکە لە هەرەکەونەکۆمۆنیستەکانی کوردستان، لە بارەی سەفەرێکییەوە بۆ

---

[95] ادامسن..، الحرب..، ص49(المقدمة بقلم جرجيس فتح الله المحامي).

[96] مانگی ئەپریلی 1986، لەگەڵ کۆمەڵە کوردێکی سوێددا، سەردانێکی سۆڤییێتی ئەو سەردەمەمان کرد. لە گوندێکی کوردنشینی دەوروبەری یەریڤان، لە خۆشەویستیی مەلا مستەفادا، شازدە کوڕ نێوی "بارزانی"یان لێ نرابوون. بێجگە لەوەش ئەو کوردانەی ئەوێ هەر، کە دەیانخواردەوە و پێکەکەیان فڕ دەکرد، یەکەم پێکە ڤۆدکایان، وەک ڕێز و بیرهێنانەوە، بۆ بارزانی هەڵدەدا و بە سەرۆک بارزانیشیان، نێو دەبرد. ساڵی 1986، بە شەمەندەفەر بۆ ئەڵمانیا دەچووین(سوعادی خێزانم، نازی کچم و خۆم)، شەوێ لە ژوورێکی بچووکدا، کە خەڵکی دیکەشی تێدابوون، نووستین. بەیانیی، کە لەخەو هەستاین، ئێمە لە بەینی خۆماندا قسەمان دەکرد، کابرایەکی بڕێک بە تەمەن، کە بەرانبەر من نووستبوو، ئەویش لەخەو هەستابوو، گوتی: ئێوە بە چ زمانێک دەپەیڤن؟ گوتم: کوردی. گوتی: "پیاوێکی زۆر گەورەتان هەبوو، ژەنەراڵ بارزانی، ئەوە چی بەسەر هات؟"، ئێدی منیش هەندێکم بۆ باس کرد. کابرا بۆ خۆی یۆگوسلاڤیایی بوو و لە ئەڵمانیا دەژیا. جارێکی لەگەڵ ناز و ڕاز و پەری (کچەکانم) و سوعاد(خێزانم)دا، لە ئوپلاندس ڤێسبی (Upplands Väsby)، کە گەڕەکێکی شاری ستۆکهۆڵمە، چووبووینە جێگەیەک، کە منداڵەکان دەیانویست سکی (پێڵاوێکی تایبەت لەپێ دەکرێ و بەسەر سەهۆڵدا دێن و دەچن) بکەن. کابرایەکی ڕووسیش لەوێ بوو، شەش حەفت کوڕی هێنابوون، مەشقی پێ دەکردن. گوتی: ئێوە خەڵکی کوێن؟ کە گوتمان کوردستان، دەسبەجێ گوتی: "ئێوە سەرۆکێکتان هەبوو نێوی بارزانی بوو، زۆر پیاوێکی ناسراو و بەناوبانگ بوو، ئەو کوردی بە هەموو دنیا ناساند". چەند دۆستێک لە کوردانی عیراق، کە لە زانستگەی کەراچی(پاکستان)



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

باکووری کوردستان(دیاربەکر) دەڵێت:"شەو لەماڵی پیرەمێردێک نووستم، دوکانێکی شیرینیفرۆشتنی هەبوو. وێنەیەکی لە چوارچێوەگیراوی مەلا مستەفا بارزانی لە دوکانەکەیدا هەبوو. پیاوەکە کە بینیمی تەماشای وێنەکە دەکەم، گوتی: ئەو باوکی هەمووانە"[97]. ڕەفیق پشدەری، هەرچەندە کۆمەڵێک ساڵ پیاوی بەعس بووە و دژایەتیی بزاڤی کوردی کردووە، لەمەڕ بارزانییەوە دەڵێت:"لە ساڵی 1969دا لە هەنگاریا بووم بە یەکێکیانم وت: کوردستان نەیزانی، کەرکوک هەر نەیزانی وتم: بارزانی، ئینجا سەری بۆ ڕاوەشاندم و پێکەنی و تەوقەی لەگەڵ کردم. زۆرێک لە خەڵک لە سەر ئازایەتی پەرپینەوەی بارزانی و 500 کەس بە سەر ڕووباری ئاراسدا بۆ ڕوسیا مناڵەکانیان ناو دەنا ئاراس. تەرمەکەی بارزانی کە بە هەر شارو شارۆچکەو ناوچەیەکدا تێدەپەڕی لە کوردستاندا گەورە و بچووک و ژن و پیاو و پەککەوتە هەر هەموویان دەهاتنە سەر جادەکان بۆ پێشوازی کردن لە تەرمی بارزانی هەزارەها کەس خۆی بە قوربان دەکرد، من خۆم ئەو ڕۆژە پارەم قەرز کرد بۆ بەشداری کردن لە سپاردەکردنەکەیدا لە بارزان"[98]. هەرچی ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی و پارتییەکەیانە، ئایدیۆلۆژیاکەیان، بۆ تاکە یەک ناوچە و یەک زاراوەیە، نەک بۆ هەموو کورد[99]. ئیبراهیم ئەحمەد-تاڵەبانی و پێڕۆیانیان، هەمیشە لە ڕوانگەیەکی تەسکی ناوچەییەوە، بۆ مەسەلەی کورد چوون. ئەوان جیاوازیی زاراوە و پۆشاکیشیان، بۆ دژایەتیی بارزانی بەکار بردووە. زۆرجاران وشەی "جامانەسوور"، یا "جەمەدانی سوور"یان، کە بارزانییان لە سەری دەنێن و نیشانەی ئەوانە، وەک نیشانەی دزێویی، بۆ خراپ باسکردنی بارزانی بەکار بردووە. هەرچەندە هاوبیرانی ئیبراهیم ئەحمەد جامەدانی سووریان، وەک نیشانەی بارزانییەتی بەکار بردووە، بەڵام زۆر خەڵکی دیکەی کورد و ناکوردیش هەن، کە بارزانیی نین و جامەدانی سووریش لەسەر دەنێن، هەر بۆ نموونە: هەندێک هۆزی عەرەب، وەک شەممەر و...بەدوو، ئوردونی، سعوودی و عەرەبگەلی کەنداو. لە کاتی کۆنفرانسی ماوەتی 4ی نیسانی 1964دا، کە ئیدی جەلالییان، جیابوونەوەی خۆیان لە پارتیی و بارزانی ئاشکرا کرد، ئیبراهیم ئەحمەد، لە وەڵامی عەلی سنجاریدا دەڵێت:"بارزانیمان لە ترسی ئەوە بۆ

---

دەیانخوێند، چووبوونە سەردانی خەڵکانێک، کە خۆ بە کورد دەزانن و بە بنەچە کوردن، لە ناوچەی بەلووچستانی پاکستان. ئەو دۆستانە دەیانگوت، هەر ماڵێکی، کە چووبوونێ و هەر دوکان و فرۆشگە و چایخانە و چێشتخانەیەکی کە دیتبوویان، وێنەیەکی بارزانی تێدا هەڵواسرابوو.

[97] نوري..، مذكرات..،ص537.

[98] پشدەری، ڕەفیق، کورد دوژمنی خۆت بناسە، بەرگی دووەم، 2000، ل328-329. ئەم کتێبە چاپخانە و جێگەی چاپی دیار نییە.

[99] ساڵی1986 لە ئەڵمانیا، میوانی خزمێک بووم، فازیل کەریم ئەحمەدیش ، کە بە هەموو قۆناغەکانی جەلالیدا، لە 66یەوە تا ئاش، تێپەڕیبوو و گەیشتبووە پلەی دۆڕانی سیاسی، لەوێ بوو. ئەو بەراوردی لە نێوان بارزانی و مەلا بەختیاردا دەکرد و پێیوابوو، مەلا بەختیار زۆر گەلێرە و لە نێو خەڵکدا خۆشەویستە و ئەو گرنگیدانەش بە بارزانی و باسکردنی بەو مەزنییە، ڕاست نییە. من دەمزانی، ئەو هەڤاڵە بۆ خۆی دەگری و شین بۆ "هەریسەکە" ، واتە: بۆ خۆی، دەکات و دەیەوێ بڵێت، کە خۆیشی شتە و گەلێرە و...لەگەڵیدا تووشی مشتومڕێکی زۆر و دوورودرێژ هاتم. من ئەو کاتە بەویشم گوت و ئێستاش پێموایە، کە مەلا بەختیار ئەگەر بێت و لە ناوچەی خانەقین و گەرمیان دوور بخرێتەوە، ڕەنگە تۆزێک لە سلێمانییش خەڵک بیناسن، بەڵام ئەوە هیچ، کە لە بەشەکانی دیکەی کوردستان، کەس هەر ناویشی نەبیستووە و نایناسێت، لە ناوچەکانی دیکەی باشووری کوردستانیش کەس نایناسێت. مەلا بەختیار، ڕەنگە تەنێ لە نێو ڕێکخراوەکەی خۆیدا بناسرێت. ئەو مامۆستایە(فازیل کەریم ئەحمەد)، مەلا بەختیاری، لە ڕیزی مەلا مستەفادا دادەنا، من پێموایە تەنێ وشەی "مەلا"، هەرچەندە ئەوەی مەلا بەختیار ساختە و قوڵلابییە، لە هەردوو نێوەکەدا هاوبەش بووە، دەنا ئەو لێکچوواندنە هێندەی ڕێزەیەکیش بە لای ڕاستیدا ناشکێتەوە و کەسێکیش، وا بیر بکاتەوە، ئەلفبێی سیاسەت نازانێت، ئەگەر باری چل هێستریش کتێبی خوێندبێتەوە و هەر لەخۆڕا، خۆ بە ڕووناکبیر و خۆ بە شتیش بزانێت. ئەو هەڤاڵە بەم دواییەش لەبنەوە گەڕایەوە کن کەونەهاوبیرانی و بەوەش لەگەڵ مەلا بەختیاری، ئەودەم زیندانیی جەلالییدا، یەکیان گرتەوە. هەوڵدان بۆ بە سیمبۆڵکردن و نیشانەکردنی مەلابەختیار و مەلابەختیارئاساکان و ئەو هەڤاڵە و کەسانی وەک وان، هەمووەدەم دۆڕان و سەودایەکی سیاسیی هەڵە و کارێکی نابەجێ و ناڕاست بووە و مەسەلەیەک نییە، بە بڕیار و کۆبوونەوە و بەیان و بڵاوکراوە، بڕیاری لە سەر بدرێت، بەڵکە ئەوە شتێکە، بەندە بە ویژدان و هەڵسەنگاندن و عیشق و دیتنی خەڵکەوە.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

کۆنفرانسەکە بانگ نەکرد، نەوەکا بە هەزار یا دووهەزار جەمەدانی سوورەوە بێتە سەرمان و ئیدی ئازادیی قسەکردنیشمان نەمێنێت"[100]. لە نووری شاوەیس، کە لە کۆنفرانسی ماوەتی لادانی جەلالییاندا لەگەڵ وان بوو، دەگێڕنەوە، کە لەهەمبەر پارتیی و بارزانی گوتوویەتی:" لەسەر پردەکەی قەشان ڕەشاش دائەبەستم و شەڕیان لەگەڵ ئەکەم، مەگەر جامانەسوور بە سەر لاشەکەمدا تێپەڕن". ئەوان(پێڕۆیانی ئیبراهیم ئەحمەد) هەردەم لە ڕوانگەی ناوچەگەری و زاراوەگەرییەوە، تەماشای مەسەلەی کوردیان کردووە. کە باسی جامەدانی سووریان کردووە، یا گاڵتەیان بە شاڵوشەپک کردووە، لە دیتنێکی تەسکی شارچێتییەوە کردوویانە. زۆرجاران کار و ڕەوتاری دوور لە ڕەوشت و ئاکاری کوردەواریشیان، هەر بۆ سووکایەتیکردن بە بارزانی، ئەنجام داوە. هەژاری موکریانی باسی گفتوگۆیەکی نێوان خۆی و ئیبراهیم ئەحمەد دەکات و دەڵێت:"گوتم برا حەیفە ئێوە دڵی بارزانی بشکێنن. هێز و فەرماندەیی ئەو نابێ بەکاری هیچ و پوچ لەدەست خۆتان بدەن.

- وەک چی؟

وەک ئەوە: ئێوە لە بنەوە پوڵ دەدەن بە((عەبدول واحیدی حاجی مەلۆ)) کە دەگەڵ خۆمان بە و لە بارزانی بتەکەوە. قوماربازی کۆیە هەر ئەو شەوە پوڵەکەی ئێوەی لێ دەبەنەوە و ئاشکرا دەبێت. وەک ئەوە((کەکۆ))ی بارزانی کە مریدێکی گیان فیدای بارزانە بانگ دەکەن، پێنج سەد دیناری دەدەنێ کە واز لە بارزانی بێنێ. کەکۆ پوڵەکە لەناو دەسرەکەدا لە پێش بارزانی دادەنێ دەڵێ:(ئەزبەنی ئەڤێ دانە من، نزانم چەندە، دبێژن تە بمەرا بە، بارزانی دەڵێ بۆ خۆتی هەڵگرە..)، لەوەش پیستر: شەللاتی سولەیمانی چەکداری ئێوە دەڵێن منداڵێکی مێزەر سوری عەقراوییمان بردۆتە حەمام، هەر چونکە وەک بارزانیان دەچێ... برایم حاشای لەوانە کرد..بەڵام گوتی: بارزانی بۆتە چقڵی چاوی حیزب، کوێری کردوە. ئەگەر چقڵەکەیش دەربخەین هەر کوێر دەبین"[101]. ئەوان وایان دەزانی، بەو قسە درێو و نابەجێیانە، ئیدی بارزانی لە بەرچاوی خەڵک دەکەوێت و خەڵک لێی دەتەکنەوە. وەنەبێ جەلالییان، دوای بوونیان بە کۆمەڵە و یەکیەتیی نیشتمانیی، دەستبەرداری ئەو دەردە ناوچەییە بووبێتن، نەخێر ئەوان لەو بوارەدا گەلێک توندڕۆتر بوون و تا دەهات خراپتر دەبوون. نەوشیروان مستەفا، کە خەڵکانی سەر بە هێڵی ئیبراهیم ئەحمەد-جەلال تاڵەبانی و یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، بە بیریار و تیۆریزانی خۆیانی دادەنێن، هەر بۆ سووکایەتیکردن بە بارزانی، لە ژێر سەردێڕی"مەلایی و جەلالی لە تەرازودا"، 81 ڕووپەلی کتێبێکی خۆی، بە نێوی "پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن"، تەرخان کردووە، بۆ سڕینەوەی خەباتی بارزانی و قسەی ناشیرین و درێواندنی نێوی بارزانی[102]. نەوشیروان مستەفایش، وەک ئیبراهیم ئەحمەدی مامۆستای و خەڵکانی دیکەی ئەو فێرگەیە، لە چەند شوێنێکدا، پێیخۆشە وشەی جامانی سوور، هەر بۆ گاڵتە و سووکایەتی بەکار ببات. لە بارەی خڕبوونەوەی کۆمەڵێک پێشمەرگەی حیزبەکەی خۆیانەوە، لە مانگی نیسانی 1977دا، لە هەڵگورد و ناوچەی برادۆست، نەوشیروان مستەفا، هەر تەنێ بۆ بەکاربردنی وشەی جامانەسوور، دەڵێت:"لەگەل ئەوان دا بو شارەزایی و هاودەنگی پیشمەرگەیەکی جامانەسوریان لە گەڵ بو بەناوی رەشید گەردی.."[103]. لە جێگەیەکی دیکەی هەر ئەو کتێبەیدا، نەوشیروان مستەفا، باسی گەڕانەوەی چەند کادرێکی یەکیەتیی نیشتمانیی دەکات، کە لە سووریاوە و بە نێو

[100] ادامسن..، الحرب..،ص44.

[101] هەژار..،چیشتی..،ل369.

[102] ئەمین..، پەنجەکان..، ل35-116.

[103] ئەمین..، لە کەناری..، ل135.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

باکووری کوردستاندا، بەرەو باشووری کوردستان، گەڕاونەتەوە و لە ڕێگە تووشی چەند پێشمەرگەیەکی سەر بە پارتیی دیموکراتیی کوردستان(قیادەی موەققەتە)، دەبن و لەنێوان هەردوو لادا، هەندێک دەماقاڵە و شەڕەقسە ڕوودەدات. نەوشیروان مستەفا، لە زمانی یەکێک لە پێشمەرگەکانی پارتییەوە، دەڵێت:"بە کویرایی جەلال و ئیوە هەتا مەلا مستەفا مابی سەرۆکمانە. دوای ئەو ئیدریس، دوای ئەو مەسعود، دوای ئەو نیهاد...ئەگەر هیچ کەس لە مالی مەلا مستەفا نەما، کەریک لە مالی بارزانی ئەهینین، جامانەیەکی سوری لە سەر ئەکەین و ئەیکەین بە سەروکی خۆمان"[104]. من بۆ خۆم باوەڕ ناکەم و پێشموایە هیچ خوێنەرێکی بە وێژدان و ڕاستگۆ، کە برێک بارزانی و خانەوادەی بارزانی و خەڵکانی سەر بە هێڵی بارزانی و بارزانییان بناسێت و شارەزاییەکی لەمەڕ چۆنیەتیی ڕەوشت و ڕەوتار و گوتار و هەڵسوکەوتی ئەوانەوە هەبێت، باوەڕ بەو قسەیەی نەوشیروان مستەفا، ناکات و بە درۆ و هەڵبەستراو و بوختانی دەزانێت و دەزانێت، هەرگیز پێشمەرگەیەکی ڕێبازی بارزانی، کە وەک ئاسایی تا ڕادەی پەرستن لەگەڵ بارزانیدایە ، هەرگیز بەو جۆرە، قسە ناکات و وشەی وەها سووک، بۆ نێوهێنانی نێوی بارزانی و ماڵی بارزانی، بەکار نابات، چونکە ئەو بە پیرۆزیان دەزانێت. هێشتا خۆیان (جەلالییان) بە "هەر سوورەت (صوره ت)"[105] کەچی خەڵکانێکیش، کە هەر دەروێشی ئەوانن و لە بازنەی ئەواندا دەسووڕێنەوە، لەوان زێدەڕۆتر و توندترن و دەبێ مرۆڤ بڵێ سەد ڕەحمەت لە کفن دز. لە کۆڕێکی نەوشیروان مستەفادا، لە لەندەن، سامی شۆڕش، لە تەنیشت نەوشیروان مستەفاوە، دانیشتووە و ئەو سەرپەرشتیی کۆڕەکەی دەکات، لە ڕۆژی 16-9-1996 دا، واتە: دوای گرتنەوەی هەولێر، لە لایەن پارتییەوە، دوای ئەوەی نەوشیروان، برێک قسە دەکات، ئەوجا ڕێگەی خەڵکی دیکە دەدرێت، کە قسان بکەن. یەکێک لەوانەی، کە دەچێتە سەر شانۆ، موحەممەد ڕەسووڵ هاوار، دەبێت، کە بەو هەموو تەمەنەی خۆیەوە، شیعرێک دەخوێنێتەوە، سیخناخە بە قین و لە بۆنی ناوچەگەریەتی، شارگەریەتی، زاراواگەریەتی و ڕق و کینە زیاتر، شتێکی دیکەی تێدا هەڵناکرێنرێت. هاوار دەڵێت:

لاشەی خنکاوی فیدراڵی ساوا بە جامانەی سوور لە ئاو خنکاوا

(دانیشتووان و گوێگران، دەستدەکەن بە چەپڵەڕێزان، شیعرەکە بە هاوار دەبڕدرێت و پاشان بەردەوام دەبێت):

باش بیپێچنەوە ئەو ئاڵا زەردە کە بۆ ڕاووڕووت کرابوە پەردە

ئەوەیە بیرکردنەوەی سەلیم و هۆشی وردبین و "کوردایەتی"، بە پێی دیدی گەڕەکچێتی و شارچێتی و جەلالیەتی. واپێدەچێت موحەممەد ڕەسووڵ هاوار، پێشتریش، ئیبراهیم ئەحمەد و نووری شاوەیس، و خەڵکانی دیکەش، کە بە جامەدانی سوور، تێکدەچن و سەر و دڵیان دەگیرێت ، برێک لە سروشتی "گا" زۆرانبازە ئیسپانییەکانیان تێدا بێت، کە بە ڕەنگی سووری پەڕۆ و چارۆکە سۆرەکان، کە پێشانیان دەدرێن، کەللەیی و هار دەبن و تێکدەچن. ڕەشید عالی ئەلگەیلانی(رشيدعالي الگيلاني)، کە لە عیراقی پاشایەتیدا، سەردەمێک دەسەلاتدار بووە ، ئەویش زۆری ڕق لە جامەدانی سوور دەبووەوە، و سەرچاوەی هێزی بارزانییە شۆڕشگێڕەکانی، لە جامانەسوورەکانیاندا دەبینی، بۆیە بۆ خۆبەدەستەوەدانیان، بە حوکومەت و چەکدانانیان، کاتی ڕابوونیان دژی حوکومەت، فرێدانی جامەدانیی سوور

---

[104] سەرچاوەی پێشوو، ل 161.

[105] شێخ ڕەزای تاڵەبانی مەزن دەڵێت:

خۆی بە هەر صورەت ئومێدی کەرەمم پێی هەیە لیک ڕقی زۆرم لە (ڕەشیدی) کوڕی گەووادی هەیە



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

و هەڵگرتنی جامەدانیی شین دەکاتە مەرج[106]. رق و قینی خەڵکانی سەر بە هێڵێ ئیبراهیم ئەحمەد-جەلال تاڵەبانی (جەلالییان)، لە بارزانی و ئەوەش، کە پێوەندی بەو ناوەوە هەیە، هەردەم گەیشتووەتە، ڕادەی ئەوەی، کە سووکایەتیی، بە هەموو شتێکی ئەوان بکەن. سووکایەتی و نزمتەماشاکردنێک، تەنانەت بایەخ و بەهای باڵندە و ئاژەڵیشیان نەدەنێ و لەوانە نەویتر سەیریان بکەن. ئەگەر ئەو کەسانە خەڵکانێکی ئاسایی بووایەن، هەرنەیسە، لێ ئەوانەی، کە جەلالییان، وەک مەل و ئاژەڵیش حیسابیان بۆ نەدەکردن، هەموو پێشمەرگەی دەستەبژار و خاوەن ئەزموون بوون و لەوانە بوون، کە قاڵبووی جەنگ و پێشمەرگایەتی بوون. لە مانگی سێپتەمبەری 1983دا و دوای هێرشەکانی پشتاشان و قرِناقا، هێشتا یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان و ڕێبەری شەڕی براکوژی، نەوشیروان مستەفا، هەر بەردەوامن لە پەلاماردانی، تەواوی حیزبە کوردستانییەکانی دیکە. موحەممەدی حاجی مەحموود، کە بۆ خۆی لە حیزبی سۆسیالیست بووە و یەکیەتیی پەلاماری ئەوانیشی داوە، لە بارەی نامرۆڤایەتی و دڵڕەقی و دڕندەیی خەڵکانی سەر بە یەکیەتیی نیشتمانییەوە، دەڵێت:"ئەوەی لەو ئێوارەیە لای کۆنەلاجان سەرنجی ڕاکێشاوم رادیوی یەکێتی ناوی (47) کەسی بارزانی خوێندەوە زۆر بە سوک ناوی دەبردن، (47) مرۆڤی کورد کوژرابو بە شانازیەوە و بە مۆسیقاوە دەیخوێندەوە بە مژدە بۆ جەماوەری کوردستان هەر دوو دەقیقە دوای ئەوە ئاگاداری بۆ خەڵکی بناری قەندیل و دۆڵی باڵەکایەتی، هەرکەس کەوێک بکوژێت تاپرەکەی موسادەرە و (50) دینار جەزاو دوو حەفتە سجن دەکرێت چونکە کوردستان بە کەوەوە جوانە و بە تەیرو حەیوانەوە جوانە، وەرە (47) مرۆڤی کوردی چەند ساڵ پێشمەرگەی حەسۆ و عبدالرحیم جەسیم لە کۆماری مهاباد و لە روسیاش بون ئەوانەیان کوشت بە سوکی دەیانخوێندەوە بەلام بانگەواز دەکات هەرکەسێک کەوێک بکوژێ ئەو موعامەلەی لەگەڵ دەکرێت مرۆڤ بکوژە و کەو رابگرە لە مرۆڤ باشترە"[107]. نەوشیروان مستەفا، کە پاش تاڵەبانی، کەسی دووەمە لە یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستاندا، هەمیشە جەختی لە سەر پاوانخوازی و جوێکردنەوەی سۆران و کرمانج کردووە. ساڵانی 1976-1981 و دواتر دەیان جار جەختی لە سەر ئەوە کردووە، کە پارتیی نابێ بێتە ناوچەکانی ئەوان و دەبێ بچێتە ناوچەی بادینان و لەوێ شەڕی حوکومەتی عیراق بکات[108]، وەک ئەوەی، کە پارتیی تایبەت بێت، بە بادینان و تەنێ لەوێ هەبێت. نەوشیروان مستەفا، لەم ساڵانەی دواییەدا، کە لەگەڵ پارتیی لە شەڕدا بوون، جارێک گوتبووی، بە دەوری سلێمانیدا شوورەیەک دەکەین، خەڵک ناوی ئیمارەتی سۆران، جەلالی، بابان یا هەرچی لێ ئەنێن با بنێن. هەر لە نەوشیروان دەگێڕنەوە، کە بۆ سەلماندنی جیاوازی و دووریی بادینی یا کرمانجی لە سۆرانی و پێشاندانیان، وەک دوو میللەتی جیاواز، مەسەلەی جیاوازیی نێر و مێی لە ڕووی ڕێزمانەوە، هێناوەتە گۆڕێ، کە لە کرمانجیدا هەیە و لە سۆرانیدا نییە. ئیبراهیم ئەحمەد و تاقمەکەی، هەرچەندە زۆر باش لە سەنگ و پایە و کاریگەریی بارزانی، لە بزاڤی کورد و شۆڕشەکەیدا،گەیشتبوون، هەمیشە پێیانوابووە، ئەوان بارزانییان دروست کردووە و مەلا مستەفایان کردووە بە مەلا مستەفا و گەورەیان کردووە و کردوویانە بە سەرکردە و ئیدی دەبێ ئەو ڕۆڵە لە بارزانی بسێننەوە و نۆرەی خۆیانە، کە ببن بە سەرکردە. ئیبراهیم ئەحمەد لای وابوو، کە دەبێ مستەفا بارزانی، هەرچەندە، سەرۆکی پارتییە و هەرچەندە بە هێزی تایبەتی بارزانییەکانی پێرۆی خۆی، زۆربەی کارەکانی خۆی ئەنجام داوە"وەک

[106] فتح الله، جرجیس، رجال ووقائع في الميزان، حوار اجراه مو'يد طيب و سعيد يحيي، الطبعةالاولي، دار ئاراس للطباعة والنشر، اربيل 2001، ص218.

[107] محمود، محمد حاجی، ڕۆژژمێری پێشمەرگەیەک، بەرگی دووەم 1982-1986، ساڵ و شوێنی چاپی نەنووسراوە، ل151.

[108] ڕەسول، فاتح، چەند لاپەرەیەک لە مێژووی خەباتی گەلی کوردمان، بەرگی دووەم، سوید1992،ل 212،164-213.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئەندامێکی گوێ لە مست دەستەنەزەری راوەستێ و بە مو چی یە؟ لە فەرمانی جەنابی ئەو کە رازدارە لاری نەکات. کە ئەمەش هەر رێکنە دەهات. پیاوی ترسەنۆک و شکاو تەواو حوکمی بەسەر ئازای سەرکەوتودا هەبێ. برایم کە بە ئاوات بو بارزانی لەسەر رێ لابا، نەدەوێراش ئاواتەکەی ئاشکرا کا؟ لەبنەوەو بە دزی و فزیەتی دژی بارزانی دەیورتاند و دەیەویست بەدناوی بکا"[109]. ئیبراهیم ئەحمەد لەو کۆنفرانسەی ماوەتی نیسانی 1964دا ،کە دووبەرەکیی ساز کرد،دەڵێت:"من مەلا مستەفام بە بەیانێک کردۆتە مەلا مستەفا و بە بەیانێکیش دەیکەمەوە بە هیچ"[110]. ئەوان وایان دەزانی ئیدی بەو بەیانەی ئیبراهیم ئەحمەد، بارزانی خۆی بە تەنێ دەمێنێتەوە و تەواوی کورد وەدووی ئەوان دەکەوێت و ئەوەیان لە یاد نەمابوو، کە هەر بۆ خۆیان و تەنێ بۆ ئەوەی جێی خۆیان بکەنەوە و خەڵکی کورد وەدووی پارتیی بخەن و رێکخستن بکەن"برایم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی و هەموو مەکتەبی سیاسی لە ساڵی 1946ەوە تا 1964 هەمیشە ناوی بارزانییان بە ((قارەمان و سەرۆکی کوردان و ژەنراڵ و زەعیمی میللەتی کورد و رزگارکەری کوردستان)) دەبرد. لەو کۆنفرانسەدا{مەبەست کۆنفرانسی ماوەتی 1964ە، کە ئیدی تاقمی ئیبراهیم ئەحمەد خۆیان لە پارتیی و بارزانی جوێ کردەوە-شاکەلی}برِیاریان دا لە هەموو دەستەڵاتێک رووتی بکەنەوە .. ئەوان 18ساڵ بوو پروپاگەندەیان بۆ بارزانی دەکرد، 18ساڵی رەبەق بوو بە ناوی بارزانییەوە رێکخستنیان دەکرد، 18 ساڵ بوو هەرچی سیفەتی باش بوو دەیاندایە پاڵ مەلا مستەفا بەڵام لەو کۆنفرانسەدا ویستیان بە دوو سەعات هەموو ئەو شانازییانەی کە هەیبوو لێی رووت بکرێتەوە و دەسەڵاتی لێ بسێننەوە"[111]. سەرکردەیەتیی پارتیی، ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی و هاوبیرانیان، پێیوابوو کە"ئەو خاوەنی یەکەم و دوا مافە لە نەخشەکێشانی سیاسەتی شۆرش و ئاخافتن بە نێوی شۆرش و گەلی کوردەوە و سەرۆکی پارتیی (بارزانی)تەنێ نوێنەرایەتیی یەک کەس لە کەسانی ئەو سەرکردەیەتییە دەکات و هەمووەمیش داوای دەکرد، کە سەرکردەیەتییە لەشکرییەکان بخرێنە ژێر دەسەڵاتییەوە و خۆی سەرپەرشتیی کاری جەنگی بکات. سەرکردەیەتیی پارتیی ئەوەی لەبیر چووبوو، کە ئەو هۆیانەی پێش پازدە ساڵان و کاتی دامەزراندنی پارتیی پاڵیی بە خۆیەوە نا، کە بارزانی بە سەرۆک هەڵبژێرێت، هێشتا هەر ماوە و هەر ئەویشە، کە دەتوانێت هەموو جۆرە نێزیکبوونەوەیەک لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا و بە تایبەت لەگەڵ جیهانی خۆراوادا، وەدی بهێنێت، هەر ئەوەش بوو، کە خەباتی چەکداریی کورد دواتر پشتی پێ بەست"[112]. ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی، دەیانەویست، تەواوی ئەو مەزنی و گەلێری و توانست و شارەزاییەی بارزانی، بچووک و بەرتەسک بکەنەوە و لە دەنگی گەل و نەتەوە و خاک و وڵاتەوە، بیکەنە یەک ئەندامی حیزبیی، گوێڕایەڵ و بێ ویست و بێ هەڵوێست و بێ بیرکردنەوە و وای لێ بکەن ئەوان

---

[109] بدلیسی..، شەرەفنامە..،.هەژاری موکریانی، لە ژێر سەردێڕی(بە سەر چڵی: ژینامەی هەژاری وەرگێڕ)دا بەشێکی خستووەتە سەر کتێبی شەرەفنامە، ل854. هاوڕێیەکم گێڕایەوە، کە لە خالیدی حیسامی(هێدی)، بیستووە گوتوویەتی:"ساڵی 1964 کە دەستەی ئیبراهیم ئەحمەد-جەلال تاڵەبانی هەڵدێن و ڕوودەکەنە ئێران. ئیبراهیم ئەحمەد لە گوندێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە ماڵێک دەبێت و قسە بۆ خەڵکی ماڵەکە دەکات و دەڵێت: کابرایەک هەبوو پشیلەیەکی هەبوو. ڕۆژێ کە کابرا نان دەخوات و پشیلەکە بەرانبەری دەبێت و دەڵێ: میاو. کابرا پلەگۆشتێکی دەداتێ. پاشان پشیلە دیسان دەڵێ: میاو. ئەوجا کابرا لەتێ نانی دەداتێ. بەو جۆرە پشیلە هەر دەڵێ میاو و کابراش شتێکی دەداتێ، تا هیچ لە سەر خوانەکە نامێنێت. ئەوجا کابرا ڕوو دەکاتە پشیلە و دەڵێ: دە ئەوجا من میاو. ئێمەش تا ئێستا مەلا مستەفا هەرچی ویستووە، هەر گوتوومانە باشە، بەڵام ئێستا ئیتر نۆرەی ئێمەیە و پێی دەڵێین: میاو!".

[110] رێبوار(ئاسی ڕەباتی)..، هەڵوێستی..،ل21.

[111] هەریری..، بۆ ئەوەی..، ل12.

[112] ادامسن..، الحرب..،ص34-35(المقدمة بقلم جرجيس فتح الله المحامي).



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

خۆیان، لەبری بارزانی، بیربکەنەوە و بۆ وەدیهێنانی ئەو مەبەستەش، هەموو شێوازێکی دژایەتییان، لەهەمبەر بارزانی بەکار بردووە. جەلال تاڵەبانی دەڵێت:"بارزانی نەخوێندەوارێکە، روحی عەشیرەتی هەیە، لە حیزبایەتی نازانێ، گوێ بە فەرمان و دیسپلین نادا. ئێمە دەمانەوێ دەستەڵات بە حیزب بێ، ئەو هەر فەرمان ئیجرا بکا، وەک فەرماندەیەکی لەشکری دەوڵەتان. ئاوابێ بۆمان تەحەممول ناکرێ"[113]. سەرانی پارتیی دەیانەویست، شێر بخەنە کۆزەی بەرخەوە و هەڵۆ لە کولانەی مامردا دانێن. بارزانی، هەرچەندە سەرۆکی پارتییش بوو، وەلێ بەتەواوی بڕوای بە حیزب و ژیانی حیزبایەتیی نەبوو، و ئەو خۆی بە نوێنەری تەواوی گەلی کورد دەزانی، و گەلیشی بە بەرینتر لەوە دەزانی، کە لە نێو چوارچێوە و پانایی سنووری حیزبێکدا، جێی ببێتەوە و ملکەچی فەرمان و پێڕەوی حیزب بێت[114]. گەلی کوردیش، بەرانبەر بەوە هەرگیز وەک سەرۆک حیزبێک، لە بارزانییان نەنۆڕیوە، بەڵکە بارزانییان پێ لە حیزب گەلێک گەورەتر بووە. سەیرکردنی بارزانی وەک سەرۆک حیزب، بچووککردنەوەی بارزانییە و دابڕینی بارزانییە لە نەتەوە و خاکێکی مەزن. بێگومان بارزانییش، باش لەوە گەیشتبوو، کە حیزب دەکاتە قوماتکردن و شەتەکدان و داگیرکردن و لەمەنگەنەدانی بیر و ئازادی مرۆڤ. ئەوان دەیانەویست بارزانییەکی یاخی، کەوی و دەستەمۆ، بکەن[115]. ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانییان، کە پێیانوابوو، بارزانی لە حیزب و حیزبایەتی تێناگات و لێی نازانێت و پابەندی هیچ پێڕۆ و پرۆگرامێکی حیزبی نابێت و ئەوان، کە حیزبیان بە سەرچاوەی کاری سیاسیی و سەرکردەیەتیی بزاڤی کورد دادەنا، دیارە تەنێ وەک ساختەکاری و بۆ دژایەتی بارزانی، هەرگیز لەو بۆچوونەیاندا ڕاست نەبوون و مەبەستیان نەئەنگاوتبوو. ساڵانێکی دووروودرێژی کاری سیاسی هەردوو هێڵی، بارزانیزم و جەلالیزم، ئەو بانگاشەیەی جەلالییانی پووچەڵ کردەوە و ئەو تیۆرییەی، کە پێیوایە شۆڕش و بزاڤی سیاسیی، بێ حیزب هەڵەیە و ئەنجام نادرێت و سەرکەوتوو نابێت، خستە درۆوە و چ بەها و ڕاستییەکی بۆ نەهێشتەوە. سەرکەوتن و پێشکەوتن و جێگیرییەکی لە نێو خەڵکدا، کە هێڵی بارزانی و بارزانییایەتی، وەدەستی هێناوە و پێی گەیشتووە، هێڵی جەلالی هەرگیز، نەیگەیشوویەتێ و پێی نەکراوە، کەواتە بوون و نەبوونی حیزب و پێبەندبوون، بە چەند دێڕێکی لاوازی پێڕۆ و پرۆگرامی حیزبێکەوە، هیچ مەرج نین، بۆ خەباتی ڕزگاریخوازی و بزاڤی شۆڕشگێڕیی. مرۆڤ بۆ خۆی، وەک خودان هۆش و هزر و توانستێک، لە بیرکردنەوە و شیکردنەوە، هەر کە خرایە، یا کەوتە نێو شانەیەکی حیزب و بە کۆمەڵێک کۆت و بەندی، بڕیار و قانوون و دەبێ و نابێوە، گرێ درا، ئیدی ئازادی بیروبۆچوون و ئازادی بیرکردنەوە و تایبەتمەندیی تاکایەتیی خۆی، لە دەست دەدات و مێشک و هۆشی خۆی دەداتە دەست

---

[113] هەژار.. چێشتی.. ل364.

[114] عارف، فؤاد، مذكرات، الجزء الاول، تقديم وتعليق الدكتور كمال مظهر احمد،الطبعةالاولى1999، مطبعة خةبات-دهوك، ص310.

[115] پاش نیوەڕۆیەکی بەهاری 1975 لە یەکێک لە شەقامەکانی بازێڕی کەرکووکدا، تووشم بوو بە تووشی، کەونە دۆستێکمەوە، کە لە ساڵانی 1971 و 1972دا، سووکە پێوەند و دۆستایەتییەکی، لەتەک ڕێکخراوەکانی حیزبی کۆمۆنیستی عیراق-سەرکردەیەتیی نێوەندی (القيادةالمركزية) دا هەبوو. هەردووکمان دەستمان گیرابوو و پێمان نەکرا زیاتر قسان بکەین، لێ کاتێکمان بۆ ئێوارە دانا و یەکدیمان دیتەوە و بڕێک بە درێژاتر، کەوتینە قسە و باس و گێڕانەوی یادگارە کۆنەکانی سەردەمی بەغدا و ئەوانە. پرسیاری ئەوەم لێکرد، کە چ پێوەندێکی بەو ڕێکخراوە و هاوڕێیانەی جارانەوە ماوە. لە وەرامدا گوتی:"نا بە خوا، دەزانی بۆ! بەڕاستی زۆرم پێ سەختە و زۆریش بە بێعەقڵی و کەمهۆشیی دەزانم، دەسەڵات و بەعس و ئاساییش و موخابەراتی عیراق، بە بلاڤۆک و نووسینێکی لاوازی حیزبێکەوە، کە ئەگەر بۆ خۆم دانیشم، لە شەوێکدا سەد بلاڤۆکی لەوە چاکتر و ڕێکوپێکتر و بەهێزتر دەنووسم، بمگرن و زیندانییم بکەن و دواییش هەڵمواسن و بمکوژن".



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

کەسانێکەوە، کە لە سەرووی ئەوەوەن و لەبری ئەو بیر دەکەنەوە. ئەلجەواهیری پێیوایە، ئەوانەی بە هەڵەشەیی و نەزانی وەدووی نووسەری بلاوکراوەیەک دەکەون، ئەوانە خەڵکانێکی موحتاجن، شۆڕشگێڕ نین و ئەوانەی هاوار دەکەن و چەپڵە لێدەدەن، ئاپۆرەی خەڵک و هەژارەکانن.. بازرگانانی دەسەلات و حیزب و پیلانگێڕان و وەرگرانیی چەکی پارەی تێکدان نین[116]. بارزانی، بارزانیبایەتی و پێڕۆیانی ئەو هێڵە و گشت مرۆڤێکی ئازادبیر و خودان هۆشی دیکەی ئەم جیهانەش، بەوە گرەویان بردووەتەوە و دەبەنەوە، کە نەکەوتوون و ناکەونە ژێر کاریگەریی، حیزب و حیزبایەتی و تەسکبیری و سنووردارکردنی هزر و جیهانبینی. بارزانی لەپڕێک نەبووبوو بە کوڕێک و ئەو مندالّی نێو یزدانی هۆزی بارزان بوو و هەرچی هێز و توانست و ویستێکی هۆزی بارزانیشە، بەرهەمی جۆری پەروەردە و بارهێنان و دیدی ڕێبازی نەقشبەندییە، کە هۆزی بارزان پێڕۆی دەکەن. ڕێبازی نەقشبەندی، بە سیستمێکی پتەو و تۆکمەی، کە هەیبووە و هەیەتی و بە پەیامێکی یەکسانی و دژایەتی ستەم، کە هەڵگرێتی، بنگە و بنەما و پاشخانێکی سەقامگیر و تونودتۆڵی بارزانییان و بارزانییە و کەسایەتیی بارزانییان بارزانییشیان ئافراندووە. هادی ئەلعەلەوی (هادي العلوي)، تەنانەت کاریگەری ڕێبازی نەقشبەندی لە سەر شۆڕشی کوردستان و داخوازییە نەتەوەییەکانی کورد دەسەلمێنێت و باس لەوە دەکات، کە ڕێبازی نەقشبەندی ئەو ئەرکەی ئەنجام داوە و دوای بارزانی شۆڕشی کورد لەو ڕێبازە لایداوە و ئیدی لاواز بووە و دەڵێت:"لە کوردستان ڕێبازی نەقشبەندی، کە لە ڕێگەی قوتبی نەقشبەندییەوە مەلا مستەفای بارزانی، ڕێبەریەتیی شۆڕشی کوردی لە نێوان سییەکان و حەفتاکاندا کرد، ئەو ئەرکەی ئەنجام دا. شۆڕشی کورد لە کوردستانی خواروو –کوردستانی عیراق- دوای مەلا مستەفا، کە ئیدی کەوتە دەستی ئەو حیزبەی کە بۆ خۆی بۆ ئەوەی چوارچێوەیەک بۆ شۆڕش دابنات دایمەزراندبوو، لاواز بوو. ئەو حیزبە حیزبێکی نوێ دروستکراوە و هاوردەیە، کە دەربڕی نەریتە کوردییەکان نییە و سەرانیشی ڕووناکبیرانێکی ڕۆژاوایین و سەر بە سیستمی سەرمایەداریی جیهانین و دڵیی سۆفییانیشیان نییە، ئەو دڵە پتەو و توند و ئازا و تژی خۆشەویستی و کراوەیی مرۆڤانەیە"[117]. کەسایەتیی مرۆڤ بە درێژایی ژیان و کردەوەکانی، دروست دەبێت. گیڤارا دەڵێت:"مرۆڤ شۆڕشگێڕ نییە، لە ڕێگەی جێبەجێکردنی شۆڕشەوە فێر دەبێ ببێتە شۆڕشگێڕ". بارزانی وەک ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی و ئەفەندییەکانی دیکەیان، بە کتێب و حیزب نەبووبوو بە شۆڕشگێڕ، ئەو خۆی ئەنجامدەر و سازکاری شۆڕش بوو و تەواوی ژیانی ڕەوتێکی شۆڕشگێڕانە بوو. بارزانی لە نێو خەڵکدا بوو، گەلێر بوو و دەیگوت:"من لەشی شۆڕش نیم، گەل لەش و خوێنی شۆڕشە، چونکە خوێنی ئەوە بە سەر لاپاڵی چیاکاندا دەڕژێت"[118] و خۆی بە سەروەر و گەورەی خەڵک نەدەزانی، بەلأم تاقمی ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی خۆیان بە خوێندەوار و زل دەزانی و لە خەڵکەوە دوور بوون. ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی و هاوبیرانیشیان، باش لەوە گەیشتبوون، کە سەرۆکە خێڵەکییە دوژمنەکەیان، خاوەن بەهرە و لێوەشاوەییەکی سەرکردەیەتییە، کە ئەمان بۆ خۆیان نییانە[119]. جیاوازییەکی زۆر گرنگ لە نێوان ئیبراهیم ئەحمەد و هاوبیرانی و بارزانیدا، کە ئیبراهیم ئەحمەد و پێڕۆیانی، هیچ کاتێک، هەستیان پێ نەکردووە، یا نەیانویستووە بیزانن ئەوەیە، کە جیاوازییەکی لە نێوان

---

[116] الجواهري، محمد مهدي، ذكرياتي، الجزء الثاني، دار الرافدين، دمشق، الطبعةالاولى 1991، ص214.

[117] العلوي، هادي، مدارات صوفية، تراث الثورة المشاعية في الشرق، مركز الابحاث والدراسات الاشتراكية في العالم العربي، الطبعة الاولى 1997، دار المدى- دمشق، ص250.

[118] ادامسن..، الحرب..،ص267.

[119] دان..،العراق..، الجزء الاول، ص175.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

مرۆڤێکی جەربەزە و یاخی و بوێر و کارا و سەرەڕۆ، لەگەڵ کارگێڕێکی حیزبی یا کارمەند و سەربازێکدا، کە هەیە ئەوەیە، کە کارگێڕی حیزب و کارمەند و سەربازەکە، کەسایەتییەکی تاکیی خۆیان نییە، ئەوان مرۆڤگەلێکن سەر بە دەسگایەک، کە بەرگۆڕانە و بەشێکن لەو دەسگایە، هەرچی جەربەزە و یاخی و کارا و سەرەڕۆکەیشە، مرۆڤێکە، نایاب و دەگمەن و سەیر و کەموێنە و بە ئارەزوو و خواستەوە کار دەکات. بارزانییش، وەک گیڤارا و زۆر شۆڕشگێڕی دیکە، خۆی لە دەستەی جەربەزە و یاخی و کارا و سەرەڕۆکاندا دەبینییەوە و یەکێک بوو لەوان و خەڵکیش، هەر بەو چاوەوە، تێیان دەنۆڕی. بارزانییش، گیڤارائاسا جیاوازیی لە نێوان سەرباز و سەرەڕۆدا نەهێشت و لە شۆڕشدا هەردووکیانی یەک خست و کار و کرداری تاک و هەوڵ و کۆششی ئاکاریی وی، هەوڵ و کۆشش بوو، بۆ ئامانجی گەلەکەی. بارزانی سنووری نێوان سەرکردەی سیاسی و پێشمەرگەی هەڵگرتبوو، لای وی سیاسی پێشمەرگە بوو و پێشمەرگەیش سیاسیی بوو، جیاوازی لە نێوانیاندا نەبوو و هەردووکیان یەک شت بوون و تاکیش لە کار و مەبەستی شۆڕشگێڕیدا، بێهاوتا و بێوێنە بوو. ڕێنێ مۆریس، دەڵێ:"مەلا مستەفای بارزانی سەرکردەی لەشکری و سیاسی، ئەو پیاوەی کەس قسەیەکی لەمەڕ ڕێبەرێتییەوە نییە و بێ ئەویش ناکرێت. لە کاتی پێویستدا، لەبری سیاسەت و دیپلۆماسی، چەک بەکار دێنێت"[120]. بێجگە لەوانەش ئاکار و ڕەوشتبەرزیی پێشمەرگە و سەرکردەی سیاسی و کارگێڕی حیزبی و هەموو بەرپرس و تاکێک، بە لای بارزانییەوە، مەسەلەیەکی زۆر گرنگ بوو، کە تاقمی ئیبراهیم ئەحمەد- تاڵەبانی، هەرگیز ئەو گرنگییەیان پێ نەداوە. جەلالییان زۆرجاران، ئیدی لەگەڵ هەر دەسەڵاتێکی ئەو وڵاتانەی دەوروبەری کوردستاندا پێوەندیان بوویێت، کە هەمیشەیش هەیانبووە، ڕۆڵی هەواڵدەر و هەواڵگەیێنەر و ڕاپۆرتنووسیان بینیوە و هەر زانیارییەکیان، لەمەڕ خەڵکانی دیکەی کوردی ناجەلالی، زانیوە، ڕێکوڕەوان بەو وڵاتانەیان گەیاندووە، تەنانەت ئەگەر بووبێتە هۆی لەبەینبردن و ملپەڕاندنی ئەو خەڵکانەیش. وەها کارێک، تەواو پێچەوانەی هەڵوێست و ڕەوتاری بارزانی بووە، کە ئەگەر دژایەتی خەڵکیشی کردبێت، جوامێرانە و بە ئاشکرا کردوویەتی و پەنای نەبردووەتە بەر، کاری ژێربەژێری و ڕاپۆرتنووسین، کە تەنێ لە سیخوڕ و بەکرێگیراو و جاسووسان دەوشێتەوە و تەنێ ئەو جۆرە خەڵکانە دەیکەن و ئەنجامی دەدەن. لە نامەیەکیدا بۆ لیوا حەسەن ئەننەقیب(اللواء حسن النقيب)، کە ئەفسەرێکی عەرەبی عیراقی و سەر بە ڕژێمی سووریا بوو، جەلال تاڵەبانی، دووزمانیی لە سەر پاسۆک و خودالێخۆشبوو، ئازاد مستەفای سکرتێری دەکات، بە شێوەیەکی وا، کە بیدا بە گرتنی ڕژێمی بەعسی سووریا و لەنێوببرێت . تاڵەبانی لەو نامەیەیدا، کە مێژووی 1983/5/17و ژمارە 8/975ی لەسەرە، گەلێک لە عەرەبێکی بەعسی تێپەڕاندووە و بە جۆرێک باس لە حافز ئەلئەسەد و سووریا دەکات، مەگەر هەر کەسێکی سەر بە دەسگا سیخوڕییەکانی ئەو وڵاتانە بۆ خۆیان، لە سەرۆک و حیزبە دیکتاتۆرییەکانیان بکەن. تاڵەبانی دەنووسێت:"جەماعەتی پاسۆک، کە لە بنچینەدا بەشێکی جیاوەبوون لە کاژیکە ڕەگەزپەرستەکانی دژ بە نەتەوەی عارەب، لە نامە تایبەتییەکانیاندا جنێوی ناشیرین بە سەرۆک(حافظ الاسد) دەدەن، کە ئەمڕۆ لە ترۆپکی هێزی بەرهەڵست و خۆراگرتنی عارەبیدایە و سەرکردایەتیی شەڕی نەتەوەی عارەبی سەربەرز دەکات دژی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم، و پێی دەڵێن(حافظ الواوي){واتە: حافزی چەقەڵ-شاکەڵی} و گوایە مەترسییەکی گەورەترە لە سەددام بۆ سەر نەتەوەی کورد. ئەم هەموو جنێوانە لە نامەکانی ئازاددا هەن، کەچی ئێوە لە

[120] موريس، رينيه، كردستان أوالموت، ترجمة وتعليق جرجيس فتح الله المحامي، مطبوعات كردولوجيا رقم 1986/3،لندن،ص28.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

نامەکەتاندا لە 1982/10/22 بە (برای بەنرخ و تێکۆشەری راست ئازادی بەڕێز) ناوی دەبەن و لە نامەکەی 1982/9/28دا بە(برای خۆشەویست مامۆستا ئازادی بەڕێز) ناوی دەبەن. ئەو نامانە لە لای منن و ئامادەم وێنەی فۆتۆگرافیی نامەکانی ئازادت بۆ بنێرم کە تێیدا جنێو بە سەرۆک هەڤاڵ ئەسەد و هێزی پێشکەوتنخوازی عارەب و سوپای سووریای قارەمان دەدات"[121]. جەلال تاڵەبانی، هەر بە پاسۆکەوە نەوەستاوە و گڕی قین و ڕقی دانەمرکاوەتەوە و خامۆش نەبووەتەوە، بەڵکە ویستوویەتی خەڵکی دیکەیش، لەکن بەعسی سووریا، دزێو بکات و خەڵکی دیکەیش بە فەتارات و گرتن و تێداچووندا بدات. تاڵەبانی، لە بڕگەیەکی دیکەی هەمان نامەیدا بۆ حەسەن ئەننەقیب، کە ڕێک وەک سیخوڕێک قسان دەکات و دێتە گۆ، و هەر دەڵێی نوێنەری عەرەب و پارێزەری سووریایە، دەنووسێت:"دەستەی ڕەسووڵ مامەند و دەستەی پاسۆک، لەگەڵ کوڕانی بارزانی و حیزبی کۆمۆنیستدا، خەریکی نەخشەدانانن بۆ دوورخستنەوەی عیراق لە هێزە پێشکەوتنخوازەکانی کوردی و عەرەبی و کەسایەتییە نیشتمانییە عیراقییەکان و نێوی هەمووان دەبەن و لەنێو ئەوانەشدا ئێوە، بە (بەکرێگیراوانی سووریا) و هەوڵ دەدەن یا خەون دەبینن بەوەی، کە جاڕی حوکوومەتێکی دیموکراتیی شۆڕشگێڕ لە کوردستان، بە سەرکردەیەتیی جود، بدەن، لە کاتێکدا ئەگەر ئێران خوارووی عیراقی داگیر کرد. جود، ئەو بەرە لادەرە دوژمنەی یەکیەتیی ڕیزەکانی عیراقییەکانە. دەمەوێت لەوەش ئاگادارتان بکەمەوە، کە نامە نێردراوەکانی ئێوە بۆ ڕەسووڵ و ئازاد، لەکن منیشن"[122]. بارزانی، نەک هەر لە ژیانیدا، بەڵکە بە ئاوارەیی و بە هەرەس و تەنانەت بە مردوویش، هۆی یەکخستن و جێگەی ڕێز و مایەی شانازی و خۆشەویستیی خەڵکی کورد بووە. بارزانی بە مردوویش هەر گەورە بوو و هەر ڕێزدار بوو. هەر بۆیە ئەوانەی بە زیندوویەتی خۆشیان دەویست و بە سەرۆک و باوکێکی نەتەوەییان دەزانی، بە مردوویەتییش، هەر بە ڕێبەر و پێشەوا و ڕێنیشاندەری خۆیانیان زانیوە و بۆ ڕوونکردنەوەی ڕێگەی شۆڕش و ئازادی کوردستانیش، بارزانی هەمیشە، سرووشبەخش و سەرچاوەی هزر بووە[123]. بارزانی، گەلێک مەزن بوو و ڕێک بە پێچەوانەی دەستەی ئیبراهیم ئەحمەد-جەلال تاڵەبانی و هاوبیرانیانەوە بووە. ئەو دەستەیە، هەمووده‌م هۆی جوێکردنەوە و لێکدوورخستنەوە و شەڕی کورد-کورد و بێزاریی خەڵکی کورد بوونە، وەلێ بارزانی، یەکخستنی ڕیزەکانی گەلی کوردی مەبەست بوو و گەلێک دڵگەورە و دڵفراوان بوو و خاوەنی پشوویەکی درێژ و تەحەممولێکی گەورە بوو. دوای ڕێککەوتنامەی 11ی مارسی 1970 و پاش ئەوەی ڕێژیمی بەعس و لە سەر زمانی سەرۆککۆماری ئەودەم ئەحمەد

---

[121] ڕێبوار(ئاسی ڕەباتی).،، هەڵوێستی..،ل43-44. جود(الجبهة الوطنية الديمقراطية): بەرەی نیشتمانیی دیموکراتی، کە لە پارتیی و حیزبی سۆسیالیست و حیزبی کۆمۆنیستی عیراق پێک هاتبوو و دواتریش پاسۆک بوو بە ئەندامی.

[122] سەرچاوەی پێشوو، ل88.

[123] پاش هەرەسی 1975 و گەڕانەوەی خەڵکی کورد، بۆ نێو بازێڕ و گوندەکانی خۆیان، ڕۆژێک بە فەرمانی حوکوومەتی بەعس، تەواوی وەرزێرانی ناوچەکانی سەنگاو و ئەغجەلەر و چەمچەماڵ، لە شارۆچکەی چەمچەماڵ، کۆ دەکرێنەوە. بورهان عەبدوڕڕەحمان ئەلتکریتی(برهان عبدالرحمن التكريتي)، کە یەکێک بوو لە سەرانی بەعس و بەرپرسیی حیزبی بەعس بوو لە کەرکووک، دێت و بە عەرەبی قسەیان بۆ دەکات. بورهان شوانی، قایمقامی چەمچەماڵ، کە کوردە، گوتەکانی ئەلتکریتی، بۆ ئەو خەڵکە دەکاتە کوردی. ئەو عالەمەش تازە گەڕاونەتەوە و هەموو تا ڕادەیەک وەڕس و کاس و هێری، بارە قورسەکەی هەرەسن. هەموو سەریان نەوی کردووە و چاویان بڕیوەتە زەوی و زۆریشیان بۆ خۆخڵەفاندن، چیلکەدارێکیان بە دەستەوەیە و لە عەردی دەدەن. بورهان ئەلتکریتی، چەند جارێک لە میانەی قسەکانیدا، نێوی بارزانی دەهێنێت، بەڵام بە خراپە، وەک ئەوەی دەڵێ، بارزانی بەکرێگیراو، و بارزانی چەتە و ڕێگر، و بارزانی خائین و لەو جۆرە شتانە. ئەو عالەمەش، لەگەڵ هەموو ناوهێنانێکی بارزانیدا، خڕ دەست بە چەپڵەلێدان دەکەن و قسە بە ئەلتکریتی دەبڕن. لە ئەنجامدا بورهان ئەلتکریتی، لە بورهان شوانی، دەپرسێت، کە ئەو بەزمە چییە! ئەویش بۆی ڕوون دەکاتەوە، کە ئەوانە هێشتا هەر لە خەیاڵی جارانیاندا دەژین و چەپڵە بۆ بارزانی لێدەدەن.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

حەسەن ئەلبەکر(احمد حسن البكر) و بە ڕاشکاوی لە سەر تەلەڤزیۆن و ڕادیۆوە، حیسابی هێزی نافەرمی و جاش و بەکرێگیراوی، بۆ حیزبی جەلالی کرد. بارزانی فەرمانی لێخۆشبوونی بۆ خۆیان و چەکدارەکانیان دەرکرد و لەگەڵ پارتیی دیموکراتی کوردستاندا، تێکەڵی کردنەوە. بارزانی بەو لێخۆشبوونەی لە جەلالییان، باوکایەتیی و مەزنی و ڕێبەرایەتیی خۆی پێشان دا، لێ من بۆ خۆم پێموایە، بەو لێخۆشبوونە، نەک هەر کارێکی باشی نەکرد، بەڵکە هەڵەیەکی گەورەیشی کرد، چونکە بەو کارەی جیاوازیی لە نێوان نێشتمانپەروەر و نانیشتمانپەروەر، و دڵسۆز و نادڵسۆز، و دۆست و دوژمن، و شۆڕشگێڕ و کۆنتراشۆڕشگێڕ، و جاش و پێشمەرگەدا، نەهێشت. بەو کارەی، بارزانی، نەریتێکی هێنایە گۆڕێ و کردی بە قانوون و بوو بە باو، کە ئیدی هەموو کوردێک دەیتوانی و دەتوانێت، تا پێی بکرێت، جاشایەتی و خیانەت لە کورد و کوردستان بکات و پاشانیش بێتەوە ڕیزی پێشمەرگە و شۆڕش و بەرەی گەل و هیچ پرسیارێکیشی لەمەڕ ڕابوردوویەوە، لێ نەکرێت، کە چ تاوانگەلێکی بەرانبەر وڵات و گەلەکەی کردووە. لە هەرچی شوێنێکی ئەم جیهانە بنۆڕیت، هیچ بزاڤێکی شۆڕشگێڕ، لە کەسانی خیانەتکار و کۆنتراشۆڕشگێڕ، خۆش نابن، بەڵکە لێیان دەپرسنەوە و بە گوێرەی تاوانەکانی خۆیشیان، سزایان دەدەن. ئێستاش جوولەکە، کە بۆ خۆیان دژایەتی شۆڕش و بزاڤی ئازادیخوازیی فلستینی دەکەن و فلستینییان دەچەوسێننەوە، بە شوێن قەرزی کۆن و تۆڵەسەندنەوەدا دەگەڕێن و لە هەموو کون و قوژبنێکی ئەم جیهانەوە، خەڵکانی تاوانکاری سەردەمی نازیزم و فاشیزم، کە هی وایان تێدایە، تەمەنیان خۆ لە 80 و 90 ساڵ دەدات، دەگرن و دەبەنەوە ئیسرائیل و دادگاییان دەکەن و تۆڵەی ئازاردان و زیانپێگەیاندنی جوولەکەیان لێ دەکەنەوە. ئەگەر بێتۆ ئەو لێپرسینەوەیە و لێهەڵپێچانەوەیە نەبێت، ئەوا هیچ بنگە و چوارچێوە و پێوەرێک نامێنیت، بۆ پێناسەکردنی، شۆڕشگێڕ، پێشمەرگە، جاش، خیانەتکار، دز، ئازا، ترسنۆک، دەستپاک، ناپاک، داوێنپیس، دڵپاک، دڵپیس، باش. نەباش، خاپینۆک و تەواوی ئەو شتانەی دیکە، کە مرۆڤ باسیان لێوە دەکات. کەوابوو، هەرچی بەها و پەیڤ و چەمک و تیۆری و فەلسەفە و هزر و بروا هەن، ئیدی هیچ واتایەکیان نامێنێت و چ سنوور و جیاوازییەکیشان، لە نێواندا نامێنێت. بارزانی، بەو لێخۆشبوونەی، لە جەلالییان، ئەو ئاوەی، لە نێو بزاڤی کورددا ڕشت و ئیدی ئەوەتا، تا ئەوڕۆیش، هەر بەو جۆرە ڕۆیشتووە و دەڕوات. ئەوەی بارزانی لەگەڵ جەلالییان کردی، تا ڕادەیەک لەو کردەوەیەی پەیامبەری ئیسلام(موحەممەد) دەچێت، کە لە کاتی گرتنی مەککەدا ئەنجامی دا. پاش ئەوەی ئیسلام بووبووە هێز و لەشکر و توانستی جەنگ و داگیرکردن، یا ڕزگارکردنی شوێن و دەڤەری دیکەی هەبوو و پەیدا کردبوو، ئیدی لەشکری ئیسلام، بە ڕێبەریەتی موحەممەد، لە مەدینەوە بەرەو مەککە، کەوتنە ڕێ. کە گەیشتنە مەککە و لەگەڵ خەڵکی مەککەدا بوو بە شەڕیان، موحەممەد، لە پێناوی ئەوەی خوێنێکی زۆر نەڕژێت و خەڵکانێکی زۆر نەکوژرێن، فەرمانێکی دەرکرد و جاڕی ئەوەی دا، کە"من دخل بيت ابوسفيان فهو آمن"، واتە: هەر کەسێک لە خەڵکی مەککە، بچێتە نێو ماڵی ئەبوو سووفیانەوە، ئیدی بە خاوەن بروا دەژمێردرێت و دەپارێزرێت. بێگومان خەڵکی مەککەیش، لە تاو گیانی خۆیان، چوونە نێو ماڵی ئەبووسوفیان و بەو کارەش خۆیان لە کوشتن ڕزگار کرد، لێ بڕواهێنانیان بە ئیسلام، کارێکی ڕووکەش بوو و تەنێ بە ڕواڵەت بوونێ، نەک بە دڵ، لە دڵی خۆیاندا، هەر لە سەر بیر و بڕوای خۆیان مابوونەوە و هەمیشە چاوەنۆڕی ڕۆژێک بوون، تۆڵەی ئەو تێشکان و دۆڕانە مەزنەی، کە وەک خێڵ، وەک هۆز، وەک قورەیش و وەک عەرەب، لە سەر دەستی ماڵباتی هاشم، بەنی هاشم(بني هاشم)، کە دەکاتە: بنەماڵەی پەیامبەر، بە سەریاندا هات، بکەنەوە. ئەنجام و نیشانەیەکی، زەق و لەبەرچاوی، ئەو دووڕوویی و ساختەکارییەی، ئەوانەی چوونە نێو ماڵی ئەبووسوفیانەوە، پاشتر، لە دژایەتیکردن و کوشتن و قڕانی، ماڵباتی پەیامبەر و عەلی و ئالولبەیتدا



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

(اهل البيت)دا، دەرکەوت، کە ئیدی بە هەموو شێوەیەک، کەوتنە بەر، کاری نامرۆڤانە و درندانەی ئەمەوییان و ماڵباتی ئەبووسوفیان. گەڕانەوەی جەلالییان، بۆ نێو پارتیی دیموکراتی کوردستان و ژێر سەرکردەیەتیی بارزانی، هەر ڕێک وەک ئەو چوونە نێو ماڵی ئەبووسوفیانەی قورەیشییانی مەککە بوو. هێڵی ئیبراهیم ئەحمەد(جەلالییان) لە ئەوپەڕی لاوازیی و بێدەسەڵاتییاندا بوون، کە بارزانی بەو شێوەیە مامەڵەی لەگەڵ کردن، لێ جەلالییان هەر ئەو دەمەیش، کە چوونە نێو پارتیی دیموکراتی کوردستان و ژێر سەرکەردەیەتیی بارزانی و نێو هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە، بەردەوام هەوڵی بنکۆڵکردنی ئەو حیزب و شۆڕش و بزاڤ و پێشمەرگە و سەرکردەیەتییەیان دەدا. ئەوان دەیانەویست بیرووخێنن و شوێنەواریشی نەهێڵن. ئەوان دەیانەویست نێوی بارزانی، بە تەواوی بسڕنەوە و مێژوویەکی پەنجاساڵەی کورد و بزاڤی کورد و وڵاتی کوردستان، سەرلەبەری لە دیرۆکی کورد و بیرگەی مرۆڤی کورد، دەرهاوێژن و بە مێژووی شکۆداری جاشایەتیی خۆیان، ئەو پەنجاساڵە پڕ بکەنەوە. هێڵی ئیبراهیم ئەحمەد (جەلالییان)، لە ژێر هەر نێوێکدا کاریان کردبێت و بە هەر شێوەیەک خۆیان دابێتە ناسین و هەر ئایدیۆلۆژیاییەکیان بۆ خۆیان هەڵبژاردبێت و کێ ڕێبەر و سەرکردە و کێ بنکردەیان بووبێت و لە هەر شوێن و جێگەیەک بووبن، نەک هەر بە زیندوویەتی، بەڵکە بە مردوویش زەندەقیان لە بارزانی چووە و بە دژوارترین گرفتی خۆیانیان داناوە. بە مردوییش لێی تۆقیون و هەوڵی سڕینەوەی، گشت شوێنەوارێکی ئەویان داوە. ئەو ترسە، وەنەبێ تەنێ ساڵانی هاریکارییان لەگەڵ ڕێژیمی بەغدا و تاران و سووریا و ئەوانەدا، لێنیشتبێت و کاری تێ کردبن و ئیدی بڕابێتەوە، نەخێر، بەڵکە کاریگەرییەکی هێندە لەبەرچاو و بەهێزی، لە هەڵوێست و ڕەوتار و گوتاری ئەواندا(جەلالییان) هەبووە، کە لە هەموو نەوە و وەچەکانی کۆن و نوێیاندا، ڕەنگی داوەتەوە و بە زەقی خۆی نواندووە. ئەوەتا ساڵانێکی پاش ئەو لێخۆشبوونەی بارزانی، کەسێک، کە بە حیسابی خۆی و خۆیان، گوایە جەلالییەکی، لە فلتەردراوی، بێ خەڵتە و پاک و لە پاڵاوگە دەرچووە، پەیدا دەبێت و دەیەوێت پاداشتی، ئەو چاکەیەی بارزانی بداتەوە، لێ بە جۆرێکی دیکە. بە جۆرێک، کە تەنێ شاگردانی فێرگەکەی ئیبراهیم ئەحمەد(جەلالییان) و خەڵکانێکی کورد گوتەنی"نمەک حەرام"، پەی پێ دەبەن، دەنا هیچ مرۆڤێکی خودان یەک ڕێزە وێژدان و یەک گەردیلە ئاوەز و هزر و هەستی مرۆڤانە، ناتوانێت بیری بۆ وەها کارێک بچێت. مەلا بەختیارێک پەیدا دەبێت، کە بە هەموو پلە و پلیکانەکانی جەلالییەتیدا هەڵزناوە و کۆمەڵەیی و ئاشییش بووە، بە بۆگەنترین ڕێگە و دزێوترین شێواز و ترسنۆکانەترین ڕەوتار، دەیەوێت تۆڵەی هەموو مێژووی جاشایەتیی حیزبەکەی و ڕێبەرانی ئەو بزاڤ و فێرگەیەی، کە ئەو بۆ خۆی تێیدا بارهێنراوە و پێگەیێنراوە، لە بارزانی بکاتەوە، نەک بە زیندوویی، چونکە نە ئەو و نە سەرکردەکانی ئەو و نە چەکدارەکانی ئەو و نە بیرمەندان و تیۆریزانانی ئەو ڕێبازەی ئەو، هەرگیز هێندە بوێرییان تێدا نەبووە، کە بتوانن بەرانبەر بارزانییەکی زیندوو، بکۆکن و بخوێنن و زار بکەنەوە. مەلا بەختیار، بە مردوویی دەیەوێت، ئەو تۆڵەیە بکاتەوە. ڕۆژی 1979/3/1، بارزانی لە ئەمەریکا، کۆچی دوایی کرد و هەواڵەکە لە ڕادیۆدا بڵاو بووەوە و پاشان تەرمی بارزانی برایەوە بۆ کوردستان، بۆ ئەوەی لە شنۆ بە خاک بسپێردرێت. موحەممەدی حاجی مەحموود، باسی هەڵوێستێکی "زۆر جوامێرانەی" مەلا بەختیار دەکات و دەڵێت:"ئەو شەوە زۆر کەس لە مەقەڕەکانی یەکێتی کە گەنج و کۆمەڵە بوون تەقەی خۆشیان کردوو کۆبوونەوەو مەلا بەختیار بڕیاریدا هێزێکی (200) کەسی بەرێت بۆ شنۆ و جەنازەکەی مەلا مستەفا بگرن و ڕێگای نەدەن هەر کەس لەگەڵی دایە بیگرن..مەلا بەختیار هێزەکەی لە مەهابادوو هەندێک لە نەغەدە ئامادەکردبوو بۆ ئەو کارە خۆی و کاک شەوکەتی حاجی مشیرو دوو سێ کەس بە سەیارە چووبوون بۆ تاقیبی. ئەو ڕۆژە جەنازەی مەلا مستەفا دەگاتەوە ئەو هەموو عەشایەرەو



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

کوردی ئێران و هەمووی بە چەکەوەو سەیارەیەکی زۆرو...ئەمان ترسابوون نەک نەیانتوانی بە(200) کەسەوە بچنە سەریان بەڵکو خۆشیان لە دەستی کوردی ئێران و عەشایەری ناوچەکە بۆ دەرباز نەدەکراو گەڕابوونەوەو بە سوتفە من چوومە سەرکردایەتی کاک مەلا بەختیارو کاک شەوکەتم دی و وتیان لە کارەکەمان سەرنەکەوتین من وتم کاکە ئینسان مرد شەیتان وازی لێ دەهێنێ. ئێوە بۆ خۆتان بە شتی وا مەشغول دەکەن. کاک مەلا بەختیار پێکەنی و وتی: ئەگەر دەمانگرت دەبوو جەنازەکە بسووتێنین کوڕەکانیشمان بە دیلی دەهێنا، هەروەها نادر هەورامی و چەند کەسمان لەناو سەیارەکە دیوەو ئەوان ئێمەیان نەناسیوە کە ئەوە من وتم باش نیەو دەبوو بروسکەی تەعزیەتان بۆ بکردایە باشتر بوو، چونکە مردن نابێت کەس پێی خۆشبێت هەتا پێشی خۆشبێت نابێ ئاشکراو بەو شێوەیە باسی بکەن"[124]. ئەگەر دیرۆکی ئیسلام بڕگەیەکی تێدا هەبێت، کە درەوشاوەترین و خاوێنترین بڕگەی بێت و شایستەی شانازی بێت، ئەوا ئەو بڕگەیەیەتی کە بە ئیمام عەلی و ئیمام حوسەین و ئالولبەیت(بنەماڵەی ئیمام عەلی)ەوە گرێدراوە. ئەمەوییەکان و موعاویەی کوڕی ئەبوو سوفیان و یەزیدی کوڕی موعاویە، وەک تۆڵەسەندنەوەیەک لە بنەماڵەی پەیامبەری ئیسلام و ئالولبەیت و نەوەکانیان و بۆ سڕینەوەی ئیسلام، ئیمام عەلییان شەهید کرد و جەنگی کەربەلایان ساز کرد و ئیمام حوسەینیان شەهید کرد و تەواوی بنەماڵەی عەلی و حوسەینیان شەهید کرد و ئەوانەیش لەو بنەماڵەیە مانەوە سەرگەردانیان کردن. ئەگەر دیرۆکی کوردیش بڕگەیەکی تێدا هەبێت، کە درەوشاوەترین و خاوێنترین بڕگەی بێت و شایستەی شانازی بێت، ئەوا ئەو بڕگەیەیەتی، کە پێوەندی بە بارزانییەوە هەیە. دیرۆکی ئیسلام، بێ بڕگەی ئیمام عەلی و ئیمام حوسەین و ئالولبەیت، دەکاتە دیرۆکی ستەم و ساختەکاری و درۆ و دزی و کوشتن و هەڵە و چەوساندنەوە و شۆڤینیزم و تالان و ڕاووڕووت و چەپاو و چەتەیی. دیرۆکی کوردیش، لە 1964 ەوە، بێ بارزانی، دەکاتە دیرۆکێکی ساختە و چەواشەکار و خاپێنەر و خیانەتکار و خوێندنەوەیەکی چەوت و هەڵە و شێواوی مێژووی کورد، کە ئەویش خوێندنەوەیەکی جەلالییانەی مێژووی کوردە. مەلا بەختیار و جەلالییانی هاوبیری، هەمیشە هەوڵی بنبڕکردنی بارزانی و نێوی بارزانییان داوە و هەوڵی سووتاندنی تەرمی بارزانییش لە لایەن مەلا بەختیار و دەستەکەیەوە هەر بۆ سڕینەوەی وشەی بارزانی و مێژوو و نێوی بارزانی بووە، کە مێژووی گرنگترین نیوسەدە و پتری کوردە، لە فەرهەنگی سیاسی و دیرۆکی کورددا. من بارزانی ناخەمە ڕیزی ئیمام عەلی و ئیمام حوسەینەوە، لێ نێزیکایەتی و لێکچوونێک لە نێوان ئەو هەڵوێستەی مەلابەختیار و جەلالییانی هاوسەنگەریدا و بۆچوونی ئەوان و هەڵوێست و بۆچوون و ڕەوتاری یەزید و موعاویە و ئەمەوییاندا هەیە، چونکە هەردوولایان سڕینەوە و نەهێشتن و بنبڕکردنی شوێنەواری ڕاستی و خاوەنی ڕاستییەکانیان و بەوەش بەشی هەرەگرنگی دیرۆک و نیشانەی ئایین و نەتەوەکەیان (لەکن ئەمەوییان) و نەتەوەکەیان (لەکن جەلالییان) مەبەست بووە[125]. وەک

[124] محمود..، ڕۆژژمێری..،بەرگی یەکەم، ل469-470.

[125] لە چیرۆکی چلەی ئیمام حوسەیندا، کە باسی بردنی سەری ئیمام حوسەین دەکات، پاش شەهیدبوونی، لە کووفەوە بۆ شام بۆ بەردەم یەزیدی کوڕی موعاویە. ئیبن ئەلجەوزی(ابن الجوزي)، کە مێژوونووسێکی عەرەبە، دەگێڕێتەوە، کە لەشکرەکەی عەبدوڵڵای کوڕی زیاد(عبدالله بن زیاد)، لە گەڕانەوەیاندا بەرەو شام، دوای سەرکەوتنیان لە کەربەلا و جەنگی حوسەین و هاوڕێیانیدا، کە دەگەیشتنە هەر شوێنێک و بۆ پشوودان ڕادەوەستان، وەک هەموو جارێک سەری ئیمام حوسەینیان لەو سندووقەی، کە بۆیان ئامادە کردبوو و تێیدا دایاننابوو، دەردەهێنا و لە سەر ڕمێکیان دادەنا و ئێشکیان دەگرت. کە شەویان بەسەردا دەهات، وەک هەموو جارێک هەر ئەو کارەیان دەکرد و بە درێژایی شەو بە دیار ئەو سەرەوە ئێشکیان دەگرت. لەو ڕێگەیەدا گەیشتنە شوێنێک، کە دێرێکی مەسیحییانی لێبوو. لە دێرەکەدا ڕەبەنێک(قەشەیەک)ی مەسیحی لێبوو. سەرەکەیان وەک هەموو جارێک دەرهێنا و وەک هەموو جارێک خستیانە سەر ڕمێک و ڕمەکەیان پاڵدایە دیواری دێرەکەوە و ئێشکیان بەدەورەوە گرت. کە بوو بە نیوەی شەو ، ڕەبەنەکە دیتی ڕۆشناییەک لە جێی سەرەکەوە بەرەو حەلحەلەی ئاسمان درێژ بووەتەوە. ڕەبەنەکە لەو خەڵکە



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بەردەوامیی و درێژەپێدان و تەواوکردنێکی ئەو کارەی مەلابەختیار و جەلالییانی هاوبیری، ماوەیەکی دواتر هەر بەو مەبەستەی مەلابەختیار و جەلالییان، خەڵکانێکی دیکەی، سەربە ڕێژیمی بەعس و نەیارانی کورد و دژە مێژووی کورد و دژە هەموو نەریت و ڕەوشتێکی مرۆڤانە، تەرمی بارزانییان لە گۆڕەکەی، کە لە شاری "شنۆ"ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو دەرهێنا و فڕێیاندایە بڕێک دووری گۆڕەکەی و لە ئەنجامیشدا ئاژاوەیەکیان لە نێوان پارتیی دیموکراتی کوردستان و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا ساز کرد. ڕەنگە نیشانە و ناسنامە و سیمبۆڵی نەتەوەیی و ئایینی و ئایدیۆلۆژی، یا تەنانەت نەتەوە و ئایین و ئایدیۆلۆژیا بۆ خۆیشیان، وەک شت یا ماددە یا چەمکێک، هێندەی مرۆڤ بۆ خۆی، کە دۆزەرەوە و داهێنەر و دامەزرێنەری ئەوانەیە، گرنگ نەبن و هی ئەوە نەبن، کە هێندە جێی بایەخ و گرنگیپێدان بن و ببنە پیرۆزییەکی ڕەها و بێگەرد و هەڵەهەڵنەگر، لێ لەگەڵ ئەوەشدا نەوە لە دوای نەوە و بە درێژایی مێژوو، مرۆڤ وەک دڵدانەوەیەکی خۆی و وەک ڕێزێک بۆ ساڵانێکی کار و خەبات و تێکۆشانی ئەو نیشانە و سیمبۆڵانە و وەک پاداشدانەوەیەکی ماندووبوونیان یا هیچ نەبێت وەک پێزانینێک، یادگارێکی لەوانە، کە ئەگەر مرۆڤگەلێک بن و لە سەردەمێکدا ژیابن، هێشتووەتەوە و بەچاوی ڕێز و خۆشەویستییەوە لێیانی نۆڕیوە. مەلا مستەفای بارزانییش لەکن کورد یەکێکە لەو نیشانانە، ئەگەر گرنگترینیان نەبێت[126].

---

چەکدارانەی، کە سەری ئیمام حوسەینیان پێبوو، پرسی: ئێوە کێن؟ ئەوانیش گوتیان: ئێمە هاوڕێیانی عەبدوڵلای کوڕی زیادین. گوتی: ئەی ئەوە سەری کێیە؟ ئەوانیش گوتیان: ئەوە سەری حوسەینی کوڕی عەلی کوڕی ئەبی تالیب، کوڕی فاتیمەی کچی پەیامبەری خودایە. گوتی: ئەمە سەری کوڕی کچی پەیامبەرەکەتانە؟ گوتیان: بەڵێ. گوتی: ئێوە خراپترین خەڵکن. ئەگەر مەسیح کوڕێکی هەبووایە ئێمە لە ناو بیلبیلەی چاوەکانی خۆماندا دامان دەنا. پاشان گوتی: شتێکتان پێ بڵێم! گوتیان: چییە؟ گوتی: دەهەزار درهەمم هەیە لێموەرگرن، ئێوەش سەرەکەم بدەنێ هەموو شەوەکە لای من بێت، کە وەڕێکەوتن سەرەکەتان دەدەمەوە. گوتیان: باشە، خۆ ئەمە چ زیانێکی ئێمەی تێدا نییە! ڕەبەنەکە سەرەکەی لێوەرگرتن و پارەکەی دانێ. سەرەکەی برد و شۆردی و بۆنی خۆشی لێدا و لای خۆی و لە سەر ڕانی خۆی دانا و هەموو شەوەکە بە دیارییەوە گریا. کە ڕۆژ بووەوە بە سەرەکەی گوت: ئەی سەر من لە خۆم زیاتر خاوەنی هیچ نیم و منیش(اشهد ان لا اله الا الله وان جدك محمدا رسول الله صلى الله عليه واله وسلم. اشهد انني مولاك)، واتە: شایەتی دەدەم کە هیچ خودایەک بێجگە لە ئەڵڵاه نییە و کە باپیرت موحەممەد دروودی خودا و سڵاوی خودا لە خۆی و نەوەکانی بێت، نێردراوی خودایە. شایەتی ئەوە دەدەم کە من بچووکی تۆم. کابرای ڕەبەن ئیدی دێرەکەی و هەرچی تێدا بوو بەجێهێشت و لێی دەرچوو و کەوتە خزمەتکردنی ئالولبەیت.

[126] ئێستاش تەرمی "لێنین"، لە تەلاری "کریملن"، لە مەیدانی "سوور"، لە "مۆسکۆ"، لە ڕووسیا، پارێزراوە و وەک خۆی و بە جلەکانی بەرییەوە ڕاکشاوە و ڕۆژانەش هەزاران مرۆڤ دەچنە سەردانی. "دیمێترۆڤ"ی بولگاریا و "تیتۆ"ی یۆگوسلاڤیا و "دیگۆل"ی فرانسە و "ماو"ی چین و سەدان کەسایەتی و مرۆڤی ناسراوی دیکە لە بوارە جیاوازەکانی ژیاندا، وەک ئەوانە نموونەگەلێکن، کە ئێستاش خەڵک دەچنە سەر گلکۆکانیان و یادیان دەکەنەوە.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com